





# ڕۆژنامە

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

No.345 Thu 13/ 11/ 2008 | نرخ 500 دینار | ژمارە 345 پێنجشەممە 13/ 11/ 2008



ئەردۆغان‌و بارزانی کامیان دەیبەنەوە؟ ل ٤

نەوت یاری بە هاوڵاتییان دەکات ل ٨

کەلار نیوەی کۆیە بودجەی دەدرێتێ ل ١٢

شەڕی چەک یاخود شەڕی چێک ل ١٨


## مەسعود بارزانی: کوردستان مۆدیلێکە بۆ عێراق

# دیبلۆماتێکی ئەمریکی: کوردستان مۆدیلێکە لە هەڵە

**هێمن لهۆنی**

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، باس لەوە دەکات کە ئێستا کوردستان مۆدێلێکی گەشەکردووی دیموکراسییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو پێیوایە کوردستان دەتوانرێت وەک مۆدێلێک بۆ عێراق بگوازرێتەوە.

سەرۆکی هەرێم، ئەو بۆچوونەی لە وتارێکیدا خستووەتەڕوو کە لە ژمارەی دوێنێی ڕۆژنامەی وڵ ستریت جۆرناڵی ئەمریکیدا بڵاوی کردووەتەوە، هاوکات ڕۆژنامەی فایننشاڵ تایمزی بەریتانی، لەژمارەی دوێنێیدا ڕاپۆرتێکی لەبارەی ڕەوشی کوردستان بڵاوکردووەتەوەو تێیدا ئەو بانگەشەی سەرکردایەتی کورد بۆ لەقەڵەمدانی کوردستان بە «مۆدیلێکی نوێ بۆ عێراق» بە «کارێکی سەخت» ناو دەبات، دیبلۆماتێکی باڵای ئەمریکاش لە بەغدا، کە قسەکانی لە ڕاپۆرتەکەدا بەکارهاتووە، دەڵێت: «کوردستان مۆدیلێکە لە هەڵە».

لە وتارەکەیدا لە وڵ ستریت جۆرناڵدا، سەرۆکی هەرێم نووسیویەتی: «ڕێگایەکی سەخت بەرەو دیموکراسی‌و عەلمانییەت بە هاوکاریی ئەمریکا بڕراوە، ئێستا هەرێمی کوردستان کۆمەڵگەیەکی مەدەنی گەشەکردووە لە دڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو پێویستە ئیدارەی ئۆباماو بایدن هاوکاریی ئەم سەرکەوتنە قوربانیی بۆ دراوە بکەن».

بۆ ل٢

---

### سەرباری داواکاری مالیکی بۆ دژایەتی نەکردن

## یەکێتی سوورە لەسەر دژایەتیکردنی ئیسناد

**پشتیوان سەعدوڵڵا**
**عیماد زەنگەنە**

یەکێتی دژایەتیکردنی خۆی بۆ پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئیسناد لە کەرکوک دووپات دەکاتەوە، نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عیراقیش داوا لە پارتی‌و یەکێتیی دەکات دەستبەرداری دژایەتیکردنی پێکهێنانی ئیسناد بن لە کەرکوک.

ڕەفعەت عەبدوڵڵا، لێپرسراوی مەڵبەندی کەرکوکی یەکێتیی، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە دووپاتیکردەوە کە ئەوان بە هەموو شێوەیەک دژی چەکدارکردنی عەرەبەکانن، چونکە مەترسیی بۆ ئایندەی شارەکە هەیە «ئەگەر فەوج بۆ عەرەبەکانی کەرکوک دروست بکرێت، ئەوکاتە ڕێکخراوتر دەبن، کە ئەمەش شتێکی باش نابێت‌و هاوسەنگیی پێکهاتەکانی کەرکوک دەگۆڕێت، بۆیە تا بتوانین ڕێگر دەبین لە کردنەوەی ئەو فەوجانە».

وتیشی: «ئێستاش نوێنەرمان لە بەغدایە بۆ ئەو مەبەستە».

هاوکات نوری مالیکی، سەرۆک وەزیری عێراق، داوای لە پارتی‌و یەکێتیی کرد دەستبەرداری دژایەتیکردنی پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی ئیسنادبن لە کەرکوک‌و ڕێگریی نەکەن لە دروستکردنی ئەو ئەنجومەنانە.

هەر لەو چوارچێوەیەدا چەند ڕۆژێکە هەردوو مەڵبەندی دووی یەکێتیی‌و لقی سێی پارتی لە کەرکوک، دەستیان کردووە بە کۆبوونەوە بۆ ڕێگریکردن‌و دەستنیشانکردنی چەند کەسێک بۆ پەیوەندیکردن بە ئەنجومەنەکانی ئیسنادەوە، بەو مەبەستەی کە ترسیان لەوە هەیە عەرەبەکانی ناوچەکە لە ڕێگەی ئەو ئەنجومەنانەوە دەست بەسەر پارێزگاکەدا بگرن.

ماوەیەک پێش ئێستا نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، بڕیاری پێکهێنانی ٥٠ فەوجی بۆ عەشایەرەکانی پارێزگای کەرکوک دا، کە ١٢٥٥٠ چەکدار لەخۆ دەگرێت.

## پەرلەمان: حکومەت پلانی نییەو وەزارەتەکان لەیەکتری بێئاگان

بۆ ل٢

---

## (CPJ)و پەیامنێرانی بێسنوور داوای ئازادکردنی شوان داودی دەکەن

**ڕۆژنامە**

هەریەک لە ڕێکخراوەکانی پەیامنێرانی بێسنوورو کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەنووسان (CPJ)، داوای ئازادکردنی شوان داودی سەرنووسەری هەفتەنامەی هەواڵ دەکەن، کە لە ڕۆژی ٤ی ئەم مانگەوە بە تۆمەتی ناوزڕاندن لەلایەن دادگای سلێمانییەوە بە مانگێک زیندانیی حوکم دراوەو لە بەندیخانەدایە.

لە بەیاننامەیەکدا پەیامنێرانی بێسنوور، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن «ئەو بڕیارە ڕاست نییەو کاری پێناکرێت، لەبەر ئەوەی پشتی بە یاسایەک بەستووە کە ئێستا نەماوەو کار بە یاسا نوێیەکەی پەرلەمانی کوردستان نەکراوە کە لە مانگی سێپتەمبەری ڕابردوودا پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کرد، کە بەندکردنی ڕۆژنامەنووسی تێدا قەدەغەکراوە، هەر بۆیە داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەو ئازادکردنی شوان داودی دەکەین».

لە لایەکی دیکەوە کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەنووسان، کە بنکەکەی لە نیویۆرکە، لە نامەیەکدا کە ئاراستەی وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە، بەندکردنی شوان داودی بە پێچەوانەی یاسای ڕۆژنامەگەریی کوردی دەزانن، هەروەک لە نامەکەدا هاتووە «شتێکی مەترسیدارە کە ڕۆژنامەنووس بەند بکرێت، لەکاتێکدا پەرلەمان یاسایەکی نوێی بۆ کاری ڕۆژنامەگەریی پەسەندکردووەو بە هەموو شێوازێک بەندکردنی ڕۆژنامەنووسانی قەدەغە کردووە».

لە بەشێکی دیکەی نامەکەی کۆمیتەی بەرگریکردن لە ڕۆژنامەنووسان (CPJ)دا هاتووە کە ئەو بڕیارەی دادگا لە کاتێکدا بووە کە یاسا نوێیەکە لە ٢٠ی ئۆکتۆبەردا لە «وەقایعی کوردستان»دا بڵاوکراوەتەوە.









This is trial version
www.adultpdf.com

کورد پشتگیریی تەسلیمکردنەوەی دۆسیەکە دەکات

# بەرەی تورکمانی: کاتی ئەوە نەهاتووە دۆسیەی ئەمنیی کەرکوک بدرێتەوە دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک



فۆتۆ: کۆچەر کەرکوکی

**بەهادین یوسف**

کورد پشتگیریی لە گەڕانەوەی دۆسیەی ئەمنیی پارێزگای کەرکوک دەکات بۆ هێزە ئەمنییەکانی کەرکوک، تورکمانەکانیش پێیانوایە تا تەواوبوونی کاری لیژنە پەرلەمانییەکەو ڕێکخستنەوەی هەیکەلی بەڕێوەبردنی پۆلیسو پێکهێنانی فیرقە نوێیەکەی سوپای عێراق، کات لەبارنییە بۆ گواستنەوەی دۆسیەی ئەمنی بۆ هێزە عێراقییەکان لە کەرکوک.

لیوا جەمال تاهیر، فەرماندەی پۆلیسی کەرکوک، ئاشکرایکرد هێزەکانی پۆلیسی عێراق ئامادەن بۆ وەرگرتنەوەی دۆسیەی ئەمنیی کەرکوک لە هێزەکانی فرەڕەگەزو توانای دابینکردنی ئاسایشی ناوچەکەیان هەیەو کۆنترۆڵی تــەواوی بارودۆخی ئاسایشی پارێزگاکەیان کردووەو ئارامیی بارودۆخی پارێزگاکەش بەهۆی ئەدای دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوکەوەیە.

ئـەم قسانەی فـەرمـانـدەی پۆلیسی کەرکـوک دوای لێدوانێکی موەفەق روبەیعی، راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراق هات، کە رایگەیاندبوو «بە زووترین کات دۆسیەی ئەمنیی پارێزگاکانی کەرکوکو سەلاحەدینو دواتر بەغدا لە هێزەکانی فرەڕەگەزەوە رادەستی هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەکرێتەوە».

محەمەد کەمال، ئەندامی لیژنەی ئەمنیی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێیوایە رادەستکردنەوەی دۆسیەی ئەمنیی کەرکوک لە بەرژەوەندیی خەڵکی ناوچەکەدایە بەهۆی باشبوونی ڕەوشی ئەمنی لەچاو زۆربەی پارێزگاکانی تردا و بارودۆخەکە لەبارەو هێزە ئەمنییەکانی کەرکوک توانای وەرگرتنەوەی ئەو دۆسیەیان هەیە، ئاماژەی بەوەشکرد «هێزەکانی پۆلیس لەناو شارو لە دەرەوەش هێزەکانی پاسەوانی نیشتمانی هەنو دەتوانن ئاسایش بۆ ناوچەکە دابین بکەن، ئەمەش لە بەرژەوەندیی هەموو لایەکدایە».

سەبارەت بــەوەی لەم بارودۆخەی ئێستای کەرکوکدا کە چەندین گرفتی هەیە کاریگەری خـراپ بەجێناهێڵێت، ئەندامە کوردەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک پێیوایە «ئەو گرفتانەی کە هەن دەسەڵاتی پێشوو بەمەبەستی سیاسی دروستی کـردوون، گرفتی ئەمنی نینو نابنە ڕێگر لە رادەستکردنەوەی دۆسیەی ئەمنیو پێکهاتەکانی کەرکوکیش بەشداریی کاریگەریان هەیە لە دەزگا ئەمنییەکاندا».

لـە بـەرامـبـەردا تورکمانەکان بە پاساوی ئەوەی؛ تەوافوق نییە لە ئیدارەو بەڕێوەبردنی هێزەکانی پۆلیسی کەرکوکداو مەشقپێکراوو راهێنراو نین بۆ ئەو ئەرکەو ئەو فیرقەیەی بڕیارە لە کەرکوک دروست بکرێت، هێشتا بەتەواوەتی پێکنەهاتووەو رادەستکردنەوەی دۆسیەی ئەمنیی بۆ دەزگا ئەمنییەکانی شارەکە بە نالەبار دەزانن.

حەسەن تۆران، ئەندامی لیستی بەرەی تورکمانی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێیوایە دەزگا ئەمنییەکانی کەرکوک توانای وەرگـرتـنـەوەی دۆسیەکەو پاراستنی ئەمنییەتی کەرکوکیان نییە، بەوپێیەی بە وتەی ئەو «ئەگەر ئەو دۆسیەیان پێبدرێت، وەزعــی ئەمنی خراپتر دەبـێـتو هێزە ئەمنییەکان مەشقی تەواویان نەکردووەو فیرقە نوێیەکەی سوپای عێراق پێک نەهاتووەو هیچ تەوافوقێک لە بەڕێوەبردنی دەزگاکانی پۆلیسی کەرکوکدا نییە»، بە پێویستیشی دەزانێت دوا لێکۆڵینەوەیەکی وردو تـەواوبـوونـی کـارەکـانـی لیژنە پەرلەمانییەکە لە کەرکوکو ئامادەیی تــەواوی دەزگـا ئەمنییەکانو دۆسیەی ئەمنیی پارێزگای کەرکوک رادەستی هێزە عێراقییەکان بکرێتەوە.

## سەرۆکی لیژنەی نەوتو گاز لە پەرلەمان:

# حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو نەوتەی دەریهێناوە، بەکاری بهێنێت

**ئەلەند مەحوی**

سـەرۆکـی لیژنەی نــەوتو گاز لە پەرلەمانی عـێـراق، ئاشکرایکرد حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو نەوتەی کە دەریهێناوە، بیپاڵێوێتو لە ناوخۆدا وەکو موشتەقاتی نەوت بیفرۆشێت، بـەڵام دەبێت بە نرخی نێودەوڵەتی بێتو پارەکەشی بچێتە سندوقی عێراقی فیدراڵییەوە.

د. عەلی بەلو بە رۆژنامەی راگەیاند: هەتا پـرۆژەیـاسـای نــەوتو گـاز لە پەرلەمانی عێراقدا پەسەند نەکرێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان ناتوانێت ئەو نەوتە بنێرێتە دەرەوە بۆ فرۆشتن، چونکە نەوت تەنها لە ڕێگەی کۆمپانیای سۆمۆوە دەنێردرێتە دەرەوەی عێراق بۆ فرۆشتن، ئـەو کۆمپانیایە تەنها ڕێگەپێدراوی حکومەتی عێراقە بۆ گرێبەستی فرۆشتنی نەوتی عێراق.

د. عەلی بەلو، ئەوەشی خستەڕوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو نەوتە بەکاربهێنێت کە ئێستا دەرهێنراوە، ئەمەش بەشێوەیەک پاڵاوگەی گەورە دابنێت بۆ پاڵاوتنی نەوت، ئەوکاتە وەکو موشتەقاتی نەوت دەتوانێت بۆ کاروباری ناوخۆ بەکاری بهێنێت، ئەمەش پێویستە بەپێی نرخی نێودەوڵەتی بێتو پارەکەشی دەبێت بچێتە سندوقی میزانیەی عێراقی فیدراڵەوە.

ئەم لێدوانەی سەرۆکی لیژنەی نــەوتو گـاز لـە پەرلەمانی عێراق لەکاتێکدایە کە بەرپرسانی حکومەتی عێراق ئاماژە بەوە دەکەن کە لە هەرێمی کوردستاندا بە نهێنیو بە قاچاخ نەوتی هەرێم دەفرۆشێتو دەنێردرێتە دەرەوە.

نوری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، پێرێ لەکاتی گفتوگۆکردنی ئەنجومەنی وەزیـران لەسەر پرۆژە بـودجـەی ٢٠٠٩ی عـێـراقو پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان، وتوویەتی «دەبێت پێداچوونەوە بکرێت لەبارەی دابەشکردنی بـودجـە»، هێمای بۆ بوونی گەندەڵیو فرۆشتنی نەوت بە قاچاغو پابەند نەبوون بە دەستوور لە هەرێمی کوردستان کردووە، داوایکرد کە بودجەی هەرێم کە چەند ساڵێکە جێگیرکراوە بە ١٧٪، دەستکاری بکرێت.

# یاسایەک بۆ پاراستنی بەڵگەنامە لە کوردستان دادەڕێژرێت

**هەستیار قادر**

پرۆژەیاسایەک بۆ دامەزراندنی دەزگای پاراستنی بەڵگەنامەکانی کوردستان دەخرێتە بـەردەسـتـی پەرلەمانی کـوردسـتـان، کە لەلایەن ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستانەوە ئامادەکراوە.

پـەرلـەمـانـتـار، تـاریـق جـامـبـاز، ئەو پرۆژەیاسایەی ئامادە کردووە بەمەبەستی دامەزراندنی دەزگایەک بۆ پاراستنی بەڵگەنامە کوردییەکانو ئـەو بەڵگەنامانەش بەپێی هەستیارییان وادەی ئاشکراکردنیان لەو دەزگایە دەستنیشان دەکرێتو هەروەک لە پرۆژەکەدا داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێت کە بەڵگەنامەکانیان رەوانــەی ئەو دەزگایە بکەن.

تاریق جامباز، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە پرۆژەیاساکەی لە ڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کـردووە بەمەبەستی تاووتوێکردنی، تا بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی جیهان کار بۆ دامەزراندنی ئەو دەزگایە بکرێتو سەرجەم بەڵگەنامە ناوخۆییو دەرەکییەکانی تیا کۆ بکرێتەوە کە لەسەر کورد هەن.

هاوکات شەفیق قەزاز، سەرۆکی دەزگای ئەکادیمیای کوردی، ئاماژەی بە گرنگیی ئەو پرۆژە یاسایەداو روونی کردەوە کە پێویستە دەزگایەک هەبێت کە زانیاری لەسەر کورد تێدا بێتو کوردو بێگانەش بتوانێت کاری لەسەر بکاتو وتیشی: «ئێمە وەک ئەکادیمیای کوردی، تێبینییەکانی خۆمان لەسەر ئەو پرۆژەیاسایە دەدەینە حکومەت.

لەلایەکی ترەوە تاریق جامباز، جێبەجێکردنی یاسای بەدەستهێنانی زانیاریشی بەستەوە بە دامەزراندنی دەزگای پاراستنی بەڵگەنامە کوردییەکانەوەو وتی: «ئەگەر دەزگایەک نەبێت کە دیکۆمێنتی تیابێت، دەسەڵاتی چوارەمو رێکخراوە مەدەنییەکان ناتوانن زانیارییان دەست بکەوێت».

# پەروەردەی سلێمانی، مامۆستایان دەکاتە پاسەوانی مەکتەبەکانیانو وەزارەتی پەروەردەش ئاگای لەو بڕیارە نییە

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، بەبێ ئـاگـاداری وەزارەتــی پەروەردە، بڕیاری ئێشکگرتنی شەوانەی مامۆستایان لە قوتابخانەو خوێندنگاکاندان دەداتو مامۆستایانیش ئەو هەنگاوە بە سووکایەتی پێکردنیان دادەنێن.

بەپێی نووسراوێکی بەڕێوەبەرێتی پــەروەردەی چەمچەماڵ، کە ژمـارە (٧٤٧٥)ی لـەسـەرەو لە ڕۆژی ١١/٦ دەرچـــــووە، ئـاراسـتـەی سـەرجـەم قوتابخانەو خوێندنگاکانی سنوورەکە کراوە، ئاماژە بە جێبەجێکردنی بڕیاری ئێشکگرتنی مامۆستایان لە شەواندا دەکـــاتو تێیدا هــاتــووە «ئـامـاژە بە نـووسـراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پـەروەردەی سلێمانی ژمارە (٢٠٤٠٣) لە بـەرواری ٢٠٠٨/١٠/٢٨ ئاگادارتان دەکەینەوە بۆ پاراستنی قوتابخانەو خوێندنگاکان، بەپێی ڕێنمایی بڕیار درا بە دانانی مامۆستای ئێشکگری شەوانە لە سەرجەم قوتابخانەو خوێندنگاکان بەپێی خشتەی ڕۆژانە لەلایەن بەڕێوەبەرەوە دادەنـرێـت لە بـەرواری ٢٠٠٨/١١/١ جێبەجێ بکرێت».

کازم کۆیی، بەرپرسی راگەیاندنی وەزارەتــی پــەروەردە، بێئاگایی وەزارەتەکەیانی لە بڕیارەکە راگەیاندو جێبەجێکردنیشی رەتـکـردەوەو لەوبارەیەوە بۆ رۆژنامە وتی: «وەزارەتی پەروەردە ئاگاداری ئەو بڕیارە نییەو هەر لەخۆیانەوە بڕیارەکەیان دەرکـردووە، مامۆستایانیش مافی خۆیانە رەخنە بگرن، وە بە هیچ شێوەیەک کار بەو بڕیارە ناکرێت.



یەکێک لە دیمەنەکانی خۆپیشاندانی مامۆستایان — فۆتۆ: ئەرشیف

بـڕیـارەکـە یەکێتیی مامۆستایان ئیدارەی خوێندنگاکانی نیگەران کردو ئەو هەنگاوەیان بە سووکایەتیکردن بە مامۆستایان لەقەڵەم دا.

مامۆستا عەبدولڕەحمان سدیق، لێپرسراوی یەکێتیی مامۆستایانی چەمچەماڵ، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە ئاگاداری ئەو بڕیارەین کە پەروەردەی چەمچەماڵ ئـاراسـتـەی قوتابخانەو خوێندنگاکانی کـــردووەو بەهەموو شێوەیەک ئەوە رەتدەکەینەوە، چونکە بە رای ئێمە ئەوە سووکایەتیکردنە بە مامۆستایان.

مامۆستا کەمال نوری، بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکراکرد، کە لە کۆبوونەوەیەکدا قسە لەسەر پاراستنی قوتابخانەو خوێندنگاکان کـراوە لەلایەن مامۆستایانەوەو لەو بـارەیـەوە وتــی: «لەبەر ئــەوەی کە وا هەندێک لە قوتابخانەو خوێندنگاکان پێویستییان بە پاسەوان هەیە، ماوەیەک پێش ئێستا باسمان لەوە کرد، کەلە بەر بەرژەوەندی گشتیو پاراستنی ئەمنییەتی قوتابخانەکان پێویستە بەڕێوەبەرو مامۆستایان ئـاگـاداری قوتابخانەو خوێندنگاکان بن، بەڵام نەبووە بە بڕیار کە مامۆستا لە قوتابخانەکاندا بخەوێت».

وتیشی: «مـن لـەگـەڵ ئــەوەدا نیم کە مامۆستا بە بەتانییەکەوە شەو لە قوتابخانەدا بخەوێت، چونکە زەمانی بەعس بەسەرچوو کە زۆر لە خەڵک بکرێت».

نــوری رەحـــیـــم، بــەڕێــوەبــەری پەروەردەی چەمچەماڵیش، ئاماژە بەوە دەکات کە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سلێمانییەوە نووسراویان بۆ کراوەو بەو پێیە قوتابخانەو خوێندنگاکانیان ئاگادار کردووەتەوە، وتی: « ئەو بڕیارەی کە ئێمە بۆ قوتابخانەو خوێندنگاکان ناردوومانە، لـە خـۆمـانـەوە نییە، بەڵکو بڕیاری پەروەردەی سلێمانییەو ئێمەش بەو پێیە نووسراومان کردووە».

This is trial version
www.adultpdf.com

## بەیانیت باش کوردستان

### لە چەمچەماڵ خوێندنگەیەکی شەوانەی کچان دەکرێتەوە

**رانکۆ بەکر**

بۆ یەکەمجار لە قەزای چەمچەماڵ، خوێندنگەیەکی شەوانەی تایبەت بە کچان دەکرێتەوە.

نوری رەحیم، بەڕێوەبەری پەروەردەی چەمچەماڵ، بە رۆژنامەی راگەیاند: دوای ئەوەی کە داواکاریی زۆر بوو لەسەر کردنەوەی خوێندنگەیەکی شەوانەی تایبەت بە کچان، ئێمەش بیناو پێداویستییەکانمان بۆ دابینکردن‌و لە ئێستاشدا پۆلی یەک‌و دوو و سێی بنەڕەتیمان بۆ کردوونەتەوە.

### ٧٠ داواکراو لە موسڵ دەستگیر دەکرێن

**ئەمیر گۆران**
**موسڵ**

هێزەکانی پۆلیس‌و سوپای عێراق، لە چەند هەڵمەتێکی پشکنیندا لە گەڕەکەکانی ئینتیسارو وەحدەو قاهیرە لە خۆرهەڵاتی موسڵ، توانییان ٧٠ چەکداری داواکراو دەستگیر بکەن.

چەند رۆژێکە هەوڵەکانی سوپای عێراق بە مەبەستی راوەدوونانی یاخیبووان لە موسڵ، چڕتر کراونەتەوەو لەو چوارچێوەیەشدا چەندین تیرۆریست دەستگیرکراون.

عەمید خالید عەبدولستار، وتەبێژی فەرمی هەڵمەتە سەربازییەکانی موسڵ، لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامە ئاماژەی بەوەدا، لەنێو دەستگیرکراوەکاندا دووانیان پلەی ئەمیریان هەیە، کە یەکێکیان بە رەگەز سورییە.

ئەوەشی خستەڕوو کە لە چوارچێوەی هەڵمەتەکانیاندا دەستیان گرتووە بەسەر چەند پارچە چەک‌و تەقەمەنی‌و بەڵگەنامەیەکی تایبەت بە رێکخراوە چەکدارییەکان.

ئەم هەوڵانەی هێزەکانی عێراقی، دوای ئەوە دێت کە لە چەند مانگی رابردوودا لە موسڵ کردەوە تیرۆریستییەکان رووی لە زیادبوون کردبوو لە دژی هاوڵاتییانی مەدەنی‌و بەتایبەتیش مەسیحییەکان.

### بکوژی ژنێک خۆی تەسلیمی پۆلیس دەکات

**رۆژنامە**

لە شارۆچکەی حاجیاوای سەر بە قەزای رانیە، تۆمەتبارێک خۆی تەسلیمی هێزەکانی پۆلس کردووە.

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان، لە راگەیەنراوێکیدا کە ١١/١٠ بڵاویکردووەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە «دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکە بەدواداچوونی وردی کرد لە بارەی تاوانی کوشتنی (نەزاهەت عومەر مەحمود) کە لە شارۆچکەی حاجیاوای سەر بە قەزای رانیە کوژرا، رۆژی ٢٠٠٨/١١/٣ بە هاوکاریی هێزەکانی پۆلیسی فریاکەوتن‌و ئاسایشی سلێمانی، دوو تۆمەتباریان دەستگیرکرد، هەروەها رۆژی ٢٠٠٨/١١/١٠ تۆمەتباری سێیەم خۆی تەسلیم بە هێزەکانی پۆلیسی حاجیاوا کرد، کە بەپێی مادەی (٤٠٦) لە یاسای سزادانی عێراقی تۆمەتبارە».

### داوا دەکرێت کارەبای موەلیدە بکرێتە حەوت سەعات

**شارا عەبدولڕەحمان**

بورهان حاجی ئەحمەد، سەرۆکی سەندیکای موەلیدە ئەهلییەکانی سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: بەهۆی گرانبوونی نرخی گاز لە ٣٦٠ دینارەوە بۆ ٤١٠ دینار بۆ هەر لیترێک، داوایان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردووە کە رەزامەندیی نیشان بدەن لەسەر کەمکردنەوەی یەک سەعات کارەبای موەلیدە ئەهلییەکانی سنووری سلێمانی، ئاماژەشی بەوەکرد کە ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگا رەزامەندبن بە داواکەیان، ئەوا بڕیارەکە دەبێتە مەرکەزیی، چونکە موەلیدە ئەهلییەکانی هەولێرو سلێمانی، رۆژانە حەوت سەعات کارەبا دەدەنە هاوڵاتییان، کە بۆ هەر ئەمپێرێک نۆ هەزار دینار وەردەگرن.

ماوەی چەند رۆژێکە موەلیدە ئەهلییەکانی سلێمانی سەربەخۆ سەعاتەکانی پێدانی کارەبایان کردووەتە حەوت سەعات.

عەباس سەعید، سەرۆکی لیژنەی موەلیدە ئەهلییەکان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بە رۆژنامەی راگەیاند: لیژنەکەمان لە گفتوگۆدایە لەسەر داواکەی سەندیکای موەلیدەکان‌و تا ئێستا بڕیاری لێنەدراوە، بەڵام ئەوان چەند رۆژێکە سەربەخۆ کارەبایان کەمکردووەتەوە، لەبەرئەوە بڕیارمانداوە کە سەعاتەکانی کارەبای موەلیدە ئەهلییەکان بکرێتەوە بە هەشت سەعات، هەتا ئەنجامی کارەکانی لیژنەکە تەواو دەبێت‌و بڕیار لەسەر کەمکردنەوە یان کەمنەکردنەوەی دەدرێت.

---

#### سێ وەزیر ئامادەی دانیشتنەکە نەبوون

## «حکومەت پلانی نییەو وەزارەتەکان لەیەکتری بێئاگان»

**مەریوان مەلا حەسەن**

**هەولێر**



یەکێک لە دانیشتنەکانی پەرلەمان — فۆتۆ: رۆژنامە

ئەندامانی پەرلەمان، رەخنە لە حکومەت‌و وەزارەتەکان دەگرن کە هیچ ئاگاداری یەکتر نین لە جێبەجێکردنی کارەکانیانداو ئەوەش بۆ بێپلانیی حکومەت دەگەڕێننەوە.

لە کۆبوونەوەی دوێنێی پەرلەمانی کوردستاندا، بە ئامادەبوونی وەزیری پەروەردەو وەزیری خوێندنی باڵا، گفتوگۆ لەسەر کێشەی نزیکەی ١٠ هەزار خوێندکاری دەرچووی ئامادەییەکان کرا کە لە هیچ پەیمانگەو زانکۆیەکی کوردستان وەرنەگیراون‌و پەرلەمانتاران داوایان کرد کە هەردوو وەزیر روونکردنەوەی پێویست بخەنەڕوو لەبارەی هۆکارەکانی کێشەی خوێندکارانەوە.

عوسمان بانیمارانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، رەخنەی لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان گرت لەسەر کێشەی خوێندکاران‌و وتی: «وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتی پەروەردە، هیچ ئاگاداری یەکتر نین لە جێبەجێکردنی کارەکانیاندا»، ئەوەشی گەڕاندەوە بۆ نەبوونی پلان لەلایەن حکومەت‌و وەزارەتەکانەوە بۆ رێکخستنی کاروبارەکانیان.

د. ئیدریس هادی، وەزیری خوێندنی باڵا، هۆکاری وەرنەگیرانی خوێندکارانی لە زانکۆو پەیمانگەکان گەڕاندەوە بۆ زیادبوونی رێژەی خوێندکارانی دەرچوو لە ئامادەییەکانداو وتی: «ئەمساڵ لە زانکۆکان توانای وەرگرتنی ١٤ هەزار خوێندکارمان هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی ٢١ هەزار خوێندکارمان وەرگرتووە، بەڵام هێشتا ژمارەیەکی زۆر خوێندکار ماوە کە ناتوانین وەریان بگرین».

رەخنەشی لە وەزارەتی پەروەردە گرت کە تاکلایەنە بڕیاری داخستنی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایانی داوەو ئەوەشی بە هۆکارێک زانی بۆ دروستبوونی ئەو کێشەیە.

د. دلشاد عەبدولڕەحمان، وەزیری پەروەردە، لەلایەن خۆیەوە بەرگری لە کارەکانی وەزارەتەکەی کردو وتی: «پەیمانگەکانی مامۆستایان لە سەر بنەمایەکی زانستی داخراون بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی مامۆستایانی بنەڕەتی‌و رزگاربوون لە هەڵاوسان‌و زیادبوونی ژمارەی مامۆستایانی بنەڕەتی».

سەرەڕای روونکردنەوەکانی هەردوو وەزیری پەروەردەو خوێندنی باڵا، زۆرێک لە پەرلەمانتاران پێیانوابوو هۆکاری دروستبوونی ئەو کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلان لەلایەن حکومەت‌و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانەوە.

نازناز مەحەمەد، سەرۆکی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان، رەخنەی لە وەزیرە پەیوەندیدارەکان گرت لەسەر کێشەی خوێندکاران، کە داوایان لێکرابوو ئامادەی دانیشتنی پەرلەمان بن، بەڵام تەنها ٢ وەزیر لە کۆی ٥ وەزیری داواکراو ئامادەبوون‌و وتی: «ئێمە تەنها داوای ئەو دوو وەزیرەمان نەکردووە، بەڵکو داوای وەزیری کارو پلاندانان‌و وەزیری دارایمان کردووە کە ئامادە بن لە پەرلەمان». ئەوەشی خستەڕوو لەبەر ئەوەی حکومەت هیچ پلانێکی نەبووە، ئێستاش هیچ بەدیلێک نییە بۆ ئەوکێشەیە.

نازناز وتیشی: «بەر لەیەک ساڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا باسی نەبوونی هۆڵی کردووەو ٨ مانگ پێش ئێستا ١٢ ملیۆن دۆلار بۆ دروستکردنی هۆڵ تەرخان کراوە، بۆچی دروست نەکراوە؟».

دواتر لە میانەی گفتوگۆکانداو دوای وەرگرتنی سەرجەم پێشنیازەکانی پەرلەمانتاران، سەرۆکی پەرلەمان هەموو پێشنیازەکانی لە چەند خاڵێکدا کۆکردەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆی لەسەر بکرێت، بەڵام بەهۆی زۆریی پرسیاری پەرلەمانتارانەوە، دانیشتنەکە دواخرا بۆ یەکشەممەی داهاتوو.

پێشنیازەکانی پەرلەمانتارانیش بریتی بوون لە:- (١- پێداچوونەوە لە وەرگرتنی خوێندکاران، ٢- ئەوانەی پێیان خۆشە لە ناوەڕاست‌و خوارووی عێراق بخوێنن، بنێردرێن بۆ زانکۆکانی ئەوێ، ٣- ئەو خوێندکارانەی کورە شەهیدن، یان کەم دەرامەتن، لە زانکۆ ئەهلییەکان وەربگیرێن، حکومەت خەرجیی کۆلێژەکە بگرێتە ئەستۆ، ٤- کردنەوەی خول، بۆ فێرکردن لە بوارەکانی کارکردن، ٥- کردنەوەی خولی عەسکەری‌و پۆلیسی، ٦- پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشەیە، کە پێکبێت لە ئەندامانی حکومەت‌و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان).

---

## وەزارەتی ناوخۆ، سەرای سلێمانی دەداتەوە فەرمانگەی شوێنەوار

**عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر**

بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی، بە نووسراوی ژمارە ١٠٠٥ داوای لە پارێزگای سلێمانی کردووە کە وەزارەتی ناوخۆ، بینای سەرای کۆن چۆڵ بکات، کە دەکەوێتە ناوەندی شاری سلێمانی‌و بە بینایەکی مێژوویی دادەنرێت، وەزارەتی ناوخۆش لە هەفتەی ئایندەدا بیناکە چۆڵ دەکات.

حەسەن عەلی جاف، بەڕێوەبەری شوێنەواری سلێمانی بە وەکالەت، بە رۆژنامەی راگەیاند: نووسراومان ئاراستەی پارێزگای سلێمانی کردووە، تا وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار بکاتەوە بۆ چۆڵکردنی ئەو بینایە، بۆئەوەی لیژنەی پرۆژەی چاکسازیی دەستبەکاربن تیایدا.

ئاماژەی بەوەشکرد کە هەوڵدەدەن بینای سەرا وەکو مۆزەخانەیەکی مێژوویی جوان بهێڵنەوە بۆ شاری سلێمانی، چونکە بەپێی وتەی ناوبراو «ئەو بینایە سمبولی شاری سلێمانییە».

سەبارەت بە داواکارییەکەی وەزارەتی ناوخۆ بۆ شوێنەواری سلێمانی، جەلال شێخ کەریم، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، بۆ رۆژنامەی ئاشکرا کرد، لەم هەفتەیەدا بە تەواوەتی بیناکە چۆڵ دەکرێت‌و شوێنەوار دەتوانن هەر ئێستا کاری تێدا بکەن، تەنها بەشێکی بچووکی بەدەست وەزارەتی ناوخۆوە ماوە.

بینای سەرای کۆن، لە ناوەڕاستی ساڵی بیستەکانی سەدەی رابردووداو لە سەردەمی حکومڕانی ئینگلیزەکانەوە لە سلێمانی دروستکراوەو جێگەی کاری موتەسەریفەکانی سلێمانی بووە، ئێستاش شوێنەواری سلێمانی دەیەوێت بە مۆرکێکی تەلارسازی کوردەواریی دروستی بکاتەوە، وەک شوێنێکی مێژوویی.

---

## «بۆچوونەکانی مالیکی وەکو خەونی چۆلەکە وایە»

**رۆژنامە**

یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان دەڵێت «بیرو بۆچوونەکانی مالیکی وەکو خەونی چۆلەکە وایە، حکومەتەکەی کەسانی لاوازو بێ ئەزموون بەڕێوەی دەبەن‌و بە مۆرانەی گەندەڵیی تەنراوە».

ناوەندە سیاسیی‌و مەدەنییەکانی هەرێمی کوردستان، بەردەوامن لەسەر بەرپەرچدانەوەی قسەکانی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران، کە داوای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان‌و بەهێزکردنی ناوەندی کردووە.

یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستان، دوێنێ لە بەیاننامەیەکدا هەوڵەکانی سەرۆک وەزیرانی بە «هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی عێراق بۆ خاڵی سفر، یان بۆ ئەو جێگەیەی کە تا دوێنێ خۆی لە بەرامبەریدا سەنگەری گرتبوو» لە قەڵەمدا، لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکشدا بیرو بۆچوونەکانی مالیکی سەبارەت بە لاوازکردنی هەرێمەکان‌و بەهێزکردنی حکومەتی ناوەندی بە «خەونی چۆلەکە» شوبهێنراوە «ئەم بیرو بۆچوونە، وەک خەونی چۆلەکە وایەو کەسێکی دووربین کە بەرژەوەندی عێراقی بوێ، ئەمەی پێ قبوڵ ناکرێ».

بەیاننامەکە ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات کە «کێشەکە لەوەدا نییە کە ناوەند دەسەڵاتی کەمە، بەڵکو کێشە لەبەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەیە کە کەسانی لاوازو بێ ئەزموون بەڕێوەی دەبەن‌و بە مۆرانەی گەندەڵیی تەنراوە».

---

### مەسعود بارزانی: کوردستان مۆدیلێکە......

بەڵام لە راپۆرتەکەی فایننشاڵ تایمزدا، دیبلۆماتێکی باڵای ئەمریکی، کە نەیویستووە ناوی ببرێت، دەڵێت: «زۆرێک لە خەڵکی لە بەغدا وەک مۆدیلێک بۆ داهاتوو ناڕواننە کوردستان، بەڵکو وەک مۆدیلێک لە هەڵە تەماشای دەکەن، کە دەبێت دووبارەی نەکەیتەوەو خۆتی لێ بە دوور بگریت».

لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا، مەسعود بارزانی، باس لەوە دەکات کە هیچکات لە دەستووری عێراقی لاینەداوە، لەو بارەیەوە دەنووسێت: «حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندی عێراقێکی فیدراڵی دیموکراتەو لە سەرجەم کارەکانیدا لە دەستووری عێراقی لاینەداوە».

هەروەک دەربارەی کەرکوک، سەرۆکی هەرێم نووسیویەتی: تەنگژەکانی کوردو بەغدا لەسەر مەسەلەی کەرکوک زیاتر لە ٨٠ ساڵە بەردەوامەو توندوتیژیی بە خۆیەوە بینیوەو ئێستا دەستووری عێراقی داوای ئەوە دەکات کە ریفراندۆم لە کەرکوک سازبکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت ئایا دانیشتووانی ئەو شارە داوای هاتنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم دەکەن؟ بارزانی ئەوەیشی خستووەتەڕوو کە ئەوان دەزانن ریفراندۆم کارێکی ئاسان نییە، بەڵام باشترە لەوەی ٨٠ ساڵی دیکە ناکۆکیی هەبێت. «ئێمە رازین بە هەموو ئەنجامێکی راپرسییەکە، گەر کوردیش بردیەوە ئەوا پەیمان دەدەم کە رێژەی نوێنەرەکانی تورکمان‌و عەرەب‌و مەسیحییەکانی کەرکوک لەسەر ئاستی لۆکاڵیی حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان زیاد بکەین».

بەڵام راپۆرتەکەی فایننشیاڵ تایمزی بەریتانی، کە رۆژنامەنووس ئانا فیفێڵ نووسیویەتی، ئاماژە بەوە دەکات کە کێشەی کەرکوک گەورەترین کێشەی بەردەم سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا دەبێت لە عێراقدا.

راپۆرتەکەی رۆژنامەی ناوبراو، بەشێکی زۆری تایبەتە بە قەیرانی گەندەڵی لە هەرێمداو بڵاوی کردووەتەوە، کە «زیادبوونی گەندەڵی لە کوردستان بێمتمانەیی لای خەڵکی کورد بەرامبەر بە هەردوو پارتی دەسەڵاتدار دروستکردووەو خەڵکی ئاسایی گلەیی ئەوە دەکەن کە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بیت، دەبێت خۆت بخەیتە پاڵ پارتی یان یەکێتیی‌و هەموو بوارە سیاسیی‌و ئابوورییەکان لەلایەن دوو بنەماڵەی سەرۆکی ئەو دوو حیزبەوە کۆنترۆڵ کراوە.

This is trial version
www.adultpdf.com

# ـــــاندان لادەبرێن

هەردوو سزاکە.

٢- لەبارەی بەکارهێنانی توندوتیژی یان هێز یان زیانگەیاندن بە کەس و موڵک و ماڵی گشتی و تایبەتی لەلایەن بەشداربووانی کۆبوونەوەی گشتی یاخود خۆپیشاندانەکە، ئەوا سەرپێچیکەر بەپێی یاسای سزاکانی کارپێکراوو بەگوێرەی بارەکە حوکم دەدرێت.

هەرچەندە گۆڕانکارییەکانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ لە پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکان تا ڕادەیەک لەو ئاستەدایە کە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕۆژنامەنووسان داوایان دەکرد، بەڵام لە گۆڕانکارییەکاندا مادەی (١١)ش لابراوە کە گرتنەبەری ڕێوشوێنی یاساییە بەرامبەر بە هێزەکانی ناوخۆ بە جۆرێک کە لە پرۆژەکەدا هاتبوو:

١- ئەگەر هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سنووری بەکارهێنانی دەسەڵاتیان بەزاند بە بەکارهێنانی هێزی لە ڕادەبەدەر لەدژی کۆبووەوەکان یان خۆپیشاندەران، ئەوا کاری یاساییان لە حەق دەکرێت بەپێی یاسا کارپێکراوەکان.

٢- حکومەت دەبێت قەرەبووی ئەو زیانلێکەوتووانە بکاتەوە کە لە ئەنجامی تێپەڕاندنی هێزەکانی ئاسایشی گشتی لە سنووری ئەرکی پێسپێدراویان تووشیان بووەو بەپێی بڕیارێک کە لە دادگای تایبەت دەردەچێت، جێبەجێ دەکرێت.

ئاخر جەمال، ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان وەک لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان، لە ئێستادا سەرقاڵی گفتوگۆکردنن لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی لە پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکاندا کراون، ئەو پەرلەمانتارە تەئکیدیشی کردەوە کە مەرج نییە ئەو پرۆژانەی لە حکومەتەوە ڕەوانەی پەرلەمان دەکرێن وەک خۆیان دەنگیان بۆ بدرێت، بەڵکو گۆڕانکاریی تێدا دەکرێت ئینجا پەسەند دەکرێت.

پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکان تا ئێستا لە حکومەتەوە بە ڕەسمی ڕەوانەی پەرلەمان نەکراوەتەوەو چاوەڕوان دەکرێت لەم هەفتەیەدا ڕەوانە بکرێتەوەو بە زووترین کاتیش دەخرێتە بەرنامەی کارەوە تا لە پەرلەماندا دەنگی لەسەر بدرێت.

# لایەنە عێراقییەکان لە هەمواركردنی دەستووردا دەسەڵاتی هەرێم کەمدەکەنەوە

محەمەد کەریم

نزیکەی دوو ساڵە یاسای نەوت و گاز لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە نەنێردراوەتە پەرلەمانی عێراق بۆ دەنگدان، ئەندامێکی لیژنەی نەوت و گازیش ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی لایەنە عێراقییەکان چاوەڕێی هەمواركردنی دەستوور دەکەن بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێم لەو بوارەدا.

بایەزید حەسەن، ئەندامی لیژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەکاتێکدا پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز بۆ ئەمڕۆی عێراقێک کە ئابوورییەکەی تاک لایەنە لەسەر نەوت وەستاوە، زۆر پێویستە، کەچی زۆربەی لایەنە عێراقییەکان چاوەڕێی هەمواركردنی دەستووری عێراقی دەکەن بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتەی کورد هەیەتی لە دەستووری عێراقدا لە یاسای نەوت و گازدا، کەمبکەنەوە.

بایەزید حەسەن ڕای وابوو ئەو یاسایە لە پەرلەمان مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، لەوانەیە زۆر لایەن دەنگ بۆ ئەو یاسایە نەدەن، چونکە پێیانوایە دەنگدان بەو یاسایە، هاتنی کۆمپانیا ئەمریکی و بێگانەکانی بەدواوەیە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز لە بەرژەوەندیی هەموو عێراقدایە.

هەفتەی پێشووش تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عێراق لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق، جەختی لەسەر هەرچی زووتر ناردنی ئەم یاسایە بۆ پەرلەمانی عێراق کردەوە.

لە ئێستادا ٩٥٪ی بودجەی عێراق لە ڕێگەی داهاتی فرۆشتنی نەوتەوە دابین دەکرێت و عێراق ڕۆژانە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە دەکات.

یاسای نەوت و گاز سێ یاسای دیکەشی بەخۆیەوە بەستووەتەوە کە «زۆر گرنگن»؛ یەکەمیان یاسای دابەشکردنی داهاتی حکومەتی فیدراڵی لەنێوان هەرێم و پارێزگاکانە، دووەم یاسای دووبارە دامەزراندنەوەی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی عێراق و سێیەم یاسای دووبارە دامەزراندنەوەی وەزارەتی نەوتی عێراقە، چونکە دەبێت ئەو وەزارەتە لەگەڵ ئەو یاسا نوێیەی نەوت و گاز بگونجێت.

بەپێی لێدوانەکانی ئەو پەرلەمانتارەی عێراق، ئەو چوار یاسایە کۆمەڵە یاسایەکن هەموویان پێکەوەن و گرنگن بۆ پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گاز لە عێراقدا.

ئەمەش لەکاتێکدایە کە یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی گفتوگۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکادا، پەسەندکردنی خێرای یاساییەکی تایبەت بوو بە نەوت و گاز لە عێراقدا.

ڕۆبەرت ود، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، دوای دانیشتنەکەی بارزانی لەگەڵ کۆندۆلیزا ڕایس، وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: ڕایس، لەو دیدارەیدا بارزانی بۆ ئاسانتر پەسەندکردنی یاسایەک لە پەرلەمان بۆ داهاتە نەوتییەکان هانداوە.

بە ڕای شارەزایان لایەنە ئەمریکییەکانیش خوازیارن بە زووترین کات ئەو یاسایە پەسەند بکرێت تا ئەوانیش بتوانن لەو بوارەدا سەرمایەگوزاریی بکەن.

بایەزید حەسەن باسی لەوەشکرد، کە لە ٢٠٠٧ەوە چەندجار یاسای نەوت و گاز نێردراوە بۆ پەرلەمان، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەو یاسایە نەبووە کە لە مانگی شوباتی ساڵی ڕابردوودا لەسەری ڕێککەوتبوون، ڕەفزیانکردەوە. وتیشی: «دواهەمینجار کە ڕەشنووسی یاساکەیان نارد بۆ پەرلەمان، دەستکاری کرابوو، بەڵام ئیمزاکان هەر ئەو ئیمزایانە بوون کە بەسەر ڕەشنووسەکەی مانگی شوباتی ٢٠٠٧ەوە بوون، واتە ویستیان فێڵمان لێبکەن، ئێمەش ڕەتمانکردەوە».

هەموو ئەمانە لەکاتێکدان کە بەهۆی قەیرانی ئابووریی جیهانەوە نرخی نەوت بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوەو هەر ئەوەش بووەتە هۆی کەمبوونەوەی بودجەی عێراق بۆ ساڵی داهاتوو، کە پێویستیی پەسەندکردنی خێرای یاسایەک بۆ نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراق نیشاندەدات.



# ـــــارزانـــی، کـــامیـــان دەیبـــەنەوە؟



مەسعود بارزانی

پرۆفیسۆر ئێمره ئۆسلو لە دیدارەکەی لەگەڵ ڕۆژنامەدا، وتبووی دژە بارزانی لە تورکیا کەمبووەتەوە دوای ئەوەی کە بارزانی لێدوانە توندەکانی کەمکردەوە، هەروەها نووسەران و ڕۆشنبیرانی تورک لە لێدوان و نووسینەکانیاندا ئاراستەیەکی میانڕەوانەیان وەرگرت سەبارەت بە بارزانی، ئەمانە هەموو وەک پێشەکییەک بۆ سەردانەکەی بارزانی بۆ تورکیا ئاراستەی وەرگرتووە.

## چالاکییە سیاسییەکانی بارزانی و خۆسەلماندن

بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای سەردانەکەی بۆ بەغدا، لەوکاتەدا جیاواز لە جارەکانی پێشوو بە سەرۆکایەتیی شاندێک سەردانی ئێرانی کرد، لەگەڵ ئەوەی بابەتی تۆپبارانکردنی سنوورەکانی هەرێم و بوونی هێزەکانی پژاک باسی لێوەکرا، بەڵام حاڵەتێکی هەستیار دروست نەبوو لە ئێران و کوردەکانی ئێران سەبارەت بە هەڵوێستی بارزانی، بەدڵنیاییەوە سەردانی بارزانی بۆ ئێران جیاوازە لە سەردانی بۆ تورکیا، بارزانی بە هەمانشێوەی سەردانەکەی بۆ ئێران، لە تورکیا لە هاوکێشەکە نایەتە دەرەوە، دوای ئێران بارزانی سەردانی ئەمریکاو فەرەنسای کرد، تا ئێستاش لە گەشتەکەیدایە، سەردانی بارزانی بۆ ئەو گەورە وڵاتانە، لایەنێکی تری ئەو هەیمەنەیە کە بارزانی بەسەر تورکیادا نیشانی دەدات، لە کۆی ئەو گەشتە سیاسییەی بارزانی و کۆبوونەوەی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتانە، ئاماژەن بۆ ئەوەی بارزانی لە مەیدانی سیاسیی ناوچەکە پێگەیەکی بەهێزو گرنگی هەیە، جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردن و حیساب بۆکردنە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بارزانی وەک سەرکردەیەک دەکرێت سەردانی تورکیا بکات و کێشەکان لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیا بە گفتوگۆ چارەسەر بکات، لەگەڵ ئەوەی پێشبینی ئەوە دەکرا بارزانی و لایەنی تورکی لە ئەمریکا یەکتر ببینن، بەڵام ئەوە ڕووینەدا، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە تورکیا بانگهێشتنامەیەکی ئاراستەی بارزانی کرد پێش ئەوەی شاندەکەی تورکیا سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، ئەمەش بۆخۆی پرسیارێکی کراوەی جێهێشتووە، چونکە لە سەردانەکەیان بۆ بەغدا، شاندی تورکی بەڵێنی ئەوەیان دابوو سەردانی هەولێر بکەن.

## ئەگەر بارزانی سەردانی تورکیا بکات

ئەگەر بارزانی سەردانی تورکیا بکات، لە ئەگەرێکی سیاسییەوە نزیکە ڕووبدات بەتایبەتی دوای ئەوەی بانگهێشتنامە بۆ تورکیا پێشکەشی بارزانی کراوە. ئەم ئەگەرە زۆر بابەتی سیاسی لەپشتە، بەتایبەتی بۆ بارزانی، چونکە وەک لەپێشەوە باسمانکرد، مێژووی بارزانی و تورکیا مێژوویەکی توندو ئاڵۆزە، بۆیە وەرچەرخانێکی سیاسیی گەورە لە بارودۆخەکەدا بوونی هەیە، کاتێک ئەم ئەگەرە بوو بە واقیع، چاودێرانی سیاسی بە هەنگاوێکی گرنگ و مێژوویی لەم هەوڵە دەڕوانن و پێیانوایە حکومەتی تورکیا چەند مەبەستێکی هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش لە دوو تەوەری سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە، کە بریتین لە مەسەلەکانی کەرکوک و بابەتی پەکەکە، ئەم دوو تەوەرە هەریەکەیان گرنگیی زۆر گەورەیان بۆ تورکیا هەیە، بابەتی کەرکوک و دروستکردنی کێشەیەک بەناوی کێشەی تورکمانەکان، خۆکردنە خاوەن لەلایەن حکومەتی تورکیا، فشار دروستکردن بۆسەر حکومەتی عێراق لە بڕیارەکان و هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە کێشەی کەرکوکەوە هەیە، ئەمەش بۆ تورکیا مەبەستی تری لەپشتە، لەوانە ترس لە سەربەخۆیی کوردەکانی عێراق، مەترسیی لەسەر کوردەکانی تورکیا، دروستکردنی پێگەیەک لە عێراق بۆخۆی، گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان و فراوانبوونی پێگەی کورد، ئەمانەو چەندین مەبەستی سیاسیی تر لەپشت دەستوەردانەکانی تورکیاوەن.

تەوەری دووەم بابەتی پارتی کرێکارانی کوردستانە، لەگەڵ ئەوەی ئەم بابەتە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە سەرکردەکانی کوردەوە نییە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام بۆچوونی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە ئەگەر بە نەرێنی بێت لەمەڕ پەکەکە بۆ تورکیا، داخستنی هەموو بارەگاکانی پەکەکە لە کوردستان لە هەنگاوی یەکەمدا بە ئاراستەی ئەو پەیوەندییە نەرێنییە ڕوویدا، یەکێک لەو هەڵوێستانەی کە حکومەتی تورکیا بۆی هەوڵدەدا،ت بە تیرۆریست ناساندنی پەکەکەیە لە لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت بارزانی، هەروەها شەڕکردنی پێشمەرگە لەپاڵ سوپای تورکیا بۆ دەرکردنی چەکدارانی پەکەکە لە ناوچە سنوورییەکان، هەرچەندە ئەم سیناریۆیە پێشتر ڕوویداوە، بەڵام مێژوو زۆرجار خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەگەر لەو سەردانەی بارزانیدا ئەگەرێکی وا هاتە پێشەوە، ئەوا بارزانی لەبەردەم هەڵوێستێکی مێژوویی گەلی کورددا دەبێت لایەنێک هەڵبژێرێت، جگە لەوەش بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە تورکیا گرنگیی گەورەی هەیە بۆ کوردەکانی تورکیا، قسەکردن لەمەڕ هەندێک بابەتی تری وەک ئۆجەلان، یان بەشێوەیەکی گشتی چاودێرانی سیاسیی کۆدەنگی شرۆڤە سیاسییەکان ئەوە دەخەنەڕوو جەوهەری سەرەکی سەردانەکەی بارزانی بریتییە لە قسەکردن لەسەر بابەتی کێشەی پەکەکە، هەر هەڵوێستێک لە تورکیا دژی چەکدارانی پەکەکە، شتێکی باشی لێناکەوێتەوە، سەبارەت بە کێشەی کورد لە تورکیا کە ئەمەش مەترسییەکی ڕوونە، هەرچەندە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم بۆ شەرقولئەوسەت وتبووی تورکیا هیچ مەرجێکی پێشوەختی بۆ دانوستاندنەکان دانەناوە.

## کامیان دەیباتەوە:

ڕەنگە کێشەکە لە بابەتێک گەورەتربێت کە ئێمە ناوی لێبنێین بردنەوە یان دۆڕاندن، بەڵام بەدڵنیاییەوە هەریەک لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی تورکیا کۆمەڵێک مەبەستی سیاسییان هەیە، تا ئێستا بابەتی سەردانەکە یەکلایی نەبووەتەوە، هەروەک لێدوانەکەی د. فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، کە ڕەتیکردەوە بەم زووانە بارزانی سەردانی تورکیا بکات، بە هەمانشێوەش وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەوەی ڕاگەیاند کە هێشتا زووە بۆ ئەوەی سەردان دروستبێت لە ئاستی باڵا بۆ هەولێر لەلایەن تورکیاوە، بەڵام گفتوگۆکان ڕێگەیەکن بۆ دروستبوونی ئەم سەردانانە. لە هەگبەی بارزانی، پاراستنی سنووری هەرێم و چەند بابەتێکی تری وەک کەرکوک بوونی هەیە، بەڵام لە هەگبەی تورکیا، زۆر شتی تری لەپشتە، کە ڕەنگە بە چوونی بارزانی زۆر شت یەکلایی نەکرێتەوە، چونکە تورکیا چەندین کەیسی هەیە کە وابەستەن بە کوردستانی عێراقەوە.

This is trial version
www.adultpdf.com

## دەسەڵاتەکانی وەزیری ناوخۆ کەم ناکرێتەوە...

# پێنج مادە لە پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیش

دیە فازڵ

لە مانگی حوزەیرانەوە حکومەتی هەرێم داوای کشانەوەی پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکانیانی لە پەرلەمانی کوردستان کردووە، بەڵام لیژنەکانی پەرلەمان بێئاگابوون لەو داوایەو تا مانگی ئەیلول بەردەوام کاریان لە پرۆژەکەدا کردووە.

عەونی بەزاز، سکرتێری پەرلەمانی کوردستان بە وەکالەت، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە تەئکیدی کردووە کە لە ٢٠٠٨/٦/١٢دا حکومەتی هەرێم داوای لە پەرلەمان کردووە ئەو پرۆژەیاسایەی ناردوویەتیە پەرلەمان، بۆی بگەڕێنرێتەوە، بۆئەوەی گۆڕانکاریی لە پرۆژەکەدا بکرێتو جارێکی دیکە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێتەوە، بەڵام بەهۆی گرفتێکی ئیدارییەوە لیژنەکانی پەرلەمان ئاگاداری ئەو داوایەی حکومەت نەبوون تا بەرواری ٢٠٠٨/٩/١٧ کە پرۆژەکە لەلایەن حکومەتەوە کشێنرایەوە، بە وتەی عەونی بەزاز تا ئەو بەروارە لیژنە پەیوەندیدارەکان کاریان لە پرۆژەیاساکەدا کردووە.

لەدوای گەڕاندنەوەی پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندانو کۆبوونەوە گشتییەکان بۆ حکومەت، لەلایەن وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆوە جارێکی دیکە گۆڕانکاریی لە پرۆژەیاساکەدا کراوە، بەڵام گۆڕانکارییەکان تا ئێستا لەلایەن هەردوو وەزیرەوە ئیمزانەکراون.

ئەحمەد موسا، بریکاری وەزارەتی ناوخۆ، ئاماژەی بەوەدا کە گۆڕانکاریی لە پرۆژەکەدا کراوەو (٥) مادەی پرۆژەکە کە ناکۆکی لەسەر بوو، لابراوەو گۆڕانکاریی دیکەش لە مادەکانی تردا کراوە بەو ئاراستەیەی کە ئازادییەکانی تاکو مافی هاوڵاتییانو ئاسایشی گشتی پارێزراو بێت.


لەو گۆڕانکارییانەدا دەستکاریی دەسەڵاتەکانی وەزیری ناوخۆ نەکراوە کە پێشتر ئەو ڕەخنەیە لە پرۆژەکە دەگیرا کە دەسەڵاتێکی ڕەهای بە وەزیری ناوخۆ بەخشیوە، هەروەها ئەو بڕگەیەی کە باس لەوەدەکات پێویستە خۆپیشاندەران مۆڵەتی ئەنجامدانی خۆپیشاندان وەربگرن، بە وتەی ئەحمەد موسا لانەبراوە، بەڵکو وشەی (مۆڵەت) گۆڕدراوە بە ڕێگەپێدان (سماح) کە هەمان مانای هەیە.


ئەو گۆڕانکارییانەی لەلایەن هەردوو وەزارەتی ناوخۆوە کراوە لە پرۆژەکەدا، لابردنی مادەی حەوتەمی پرۆژەیاساکەیە کە تێیدا هاتبوو:

١- نابێت کۆبوونەوەی گشتی یان خۆپیشاندان تا دوای خۆرئاوابوون یا ئەوکاتەی کە بۆی دەستنیشانکراوە بەردەوام بێت.

٢- وەزیر یان ئەوەی دەسەڵاتی پێدەدات، بۆی هەیە فەرمان بدات بە بڵاوەلێکردنی خۆپیشاندانەکە یاخود کۆبوونەوە گشتییەکە، لەکاتێکدا کە لە چوارچێوەی گشتیی ئەو مەبەستەی بۆی سازدراوە یاخود ئەوکاتەی کە بۆی دەستنیشانکراوە دەرچوو.


ئاخر جەمال


عەونی بەزاز


ئەحمەد موسا

هەروەها لابردنی ئەو بڕگەیەی مادەی ٨ کە باس لە بەکارهێنانی مادەی فرمێسکڕژێن یاخود هۆی تایبەتی دیکە کە شێوەیەکی شارستانی هەبێت بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەرانو بەشداربووانی کۆبوونەوە گشتییەکان دەکات، لەکاتێکدا ئەگەر هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە بڵاوەپێکردنی کۆبوونەوەکان یا خۆپیشاندەرەکان لەگەڵ ئەوەی کە داوایان لێکراوە بڵاوەی لێبکەنو هەر مکوڕ بوون لەسەری.

هەر بەپێی گۆڕانکارییەکانی وەزارەتی ناوخۆ کە لە پرۆژەکەدا کردوویانە، مادەی ٩ لادراوە کە باس لەوەدەکات ئەگەر لەکاتی کۆبوونەوەی گشتی یان خۆپیشاندان باری ئاسایشو سیستمو ئادابی گشتی تێکدرا، یاخود زیان بە خەڵکی ترو بەماڵو سامانی گشتی یان تایبەتی گەیشت یان خۆپیشاندان یاخود کۆبوونەوە گشتییەکە بە کاری ئەو کەسانەی پێی هەستاون لە ئامانجی خۆیان لایاندا، ئەوا داواکارانی ڕێکخستنی کۆبوونەوە گشتییەکە یان خۆپیشاندانەکە بەرپرسیاریەتی تەواوی یاساییان دەکەوێتە ئەستۆ لەگەڵ ئەو کەسانەی بوونەتە هۆی ڕوودانی هەر زیانێکو دەبێت قەرەبووی ئەو زیانانەی کە بوونەتە هۆی ڕوودانی، بکەنەوەو کاری یاسایی لە حەقیان بگرنەبەر بەپێی یاسا کار پێکراوەکان.

لەنێو پرۆژەیاساکەدا سزا بۆ ئەو کەسانە دانرابوو کە سەرپێچیی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەکەن، لە گۆڕانکارییەکاندا ئەو مادەیەش لابراوە کە مادەی ١٠ی پرۆژەکەیەو تێیدا هاتبوو:

١- هەرکەسێک سەرپێچیی حوکمەکانی ئەم یاسایە بکات، سزا دەدرێت بە بەندکردن بۆ ماوەیەک لە شەش مانگ زیاتر نەبێت یان بە غەرامەیەک لە پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێتو لە پێنج سەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێت، یاخود بە

## شرۆڤەیەک لە ئەگەری سەردانی بارزانی بۆ تورکیا

# ئەردۆغانو ب

ئارام شێخ وەسانی

### تورکیا سەیری سیاسەتی ئێران دەکات

بەهەر ئەگەرێک بێت، سیاسەت یارییەکە زۆرینەی جار ئەنجامەکانی چاوەڕوان نەکراون، ئەوەی لە لێدوانەکانی ساڵی ڕابردووی نێوان بارزانیو تورکیا بڕوانێت، بە ئەگەرێکی دووری دەزانێت ئەم دوو هێزە لەسەر مێزێک بتوانن کۆببنەوەو دان بە بوونی یەکتردا بنێن، بە ڕێگەی گفتوگۆو سەردانو ڕێککەوتن هاوکێشەیەکی سیاسیی هاوسەنگ لە ناوچەکە دروستبکەنو ئایندەی کێشەکانیان بە زمانی گفتوگۆ بخەنە بەرنامەی چارەسەرکردن.

لێرەوە دەکرێت تورکیا بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوەو سوود لە ڕاوێژکارانی سیاسی وەربگرێت، هەروەک قسەکانی وەزیری دەرەوەی پێشووی تورکیا ئیلتەر تورکمان، ڕاگەیاندبوو کە کاتی ئەوە هاتووە تورکیا پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقو کوردەکانی ئەو وڵاتە ئاسایی بکاتەوەو بە ڕەسمی پەیوەندی لەگەڵ ئیدارەی سەربەخۆی کوردەکان هەبێت، چیتر تورکمان ناتوانێت ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لە عێراق بەبێ کورد.

چەند مانگێک لەمەوبەر ئیلتەر بە ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی ڕاگەیاندبوو کە «تورکیا سەردەمێک دانی بە کوردەکانی عێراقدا دەنا کە هیچ بوونێکی دەستوورییان نەبوو، ئەوکات هێشتا ڕژێمی سەدام لە ناوچەکەدا بوو، هەر ئێمە گەرەنتی پاراستنی ئەو هەرێمە بووین، کەچی من تێناگەم ئێستا کوردەکان هەرێمێکو حکومەتێکی تایبەت بەخۆیان هەیەو لە ڕووی دەستوورییشەوە شەرعیەتی هەیە، کەچی تورکیا دانی پێدا نانێت».

ئیلتەر باسی لەوە کردبوو کە حکومەتی تورکیا ڕەتیدەکاتەوە کە دانوستانی ڕەسمی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی حکومەتی ئەو هەرێمە بکات، بە بیانووی ئەوەی کە پاڵپشتی پەکەکە دەکەن، بەڵام تورکیا بۆ زیاتر لە ٢٤ ساڵە شەڕی پەک دەکاتو لەناونەچوون، بۆیە «من پێموایە لاوازکردنی پەکەکە تەنها بە هاوپەیمانی کوردەکانی عێراق لەگەڵ تورکیا دێتە ئاراوە، کوردەکان دەتوانن ببنە تاکە کارتی تورکیا لە عێراق لە بەرامبەر سوننەو شیعە»، ڕەنگە ئەم هەنگاوەی کە ئێستا لەئارادایە لە بڕوایەکی لەمجۆرەوە سەرچاوەی گرتبێت.

ئیلتەر لە درێژەی قسەکانیدا نموونەی ئێرانی باس کردبوو، وتبووی «ئێران کە هەمان کێشەی تورکیای هەیەو لەدژی پژاک شەڕ دەکات، بەڵام ئامادەیە بە ڕەسمی پێشوازیی لە بەرپرسە ئیدارییەکانی ئەو هەرێمە بکاتو دانی پێدا دەنێت، کونسوڵخانەشی هەیەو بەمەش زیاتر ئاگاداری باری سیاسیی ناوچەکەیە». لەم ڕووەوە ڕەنگە تورکیا سوودی لە شێوازی سیاسییانەی ئێران وەرگرتبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەکەکە، بەشێوەیەکی گشتی ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمو تورکیا لە ئاستی گفتوگۆ، لەکاتێدایە کە گۆڕانێکی بەرچاوو ئەوتۆ لە ڕێژەی تۆپبارانەکانی سنووری هەرێم ڕووینەداوە، بۆیە ئەم بابەتە جێگەی تێڕامانو شرۆڤەو ئەگەری جۆراوجۆرە، بەتایبەت ئەگەر بارزانی سەردانی تورکیا بکات.

### بارزانی لەسەر ڕێبازی تاڵەبانی

دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر گرژییەکی زۆر لەنێوان کوردستانو تورکیا یەکەم دەرگای ئاساییکردنەوەی پەیوەندیی تورکیو کوردی لەدوای سەردانەکەی تاڵەبانییەوە کردەوە، هەرچەندە تاڵەبانی وەک سەرۆکی کۆماری عێراق پێشوازیی لێکرا، بەڵام کوردبوونی تاڵەبانی لەو پۆستەدا زۆر بابەتی نەویستراوی لە دەرگا دووەمییەکانی سیاسەت وروژاند، ئەویش ئەو هەڵوێستە پڕ دۆستایەتییە بوو کە تاڵەبانی نیشانیدا، لە ڕێگەی چەندین لێدوانی پێشوەختەوە ڕێگەی بۆ سەردانەکەی خۆشکرد، هەروەک ئەو لێدوانانەی تاڵەبانی لە ڕاگەیاندنەکان بەتایبەت لە ڕۆژنامەی (بۆگون) کە وتی: «شەڕکردن دژی ئەردۆغانو حکومەتەکەی، شەڕکردنە دژی دیموکراسیو شەڕکردنیش دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەردۆغان، شەڕکردنە دژی بەرژەوەندییەکانی کورد»، ئەمانەو هەندێک هەڵوێستی تر، هەروەک کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرەی تورکمانی لە کەرکوکو چەند هەوڵێکی تر کە تاڵەبانی بە ئاراستەی ڕێخۆشکردن بۆ سەردانەکەی جێبەجێی کرد، دواتر لە سەردانەکەیدا تاڵەبانی ئەوەی سەرنجی هەموو لایەکی ڕاکێشا، سەردانی تاڵەبانی بوو بۆ سەر گۆڕی ئەتاتورک. مەسعود بارزانی، وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ دواهەمین هێرشی چەکدارانی پەکەکە ئیدانەی هێرشەکەی کرد، بەشێوەی جۆراوجۆر هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ تورکیا نیشاندا، ئەمەش پەرۆشییەک بۆ بابەتەکە دەردەخات، جگە لە سەرۆکی هەرێم، کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەرێمی بارزانیدا بە توندی ئیدانەی هێرشەکەیان کرد، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوەیان بۆ تورکیا خستەڕوو کە ئامادەی هەموو هاوکارییەکن، دوای ئەوە سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ بەغدا لەوکاتەی کە ئەردۆغان بە سەردان لە بەغدا بوو، کە ئەمە ئاماژەیەکە بۆ ویستی بارزانی لە بینینی ئەردۆغاندا، بەڵام بارزانیو ئەردۆغان یەکتریان نەبینی، بە بۆچوونی بولەنت کێنیش، سەرنووسەری تودەی زەمان، لە دیدارەکەی لەگەڵ ڕۆژنامەدا هۆکاری یەکتر نەبینینەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بینینی بارزانی لەوکاتەدا مەترسیی دەخاتە سەر بابەتی پەیوەندیی نێوان حکومەتەکەی ئەردۆغانو دەسەڵاتی سەربازیی، جگە لەوەی کە بارزانی لە ڕابردووشدا هەڕەشەی لە دەوڵەتەکەی ئەردۆغان کردووە، هەموو لێدوانەکانی بارزانی هیچ دۆستایەتییەکی بۆ تورکیا پێوە دیارنەبووە، هەروەها کێنێش وتی: «لێدوانەکانی بارزانی لە ڕابردوودا ڕێگربوون لەم یەکتر بینینە». دوای سەردانەکەی ئەردۆغان بۆ بەغدا، شاندێکی تری تورکی سەردانی بەغدایان کرد بە سەرۆکایەتیی موراد ئۆیزچەلیک، هێندەی تر ڕێگەکەی خۆشترکرد، ئەوەبوو شاندەکە چاوی بە نێچیرڤان بارزانی کەوت، بەمەش هەوڵەکان چڕتربوونەوە وەک ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکان بڵاوکرایەوە، ڕێککەوتن ئەنجامدراوە کە شاندێکی بەرپرسانی تورکیا سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن، بەمەش هێندەی تر بارزانی ڕێگەی سەردانەکەی بۆ ئاسان دەبێت، لە دوا دیداریشدا لە هەفتەی ڕابردوودا نێچیرڤان بارزانی لە دیداریدا لەگەڵ ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت، وتبووی «گفتوگۆی دووقۆڵی لەگەڵ تورکیا بەردەوامە، پێشکەوتنی گەورەشی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام دوور لە چاوی میدیاکان». دوای ئەم ڕووداوانەو هەڵوێستەکانی بارزانی، ڕۆژنامەکانی تورکیاو سیاسەتمەداران ئاراستەی ئەو ڕابردووەیان گۆڕی کە پێشتر بەرامبەر بارزانی هەیانبوو، هەروەک


ڕەجەب تەیب ئەردۆغان

This is trial version
www.adultpdf.com

# ...ەی مالیکی دەترسن

بەڵام بەرپرسانی ئێمە هەر مەسەلەکەیان دواخست، تا ئێستا گەیشتووەتە ئەو ئاستەی مالیکی خۆی بە تەنیا بڕیار دەداتو رای خۆی دەسەپێنێت».

ئەو سیاسەتمەدارەی کورد، پێشیوایە کە «سەرکردەکانی کورد وەک پێویست لە ئاستی کێشەکاندا نین».

## سەدرییەکان پشتیوانیی مالیکی دەکەن

رەوتی سەدرو فراکسیۆنی سەدر، لە پەرلەمانی عێراق پێشوازییان کرد لە لێدوانەکانی نوری مالیکی سەرۆک وەزیری عێراق سەبارەت بە پێویستی بوونی حکومەتێکی ناوەندی بە هێز لە عێراقو کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێمەکان.

فەوزی ئەکرەم، ئەندامی پەرلەمانی عێراق سەر بە فراکسیۆنی سەدر، رایگەیاند: ئەوەی مالیکی باسی کردووە، لە بەرژەوەندی عێراقییەکانە، چونکە دەمانەوێت دەوڵەتی یاسا دابمەزرێنین کە تیایدا بەرژەوەندییە گشتییەکان لەسەرووی گشت بەرژەوەندییەکانی دیکەوە بێت.

## کورد بە پێشێلکردنی دەستوور تۆمەتبار دەکرێت

ئەمساڵ لە چەندین رووەوە ناکۆکی


فریاد رەواندزی

لە نێوان بەغداو هەرێم سەریهەڵدا، بە تایبەتی لەبارەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستانو گرێبەستە نەوتییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمو ئەو ناوچانەی ناکۆکییان لەسەرە.

سامی عەسکەری، ئەندامی لیستی ئیئتیلاف لە پەرلەمانی عێراق، رایگەیاند: ئەو لایەنانەی کە نوری مالیکی سەرۆک وەزیر بە پێشێلکردنی دەستوور تۆمەتبار دەکەن، خۆیان دەستووریان پێشێل کردووەو وەک دەوڵەتی سەربەخۆ رەفتار دەکەن.

لە وەڵامی وتەی بەرپرسانی کورددا، کە دژایەتی لێدوانەکانی مالیکییان کردبوو سەبارەت بە دروستکردنی حکومەتی ناوەندی بەهێز، سامی عەسکەری وتی: «قسەکانی مالیکی لە ئەنجامی جێبەجێکردنی هەڵەی دەستوورەوە بوو، چونکە لە چەند ساڵی رابردوودا عێراق پەرت بووە لە ژێر ناوی رێزگرتن لە دەستووردا».

پێشیوابوو کە زەنگی مەترسی لێیداوە، نابێت لەو کێشەیە بێدەنگ بین.

## «لێدوانەکانی مالیکی دژ بە دەستوورە»

لێدوانەکەی مالیکی لەبارەی گۆڕانکاری لە دەستووری عیراقی کە رۆژی شەممە ٢٠٠٨/١١/٨، لە کۆڕێکدا لە شاری بەغدا وتبووی، کاردانەوەیەکی بەهێزی لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردستانەوە لێکەوتەوەو بە کارێکی "دژ بە یاساو دەستوور" لەقەڵەم درا.

فریاد رەواندزی، وتەبێژی فەرمی لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رەخنە لە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق دەگرێتو پێیوایە ئەو لێدوانەی مالیکی هەڵەیەو بازدانە بەسەر ئەو دەستوورەی کە ئەوی پێ هاتووەتە سەر حوکمو دەڵێت: «بەلامانەوە سەیرە نوری مالیکی گومانی لەو دەستوورە هەیە کە بە هۆی ئەو دەستوورەوە خۆی پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانی پێ سپێردراوە».

رەواندزی، تەئکیدی کردەوە کە سەرۆک وەزیرانی عێراق ناتوانێت بە تەنها بڕیار بدات، چونکە لە عێراق، دامودەزگای دیکە هەیە کە بەشدارە لە دەسەڵاتو بڕیارداندا.

هەروەک ئاماژەی بەوەشکرد کە چەند میکانیزمێکو رێوشوێنێکی یاسایی هەیە بۆ هەموارکردنی دەستوور، کە لە مادەی ١٤٢ی دەستووری عێراقدا ئاماژەیان پێکراوە، لە حاڵەتێکدا گەر ئەو رێوشوێنانە نەگیرانەبەر، ئەوا لیستی هاوپەیمانی هەموارکردنی دەستوور رەت دەکاتەوە.

## یەکێتی پەرلەمانتاران لە بەیاننامەیەکدا:

ئەو هەوڵانەی بەڕێز مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق کە ماوەیەکە چ بە قسە چ بە کردار دەریدەبڕێ، دەیەوێت جارێکی تر عێراق بگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی سفر یان بۆ ئەو جێگەیەی کە تا دوێنێ خۆی لەبەرامبەریدا سەنگەری گرتبوو.

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەیەکی پەرلەمانتارانی کوردستاندا هاتووە، دەستوری عێراق هەروا بە ئاسانیو لەبەر خاترو ختور (مەگەر بۆ بەرژەوەندییەکی باڵاو چارەنووسساز) ئەگەرنا کەس بۆی نییە دەستی لێبداتو بیگۆڕێت بەتایبەتی ئەو بەشانەی کە بووە هۆی ئەوەی هەموو لایەک پێی رازی بوونو دەستکەوتی میراتێکی زۆری قوربانی دانو تێکۆشانی گەلانی عێراقە.

# پسپۆڕێکی روسی: ئەمریکا، کورد لەدژی سوننە- شیعەو تورکیاش لەدژی کورد بەکاردەهێنێت

هەستیار قادر

پسپۆڕێکی سیاسیی روسی ئاماژە بەوە دەدات کە ئەمریکا، کورد وەک کارتی گوشار بۆ سەر سوننەو شیعە بەکاردەهێنێت، ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانیش پێیوایە بەپێچەوانەوە ئەمریکا لەپێناو شیعەو سوننەدا گوشار دەخاتە سەر کورد.

ڤیکتۆر رایڤسکی، پسپۆڕی سیاسیی روسی، ئاشکرایکرد کە حکومەتی ئەمریکا دۆسیەی کورد لەناو عێراقدا بەکاردەهێنێت بۆ گوشار خستنە سەر لایەنە سوننەو شیعەکان بەوپێیەی ئەمریکا درکی بەوەکردووە کە کورد تاکە پشتیوانی مانەوەی هێزەکانیانە لە عێراق.

لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رادیۆی دەنگی روسیا، ڤیکتۆر رایڤسکی ئاماژەی بەوەشدا کە دۆسیەی کورد بووەتە میکانیزمی جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەمریکا لە خۆرهەڵاتی ناوەراستو دەیەوێت کوردی عێراق لەدژی سوریاو ئێرانیش بەکاربهێنێت.

د. مەحمود عوسمان، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان، پێیوایە هاوکێشەکە بەپێچەوانەوەیەو هەندێکجار ئەمریکا لەپێناو سوننەو شیعەدا گوشاری خستووەتە سەر کوردو بە گرنگیشی زانی کە جگە لە ئەمریکا، سەرکردایەتیی سیاسیی کورد هەوڵبدات پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تری وەک روسیاو چینو فەرەنساو بەریتانیا ببەستێتو سەرجەم هێلکەکانی نەخاتە یەک سەبەتەوە.

هاوکات محەمەد مەهدی بەیاتی، ئەندامی لیستی ئیئتیلاف، بە توندی ئەوەی رەتکردەوە کە وەک کێکێک سەیری عێراق بکرێت تا لەنێوان کوردو لایەنەکانی تردا دابەش بکرێت، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو دیموکراسییە نموونەییەی ئەمریکا بانگەشەی بۆ دەکرد لە عێراق نەهاتەدیو ئەوەی هەیە تەوافوقی سیاسی رایگرتووە.

بەیاتی جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە جگە لە ئەمریکا چەندین وڵاتی تریش هەن کە گوشار دەخەنە سەر لایەنە عێراقییەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لە عێراقدا.

ڤیکتۆر رایڤسکی ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەگەر کورد هەوڵبدات سیاسەتێکی سەبەرخۆو دوور لە گوشاری ئەمریکا پەیڕەوبکات، واشنتۆن دڵنیابێت لە هاندانی حکومەتی تورکیا لەدژی حکومەتی هەرێمی کوردستان.


د. مەحمود عوسمانیش ئەو هەنگاوە بە راست دەزانێتو پێیوایە خاڵی هاوبەشی ئەمریکا لە پەیوەندیی نێوان کوردو تورکیا، پەککەکەیەو زۆرجار گوشار لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستدەکات لەبەر تورکیا.

# ...ردە کوردەکان، بەغدا تورە دەکات

مەسعود بارزانی لە ئەمریکا پێشوازیی لە رێککەوتننامەکە کردو ئامادەیی هەرێمی نیشاندا بۆ کردنەوەی بنکەی سەربازیی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، لە حاڵێکدا ئەگەر بەغداو واشنتۆنیش نەگەیشتنە رێککەوتن، ئەوەش لەمیانی وتەیەکیدا لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتیو ستراتیژی لە واشنتۆنو وتی: «من متمانەم هەیە کە پەرلەمانی کوردستان رەزامەندیی نیشان دەدات لەسەر دامەزراندنی بنکەی سەربازیی ئەمریکی لە خاکی هەرێم ئەگەر رێککەوتنە ئەمنییەکەش ئیمزا نەکرێت».

ئەو لێدوانەش زۆرێک لە لایەنە عێراقییەکانی تورەکردو وەها لێکدرایەوە کە هەرێم بەپێی دەستوور بەشێکە لە عێراقو سەرۆکی هەرێم بۆی نییە لێدوانی لەوجۆرە بدات، هەروەک رەوتی سەدر کە موقتەدا سەدر سەرکردایەتیی دەکات، بە توندی ئەو لێدوانانەی بارزانی رەتکردەوەو لەوبارەیەوە سەلاح عوبەیدی، وتەبێژی رەوتەکە، وتی: «ئەو لێدوانانەی سەرۆکی هەرێم رەتدەکەینەوە، چونکە ئەوجۆرە هەڵوێستانە هەمیشە ئەوەمان بەبیر دەهێننەوە کە کوردەکان بۆ جیابوونەوە تێدەکۆشن، ئەوەش جێگەی مەترسییە بۆ ئێمە».

وتەبێژەکەی رەوتی سەدر هێمای بۆ ئەوەشکرد کە لە عێراقدا دەستوور هەیەو دەبێت هەموو لایەک پابەندبن پێوەی بە کوردیشەوە، وتیشی: «بە هیچ جۆرێک دەستوور رێگەنادات هەرێمی کوردستان ئەوجۆرە رێککەوتننامانە ئیمزا بکات بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەند».


بەرهەم ساڵح

سەرکردایەتیی لیستی هاوپەیمانیش ئەو لێدوانانە (ئەوانەی رەخنە لە کورد دەگرن) بە دژی فیدراڵیو دەستوور دەدەنە قەڵەمو باس لەوەدەکەن کە لایەنە شیعییەکان دژ بە فیدراڵی هەڵسوکەوت دەکەن.

پشتیوان ئەحمەد، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند کە ئێستا زۆرێک لە حیزبو لایەنە عێراقییەکان جگە لە کورد، لەدژی فیدراڵینو دەیانەوێت ئەو سیستمە لە عێراق هەڵبوەشێنرێتەوەو دووبارە کار بۆ بەهێزکردنەوەی حکومەتی ناوەند دەکەن.

لێدوانەکانی بارزانی لە ئەمریکا کاردانەوەی لای جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراقیش دروستکرد کە نابێت هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمدا بمێننەوە، هەروەک تاڵەبانی لە لێدوانێکیدا رایگەیاند کە «ناگونجێت» هێزەکانی ئەمریکا لە هەرێمدا بمێننەوە بەبێ رەزامەندیی حکومەتی عێراق، ئەو وتانەی تاڵەبانی لەمیانی چاوپێکەوتنێکیدا بوو لەگەڵ کەناڵی ئەلعیراقییە کە هەفتەی رابردوو لەگەڵیدا سازیدابوو، ئەوەشی وت: «بەبێ رەزامەندیی ناوەند نابێت هیچ هێزێکی ئەمریکی لە عێراقدا بمێنێتەوە، چونکە هەرێم بەشێکە لە بەغداو هەمان ئەو یاسایانەی بەسەردا جێبەجێدەبێت کە لە بەشەکانی دیکەی خاکی عێراقدا کاری پێدەکرێت».

لە بەرامبەردا نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەختی لەوەکردەوە کە هەرێم پێشوازیی لە مانەوەی هێزەکان دەکات ئەگەر بەغدا رەزامەندیی نیشان بداتو بە رۆژنامەی «الشرق الأوسط»ی لەندەنی راگەیاند کە لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێم شێوێنراون بەمەبەستی سیاسی، جەختیشی لەسەر پابەندبوونی هەرێم بە بەندەکانی دەستوورو یەکپارچەیی عێراق کردەوە، وتیشی: «ئەو لێدوانانە لەلایەن چەند کەناڵێکەوە بەشێوەیەکی خراپو بۆ مەبەستی سیاسی شێوێنراونو پێچەوانە کراونەتەوە، لەبەرئەوە تا بەغدا پابەند نەبێت، ئێمە رازی نین بنکەی سەربازیی لە هەرێمدا دابمەزرێت».

ئەوەی زیاتر سەرکردایەتیی کوردی بێزارکردووە، هەوڵەکانی نوری مالیکییە بۆ دووبارە بەهێزکردنەوەی ناوەندو کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمە بەتایبەت کاتێک مالیکی لەمیانی چەند وتەیەکیدا کە هەفتەی رابردوو دەزگاکانی راگەیاندن بڵاویانکردەوە، باسی لەوەکردووە کە دەوڵەت بەبێ دەسەڵاتێکی ناوەندی پێک ناهێنرێتو شەراکەتی سیاسیش مانای وانییە لایەک لایەکەی تر ڤیتۆ بکات، بۆیە دەمانەوێت حکومەتی ناوەند بەهێزتر بێت لە هەموو هەرێمەکان.

مالیکی هەروەها داوادەکات کە جارێکی دیکە دەستوور هەموار بکرێتەوە بە جۆرێک کە دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەند زیادبکات، ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ داوای لایەنە عێراقییەکان سەبارەت بە هەموارکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق، مالیکی لە کۆنگرەی دەستەبژێریو لێهاتوویی عێراقییەکاندا کە لە بەغدا بەسترا، رایگەیاند کە دەستوور بە پەلە نووسراوتەوەو داواشیکرد کە جارێکی تر دەستوور بەشێوەیەکی بابەتییانە بنووسرێتەوە، بەشێوەیەک دەسەڵاتی پێویست بداتە حکومەتی ناوەند بۆ بەڕێوەبردنی وڵات لە بەرامبەر دەسەڵاتی حکومەتە هەرێمییەکان، وتیشی: «ئێستا پێویستمان بەوە هەیە وڵاتەکەمان لەسەر بنەمای نیشتمانیو دەستوری روون بنیات بنێن، بە جۆرێک شێوەو دەسەڵاتەکانی دیاربنو حکومەتی ناوەند بەرپرسیارێتی تەواوی هەبێت بەسەر ئەمنو سیاسەتی دەرەوەدا».

لەلای خۆیەوە شیروان حەیدەری، سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند کە دانانی بنکەی سەربازیی لە کوردستان دەبێت دوای رەزامەندیی بەغدا بێت، وتیشی: «لە رووی دەستوورەوە ناگونجێت بەبێ رەزامەندیی حکومەتی ناوەند، حکومەتی هەرێم رەزامەندیی لەسەر دانانی بنکەی سەربازیی ئەمریکی پیشانبدات، لەبەرئەوەی کوردستان هەرێمی فیدراڵە».

## د. فوئاد مەعسوم:

هەرێمی کوردستان هەر دەستکاریکردنێکی دەستوور کە دەسەڵاتەکانی کەمبکاتەوە، رەتدەکاتەوەو پێویستە هەر دەستکاریکردنێکی دەستوور لەرێی نوزسراوەوە بێتو ئاراستەی لیژنەی هەموارکردنی دەستوور بکرێت.

سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی، لە پەرلەمانی عێراق هەروەها دەڵێت: داواکەی مالیکی رەتدەکەینەوەو پێویستە داواکەی لەرێی یاساییەوە پێشکەش بکات.

This is trial version
www.adultpdf.com

# بەیاساکردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ!

کاردۆ محەمەد



قسەکردن لەسەر بابەتێک زۆری لەسەر گوترابێ کەم پەیڕەو کرابێ، خۆش نییە!، بەڵام چ بکەین؟! سەرەتا بۆ هەر کردارێک دەبێت بە وشە دەست پێ بکەین بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دیاردە و پرۆژەو بۆچونە دواکەوتو و کۆنەپارێزەکانی کوردەواری.

هەبونی ئاڕاستەو بۆچون و پرۆژەی جیاو ململانێ بۆ سەرخستنی پرۆژەیەکی مۆدێرن، دیاردەیەکی ئاسایی و سروشتیە ڕەنگدانەوەی وشیاری و تێگەیشنە بۆ کێشە و ئاراستە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵ، کەچی ئەوەی جێی تێڕامانە هاودەنگ بونی چەند ئەندامێکی فراکسیۆنی سەوزە لەپشتیوانی و پشتگیری تێزی بە یاسایکردنی چەوساندنەوەی ژنان، هەروەها لاسەنگکردنی تای چەمکی بەهاوڵاتیبون و یەکسانی مرۆڤ لەبەردەم یاسادا بە پارسەنگی چەند دەنگێکی هاولیست و هاوبەرنامە. پاساو و بیانوی پەرلەمانتاران هەرچییەک بێت، کەوتنە سەنگەری کۆنەپارێزان بۆ تێپەڕاندنی یاسای باری کەسێتی و فرەژنی جگە لە هەندێک وتەی سواوی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەنجامی دیاردەکان و بیرکردنەوەی ژەنگاوی کەونارایی پیاوان بۆ ئارەزوی تایبەتو مەرامە سیاسییاکانیان، هیچی تری تیانیە.

دەبوو پێشتر پەرلەمانەکەی ئێمە بە پەرۆشەوە مشوری چارەسەری بێکاری و نەبونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دەرەقەت نەهاتنی هاوسەرگیری و هەڵاتنی گەنجان بۆ هاندەران و مانەوەی ڕەگەزی مێی بخواردبوایە، کەچی بڕیاری زیاتربەکۆیلەکردنی ژنانیان کردە یاسا!. پەسندکردنەکە هەنگاوێکی نامرۆڤانەی دژ بە بنەمای دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بو بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بەرنامە و بەڵێنەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی لیستی سەوز نایەتەوە. ڕەنگە ئەندام پەرلەمان هەبێ بۆ کێشە چارەنوسسازەکان نا؟ بەڵکو بۆ ئەم بڕیارە جەخت لەسەر پرەنسیپی سەربەخۆیی لە بڕیاردان ئەم مافە بەخۆی بدات، بەڵام بوونی کورسی و نوێنەرایەتی هەر ئەندامێک لەسەر دەنگ بۆ حزب و لیستەکەی بووە، نەک بۆ بەرنامەی تاکەکەس. بۆیە ئەرکی ئەندامانی لیستەکەیە پابەندبێ بەبەرنامەو ئاراستەی حزبەکەی..

لە ڕاستیدا من گرفتە سەرەکیەکە لەم هەڵوێستە نابینم بەڵکو گرفتە سەرەکییەکە بۆ شێوازی کارکردنی ئۆرگانە باڵاکانی خۆمان دەگێڕمەوە کە دوورە لە کاری دامەزراوەیی بە شێوەیەک هەمو کایەکانی تریشی گرتۆتەوە، ئەم هەڵوێستەی بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمانی سەر بەلیستی سەوز دەرخەری ئەم ڕاستیە بوو، ئەم هەڵوێستە دەرخەری ڕێکخراو نەبونی ڕەفتارو هەڵسوکەوتمانە وەکو هێزێکی خاوەن دامەزراو بە بەرنامە بۆ ڕێنوێنی و پەروەردەی کادیران و دەرکردنی بڕیار و چاودێری نوێنەرەکانمان لە دامودەزگا هەستیارەکاندا، سەرەڕای سەنگودەنگی زۆرمان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان لە بەرامبەر کۆنەخوازان کە لە پاشەکشەدان و ئەمەش جۆرێک لە نواندنی پاشکۆیەتییە بۆ پرۆژەو بەرنامەی ئاراستەکانی تر..

دامەزراوەیەکی گرنگی یاسارێژی وەکو پەرلەمان، لەبری ئەوەی نوێنەرەکانمان تێیدا ئەوپەڕی ئامادەگیی و شەونخونی و وشیاریان هەبێ بۆ خواست و داوای جەماوەرەکەیان کە دەنگی پێداون. سەرەڕای وەرگرتنی ئەم هەموو ئیمتازات و پلەوپایە مەعنەوییە، زۆربەیان لە کێشە بنەڕەتییەکانی نەتەوەکەماندا، یان ئامادە نابێت، یان پێچەوانەی بەرنامەی حزبەکەی دەنگ دەدات، وەکو ئەوەی هیچ بەرپرسیارییەتیەکی نەتەوەیی لە ئەستۆ نەبێت. دەنگ بۆبەیاساکردنی چەوساندنەوەی مرۆڤ دەدات. لە کاتێکدا کەم نەبوون ئەو مرۆڤانەی گیانی خۆیان بەخت کرد لە پێناوی سەرفرازی و ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و بەها ئینسانییە پیرۆزەکان..

# کـوردەکـان لـە هـەیمـەنـ

نیاز نایف

«بەبێ حکومەتێکی بەهێز، ناتوانین سەروەریی عێراق بپارێزین و پەلە لە نووسینەوەی دەستووردا کراوەو دەبێت چاوی پێدا بخشێنرێتەوە»، ئەم وتەیەی مالیکی، کە چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە کۆنگرەیەکدا ڕایگەیاند، گرژی و ئاڵۆزییەکی زۆری لە گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا دروست کردو بەرپرسە کوردەکان بە توندی وەڵامی ئەو داوایەیان دایەوەو مالیکییان بە پێشێلکردنی دەستوور تۆمەتبار کرد.

لێدوانەکەی مالیکی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، لە کاتێکدایە کە ئێستا پەیوەندییەکانی نێوان کوردەکان و حکومەتی ناوەندی، بە قۆناغێکی گرژیدا تێپەڕ دەبێت.

حکومەتی بەغدا، هەرێم بەوە تۆمەتبار دەکات کە گرێبەستی نایاسایی لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی نەوتی جیهانیدا بەستووەو ئەوەش بەلای ئەوانەوە ڕێگەپێنەدراوە.

هەر بۆیە سەرۆک وەزیرانی عێراق، داوا دەکات دەستوور گۆڕانی بەسەردا بێت و هەوڵ بدرێت دەسەڵاتی ئێستای بەغدا زیاد بکرێت و دەسەڵاتی هەرێمەکان کەم بکرێتەوە.

مالیکی، لە بارەی چۆنییەتی ئەو دەستوورەی کە ئێستا بۆ عێراق پێویستە دەڵێت: «لەو سەردەمەی کە پێویست بوو کارەکان بە تەوافوقی سیاسی پێکبێت، ئەو سەردەمە بەسەرچوو، بۆ ئێستاش ئەوا کارەکانی حکومەت پەکی دەکەوێت و هەوڵەکانی بەهەدەر دەدات، چونکە کاری حکومەت بە پشکایەتی سیاسی کەسی نەشیاو دێنێتەجێ».



فەلاح مستەفا

## حکومەتی هەرێم داواکەی مالیکی ڕەتدەکاتەوە

لە یەکەم کاردانەوەی ڕەسمیدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ڕێگەی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی خۆیەوە داواکەی نوری مالیکی سەرۆک وەزیری عێراقی ڕەت کردەوە سەبارەت بە گۆڕینی دەستوورو فراوانکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەند.

فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم، تەئکیدی کردەوە پێویستە لە گشت بوارەکاندا پشت بە دەستووری عێراق ببەسترێت، چونکە سەردەمی شمولییەت و کۆنترۆڵی دەوڵەتی ناوەندی بەسەر گشت مەسەلەکاندا کۆتایی هاتووە.

بەرپرسەکەی حکومەتی هەرێم وتیشی: «ئەگەر داواکاری گۆڕانکارییەکانی دەستوور کە مالیکی داوای دەکات، لەسەر حسابی هەرێم بێت، ئەوا قبوولی ناکەین».

ئەوەشی خستەڕوو کە حکومەتی هەرێم کێشەی لەگەڵ هەموارکردنەوەی دەستووردا نییە، بەمەرجێک ئەو هەموارکردنە لەپێناوی فراوانکردنی ئازادی نەتەوەیی و ئایینی و سەروەری یاسادا بێت، نەک بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێم.

لێدوانەکانی مالیکی لەلایەن زۆرێک لە چاودێرانی سیاسییەوە بە هەوڵێکی بەرنامە بۆ داڕێژراو دادەنرێت، بۆ بەهێزکردنی ناوەند و لاوازکردنی هەرێمەکان، چونکە ئەو لێدوانە لە کاتێکدایە کە هەوڵەکان بۆ هەموارکردنی دەستوور، پڕچەککردنی سوپای عێراقی، دروستکردنی ئەنجومەنەکانی ئیسناد، لابردنی زمانی کوردی لە خوێندنی زانکۆکان، وەرگرتنەوەی پۆستی بریکاری وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە بەرپرسانی کورد، مەسەلەی یاسای نەوت و غاز، هەروەها مەسەلەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ئارادان و بوونەتە هۆی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزیی لەنێوان هەرێم و بەغدا.

د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح، جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق، هەر جۆرە هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی هەرێم ڕەتدەکاتەوە و ئاماژە بەوە دەکات دەستووری هەمیشەیی عێراقی تاکە سەرچاوەی بڕیار و یەکلاکردنەوەی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئیتیحادییە و دەسەڵاتی هەردوولا لەو دەستوورەدا دەستنیشانکراون.

د. بەرهەم، ئەوەش دەخاتەڕوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بارەی زۆر مەسەلەوە هاوڕا نییە لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادیدا، بۆیە ئەو بەرپرسە مەترسی ئەوەی نیشاندا «ئەگەر هەموو دەسەڵاتێک بۆ حکومەتی ئیتیحادی بگەڕێتەوە، ئەوا جارێکی دیکە دەسەڵاتی مەرکەزی دێتەوە کایە».

## «سەرکردە کوردەکان لە ئاست کێشەکاندا نین»

د. مەحمود عوسمان، سیاسەتمەداری کورد، ڕەخنە لە هەڵوێستی لاوازی کورد لە عێراقدا دەگرێت و بە پێویستی دەزانێت هاوپەیمانی کوردستان بەیاننامەیەک لە دژی قسەکانی مالیکی دەربکات.

د. مەحمود وتی: «کورد دەبوو دوو ساڵ لەمەوبەر کە مالیکی بە تەنیا مابووەو تەنیا کورد پشتگیری دەکرد، ئەو شتانەی لەگەڵدا ساغ بکردایەتەوە،

### د. مەحمود عوسمان:

نوری مالیکی دەیەوێت سیاسەتێکی نوێ بەرامبەر کورد پەیڕەو بکات و هەوڵدەدات حکومەتی ناوەندی بەهێز بکات و دەسەڵاتی هەرێم کەمبکاتەوە، بۆیە لیستی هاوپەیمانی هەڵوێستێکی ڕوونی بەرامبەر بە مالیکی دەبێت.

ئەندامەکەی پەرلەمانی عێراق هەروەها دەڵێت: ماوەی سێ ساڵە حکومەتی هەرێم گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی بەغدا دەکات، بەڵام بێئاکام بووە، بۆیە پێویستە چارەسەرێکی بنەڕەتی و یەکلایی کەرەوە بۆ کێشەکان بدۆزینەوەو بۆ حکومەتی بەغدای ڕوونبکەینەوە کە ئەو سیاسەتە نوێیەی، دژی فیدراڵییە.

# کورد لەنێوان سەربەخۆیی و فیدراڵیدا ... لێـدوانی سەرکـ

بەرهەم خالد

چەند ساڵێکە سەرکردە کوردەکان وەک ئەوەی خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ بن، لێدوان دەدەن و هەندێک هەڵسوکەوت دەکەن. ئەمەش لەکاتێکدایە بەگوێرەی ئەو دەستوورەی کوردەکان بەشداربوون لە داڕشتنی و لە ڕاپرسیی گشتیدا پەسەندیان کردووە، کوردستان هەرێمێکە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەوپێیەش ئەو جۆرە هەڵسوکەوت و لێدوانەی سەرکردە کوردەکان پێچەوانەی بنەما دەستوورییەکان و سیستمی فیدراڵیی عێراقە.

دەستووری نوێی عێراق کە لە ١٥/١٠/٢٠٠٥دا لەلایەن زۆرینەی خەڵکی عێراقەوە دەنگی پێدراوە، تێیدا هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵ ناسێنراوەو ماف و دەسەڵاتەکانی بۆ دیاریکراوەو لە ناوەند جیاکراوەتەوە، بەوپێیەش دەبێت هەریەک لە دەسەڵاتی مەرکەز و فیدراڵ ئەرک و سنوورەکانی خۆیان بزانن و بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکاندا بکەن کە بۆیان دیاریکراوە.

وەک لە بنەما نێودەوڵەتییەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا هاتووە، حکومەتی ناوەند بەرپرسە لە هەریەک لە:

١- بەرگریی لە نیشتمان و ڕاگەیاندنی جەنگ و پەیمانی ئاشتەوایی و سەرپەرشتیکردنی سەرجەم هێزە چەکدارەکان لە وڵاتدا.

٢- سیاسەتی دەرەوەو هەموو ئەو چالاکیانەی پەیوەستن بە نوێنەرایەتیی دیبلۆماسی و سیاسی و بەشداریکردن لە کۆنگرەو دامودەزگا نێودەوڵەتییەکان.

٣- بەستنی پەیماننامەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام لە دەستووری هەندێک لە وڵاتاندا ڕێگە بە حکومەتە هەرێمییەکان دەدات کە هەندێک پەیماننامەی ناسیاسی ئیمزا بکەن وەک ڕۆشنبیری و بازرگانی، بە مەرجێک دژ بە سیاسەتی گشتیی وڵات نەبێت.

### هاشم تائی:

دروستبوونی هەرێمێکی دیکە لە عێراقدا کێشەی ئیداریی و سنووریی دروست دەکات.

سەرۆکی لیژنەی هەرێمەکان لە پەرلەمانی عێراق هەروەها دەڵێت: ئەو پارێزگایانەی دەگۆڕێن بۆ سیستمی هەرێم، لە ئێستادا ناتوانن کاروباری خۆیان بەڕێوەببەن و کێشەی زۆر دروست دەبێت، سەبارەت بە سەرچاوەکانی ئاوو بیرە نەوتەکان، جگە لە کێشەی ئیداریی.



نوری مالیکی

لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا چەندین کێشە لەنێوان هەرێم و بەغدادا دروستبوون کە زۆرێکیان بۆ جیاوازیی خوێندنەوەو تێگەیشتن لە بەندە دەستوورییەکان دەگەڕێنەوە، وەک کێشەکانی نەوت و غاز و بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان و دەستێوەردانی دەرەکی و بوونی هێزی پێشمەرگەو دواترینیشیان ڕێککەوتنە ستراتیژیەکەی نێوان عێراق و ئەمریکایە بەتایبەت لە هەردوو خاڵی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو دانانی بنکەی سەربازیی هەمیشەیی لە عێراق.

کەرکوک وەک یەکێک لە ناوچە جێناکۆکەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، چەندین کێشەی لەنێوان هەرێم و ناوەندا دروستکردووەو پریشکی کێشەکە گەیشتووەتە وڵاتانی دیکەش، بەتایبەت تورکیا کە دەیەوێت لەپێناو بەرژەوەندیی تورکمانەکانی ئەو شارەو بە پاساوی بوونی بارەگاو بنکەی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) لە ناوچەکە، هەڕەشەی لەشکرکێشیی بۆ سەر خاکی هەرێم بکات، لە بەرامبەردا لە دوو ساڵی ڕابردوودا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی ئەلعەرەبییە کە ساڵی ڕابردوو لەگەڵیدا ئەنجامیدا، هەڕەشەی ئەوەی لە تورکیا کردووە کە ئەگەر لەشکرکێشیی ئەنجامبدات، کوردیش دەستوەردەداتە کوردستانی تورکیا لە بەرژەوەندیی کوردەکانی ئەو وڵاتە، ئەوەش لێپرسراوانی ئەو وڵاتەی تووڕەکرد بەوەی مەسعود بارزانی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەو هەڕەشانە دەکات، هەربۆیە ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا، کۆندۆلیزا ڕایسی وەزیری دەرەوەی ئەمریکای لەوە ئاگادارکردەوەو نیگەرانیی ئەو وڵاتەی سەبارەت بەو لێدوانەکانی بارزانی پێ ڕاگەیاندووە.

ڕێککەوتننامە ئەمنییەکەی نێوان عێراق و ئەمریکاش هەمان ئەو سیناریۆیەی دووبارە کردەوە کاتێک سەرکردایەتیی کورد جیاواز لە حکومەتی عێراق پێشوازییان لە ڕێککەوتنەکە کرد، بەتایبەت لە خاڵی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو دانانی بنکەی سەربازیی لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەت کاتێک

This is trial version
www.adultpdf.com

# هۆڵی تایبەت بە بۆنەکان لە سلێمانی دروستدەکرێت

ستاره عارف

پارێزگای سلێمانی بە بڕی ٢٥١ ملیۆنو ٧٥٠ هـەزار دینار هۆڵێک بۆ لەخۆگرتنی بۆنەکان لە گەڕەکی زەرگەتە دروستدەکات.

نـەورۆز مستەفا، بەڕێوەبەری پـلانو بـەدواداچـوونـی پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی، باسی لەوەکرد کە شوێنی هۆڵەکە پێشتر زەوییەکی چۆڵ بووەو دروستکردنی ئەو هۆڵە لەمیانەی دروستکردنی چەند هۆڵێکی تـردا هاتووە کە لەناوو دەرەوەی پارێزگا ئەنجامدراون، وتی: «بەپێی بەدواداچوونی ئێمە کارەکانی پرۆژەکە باش بەڕێوەچووەو بەبێ کەموکوڕی ئێستا تەواوبووە، جگە لە ناوشار لە دەرەوەی سلێمانیش لەمشێوە هۆڵەمان دروستکردووە»، ئەوەشی خستەڕوو کە پرۆژەکە لە ڕێی تەندەرەوە دراوەو بەڵێندەر جێبەجێی کردووە.

دروستکردنی پرۆژەکە لەلایەن کۆمپانیاوە ئەنجامدراوەو لە ماوەی ١٢٠ ڕۆژدا تەواوبووەو ناوی هۆڵی بۆنەکانی لێنراوە، کورسیو ئامێری فێنککەرەوەو گەرمکردنو ئیدارەی تایبەتی بۆ دابینکراوە.

شـێـخ کـامـیـل، ئـەنـدازیـاری سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، ئەوەی خستەڕوو کە جـگـە لـەم هۆڵەی گەڕەکی زەرگەتە، تا ئێستا ٢٦ هۆڵیان بەناوی هۆڵی بۆنەکانەوە لە سلێمانیو دەوروبەری دروستکردووەو وتـی: «٢ هۆڵی تریش لە قۆناغی جێبەجێکردندان، لەلایەن ئەندازیارانی پارێزگاوە دیزاینی بۆ ئامادەکراوە، مـاوەی جێبەجێکردنەکەی بۆ هەر هۆڵێک ١٢٠ ڕۆژەو ئەم پرۆژەیەش لـە مـاوەی خـۆیـدا بـێ کەموکوڕی بەڕێوەچووەو بڕی تێچوونی هەر هۆڵێک بەپێی گرێبەست ٢٥١ ملیارو ٧٥٠ ملیۆن دینارە».

پێشتر هەندێک لـەو هۆڵانەی دروستدەکران کەموکورتیان هەبوو لە ڕووی نەبوونی پێداویستییەکانیانەوە، بـەڵام سەرچاوەیەک لە پارێزگای سلێمانی باسی لەوەکرد کە ئێستا هـۆڵـەکـان ئـەو کەموکورتیانەیان بـۆ چـارەسـەرکـراوەو هـەمـوو پێداویستییەکانی وەک کورسی، مۆەلیدە، سپلیتو گـەرمو ساردی بۆ دابینکراوە، جگە لە عەزلکردنی بنمیچی هۆڵەکە بە (K.SPAN) بە مـادەی فۆم کە لە هاویندا هۆڵەکە گەرم نابێتو لە زستاندا سارد نابێت، لەگەڵ دروستکردنی ژوورێک بۆ ئیدارەدانی هۆڵەکە.


هۆڵی کۆبوونەوەکان لە گەڕەکی زەرگەتە

# دروستکردنی بینایەک، شارەوانیی بازیان لە کێشەکانی دەرباز دەکات؟

عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر

لەسەر بودجەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو بە بڕی ٤٠٩ ملیۆنو ١٨٠ هەزار دینار، بینایەک بۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیی بازیان دروستدەکرێت.

لەسەر ڕووبەری ٦٨٠م بینایەکی دوو نهۆمی لە ناحیەی بازیان بـۆ سەرۆکایەتیی شارەوانیی ناحیەکە دروستکراوەو کارەکانی لەلایەن کۆمپانیای بەکرەجۆوە جێبەجێکراوەو ١٠٠٪ی کارەکانی تەواوبووە.

شارۆچکەی بازیان بە دووریی ٢٥کـم کـەوتـووەتـە خـۆرئـاوای شـاری سلێمانییەوەو مەڵبەندی ناحیەی بازیانەو چوار شارۆچکە لـە خۆ دە گرێت، نزیکەی ١٧ هەزار دانیشتووانی تێدا نیشتەجێیە.

پـرۆژەی دروستکردنی بینای شارەوانییەکە لە مـاوەی ٢٠٠ ڕۆژدا ئەنجامدراوە، ڕووبـەری زەوییەکەی ٨٨٠٠ مەترە، بەڵام ٦٨٠ مەتری کراوەتە بینا کە لە دوونهۆم پێکهاتووەو نهۆمی یەکەم ٩ ژوورو نهۆمی دووەمـیـش ٧ ژووری تێدایە، هەروەک پارکی وەستانی ئۆتۆمبیلو ژووری تایبەتی بۆ پاسەوان تێدایەو باخچەشی تێدا دروستکراوە.

سەروەت حەسەن، ئەندازیاری سـەرپـەرشـتـیـاری پـرۆژەکـە لە شارەوانییەکانی سلێمانی، جەختی لەوەکردەوە کە پرۆژەکە لـەسـەر بـودجـەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی دروستکراوەو نەخشەکەشی هـەر ئـەوان ئامادەیان کردووەو وتی: «پرۆژەکە بەتەواوەتی دروستکراوەو هیچ کێشەیەکی نـەبـووە، پارکێکی جوانیشمان بە سێڵای بیناکەدا دروستکردووە کە شێوەیەکی زۆر جوان دەداتە بیناکەو پرۆژەکەش لەکاتی خۆیدا تەواوبووە، ئێستا شارەوانیی بازیان دەوامـی تێدا دەکەن».

لەلایەکی ترەوە مافناس عومەر ئاڵی، سەرۆکی شارەوانیی بازیان، باسی لە خراپیی ئەو بینایە کرد کە پێشتر کاریان تێدا کردووە لەگەڵ فەرمانگەی ئاوداو وتی: «ئێستا هیچ کام لەو کێشانەمان نییە کە پێشتر بەهۆی خراپیی بیناوە دەهاتە ڕێـگـەمـانو کاریگەریی لەسەر کارەکان دروستدەکرد، سوپاسی پارێزگای سلێمانیش دەکەین کە ئەم پرۆژەیەیان بۆ ئەنجامداین، چـونـکـە بـە راسـتـی پێویستبوو وەزارەتی شارەوانی بیکردایە، بـەڵام بـۆیـان نەکرا».


بینای سەرۆکایەتی شارەوانی بازیان

# ٧ هەزار مەتر زەوی سەوز دەکرێت

ئەستێرە شارباژێری

پارێزگای سلێمانی دوو باخچە لـە هـەردوو گـەڕەکـی رزگـاریو بەختیاری تازەی شاری سلێمانی بە بڕی زیاتر لە ٤٠٧ ملیۆن دینار دروستدەکات.

هەرچەندە پـرۆژەکـان لە دوو گـەڕەکـی جـیـاوازن، بـەڵام یەک دەرخستەیان بۆ کراوە.

عـومـەر نامیق، بـەڕێـوەبـەری کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکە، باسی لەوەکرد کە ماوەی هەردوو پرۆژەکە ١٣٠ ڕۆژ بووەو لەسەر ڕووبەری ٧ هەزار مەتر چوارگۆشە ئەنجامدراون، باخچەکەی گەڕەکی رزگـاری ڕووبـەرەکـەی بچووکەو ٧٠٠ مەترە، بەڵام ئەوەی گەڕەکی بەختیاری تازە لەسەر ڕووبەری ٦ هەزارو ٣٠٠ مەتر دروستدەکرێتو وتی: «بەپێی نرخی ئیحالەکردن ٣٨٦ ملیۆن دیناریان بۆ تەرخانکرابوو، بەڵام لەدوایدا بەهۆی زیادکردنی هەندێک بڕگەوە بودجەکەی بۆ ٤٠٧ ملیۆن دینار زیادکرا»، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە لە ئیحالەکردندا ئەو بڕگانەی کە تێیدایە بە نزیکەیی خەملێنراوە، جگە لـەوەی لەکاتی کارکردندا هەندێک بڕگە پێویستی بە بودجەی زیاترە.

عومەر ئەوەشی خستەڕوو کە پرۆژەکە لە وادەی دیاریکراودا تـەواوبـووە، «بـەڵام ١٥ ڕۆژمـان وەرگرت بەهۆی بوونی موەلیدەیەکی ئەهلی لە باخچەی رزگاریدا تا مۆڵەتی شارەوانیو پارێزگامان وەرگرت بۆ بردنە دەرەوەی».

دروستکردنی هەردوو باخچەکە بە سەرپەرشتیی بەڕێوەبەرێتی باخچەکان ئەنجامدراوەو دیواری ناوەوەیان بە بەردو نەقاڕ کراوەو باخچەکەی گـەڕەکـی بەختیاری ئینارەی بۆ دانـراوەو ٣٥ ستوونی ڕووناکی بە گڵۆپەوە تێدایە، جگە لە بیرێک بە قوڵی ١١٠ مەتر.

فێنک ئیبراهیم، ئـەنـدازیـاری بـیـنـاکـاری، بـاسـی لـەوەکـرد کە بـەردەوام سـەردانـی پـرۆژەکـان دەکەنو هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن، وتیشی: «هەرچەندە لە دوو شوێنی جیایە، بـەڵام هـەردوو پرۆژەکە یەک دەرخستەیان هەیەو پێشینەی وەرگیراویش ٢٥١ ملیۆنو ٢٨٨ هـەزارو (٥٠٠) دینـارە، بودجەی کۆتایی پرۆژەکەش ٤٠٧ ملیۆنو (٢٢٠) هەزار دینارە».

دێـریـن فەهمی، ئـەنـدازیـار لە بـەڕێـوەبـەرایـەتـی باخچەکانو بـەرپـرسـی پـرۆژەکـان، وتـی: «کۆمەڵێک دیواری ڕاگر بۆ باخچەکان دروسـتـکـراوە، چونکە پێشتر بەرزییو نزمیی زۆری تێدابووەو شوێنی فڕێدانی خـۆڵو خاشاک بوو، لە بەرنامەشدایە باخچەکەی بەختیاری ئۆفیسێکی بۆ بکرێت، چونکە گەورەیەو دەبێت بە سەنتەری کۆمەڵێک ئەندازیاری کشتوکاڵیو کرێکار کە لەوێ دادەمـەزرێـن، بە واتای ئەوەیە کە کۆمەڵێک کار بۆ خەڵکی تر دەدۆزینەوە».

باسی لەوەشکرد کە شوێنی باخچەکەی گـەڕەکـی رزگاریش پێشتر خاشاکی لێ فڕێدراوەو بۆ چاککردنەوەی پەرژینو بەرزیو نزمییەکانی ڕێککراوەتەوەو گڵی کشتوکاڵی تـێـکـراوەو کـارەبـاو ئـاویـشـی بـۆ دانــراوە، وتیشی: «لەلایەن ئەندازیارەکانی خۆمانەوە دیزاینی باخچەکان کراوە کە کاری شارستانیو کارەباییو ئاویشی تێدایە، هەردوو باخچەکەش ئاوی پێویستی بـۆ دابـیـنـکـراوەو گڵی کشتوکاڵی شیاوی تێکراوە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی باخچەکانەوە کاری سەوزکردنی بۆ ئەنجامدەدرێت».

This is trial version
www.adultpdf.com

# نەوت یاریی بە هاوڵاتییانی عێراق دەکات

**محەمەد کەریم**

لەکاتێکدا کە مانگی ٧ی ئەمساڵ نرخی نەوت ریکۆردی پێوانەیی مێژووی خۆی بۆ ١٤٧ دۆلارو ٥٠ سەنت بۆ هەر بەرمیلێک لە بۆرسەی لەندەن تۆمارکرد، کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە دوای ٤ مانگ نرخی نەوت بگاتە ٥٢ دۆلارو ٢٤ سەنت، بەتایبەت دوای سەرکەوتنی ئۆباما بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا هیواکان بە چارەسەری قەیرانی ئابووری زیادی کردو بۆرسەکان لە سەرانسەری جیهاندا بەرزبوونەوەو نرخی نەوتیش کە دابەزیبوو بۆ ئەو ئاستە نزمە، بەرزبووەوە بۆ سەروو ٦٠ دۆلار.

بەڵام ئێستا نرخی نەوت بەردەوام لە دابەزیندایەو گەیشتووەتە نزمترین ئاست دوای ریکۆردە مێژووییەکەی، هەر ئەوەش بووەتە هۆی کەمکردنەوەی ١٣ ملیار دۆلار لە بودجەی ٢٠٠٩ی عێراق، هەرچەندە زۆرێک لە شارەزایان و چاودێران چاوەڕوانن و هیودارن لە داهاتوویەکی نزیکدا نرخی نەوت لە بازاڕە نێودەوڵەتییەکاندا بەرز ببێتەوە.

پرۆفیسۆر هۆشیار مەعروف، شارەزای ئابووری، سەرچاوەی دابەزینی نرخی نەوتی گەڕاندەوە بۆ قەیرانی ئابووریی و وتی: «لە ماوەی سێ مانگی داهاتوودا نرخی نەوت هەر بەوشێوەیە دەبێت، بەڵام دوای ئەو سێ مانگە زۆر شت دەگۆڕێت، چونکە بازاڕی نێودەوڵەتی بەرەو چاکسازیی دەچێت».

ناوبراو پێیوابوو کە دوای ئەم ماوەیە بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهانداو هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی داهاتی عێراق، دیسان پێداچوونەوە لەسەر بودجە دەکرێت.

لە ئێستادا نرخی نەوت لەچاو ئەو ریکۆردەی کە لە مانگی حەوتی رابردوودا تۆماری کردبوو کە لە بازاڕی لەندەن گەیشتە ١٤٧,٥ دۆلارو لە بازاڕی نیویۆرک گەیشتە ١٤٧,٢٧ دۆلار، زیاتر لە ٦٠٪ی نرخی دابەزیوە.

ئیسماعیل شکور، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی عێراق، گەشبینتر بوو لە پرۆفیسۆر هۆشیار مەعروف و پێیوابوو کە نرخی نەوت بە خێرایی بەرزدەبێتەوەو وتیشی: «نرخی نەوت لە بەرزو نزمبوونەوەدایە، دامەزراوە داراییەکانی عێراق رایانوایە لە داهاتوویەکی نزیکداو دوای دوو مانگی دیکە بەرزدەبێتەوە بۆ سەروو ٧٠ دۆلار».


بۆیە بە بڕوای د. ئیسماعیل لەکاتێکدا نرخی نەوت گەڕایەوە جێگەی ئاسایی خۆی، ئەوا بودجەی تەواوکاریی بۆ عێراق دروستدەبێت، بۆیە پێشبینی دەکەن تا ٦ مانگی دیکە نرخی نەوت بگاتەوە ٨٠ تا ١٠٠ دۆلار.

بڕی ٨٠ ملیار دۆلار بۆ بودجەی ساڵی داهاتووی عێراق تەرخانکرابوو، کە تێیدا نرخی هەر بەرمیلێک نەوت بە ٨٠ دۆلار خەمڵێنرابوو، ئەویش لەکاتێکدا رۆژانە بڕی ٢ ملیۆن بەرمیل نەوت بنێردرێتە دەرەوە، بەڵام نزمبوونەوەی نرخی نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا کە بە هەرزانترین سەرچاوەی وزە هەژمار دەکرێت، بووە هۆی پێداچوونەوەی بودجەی ٢٠٠٩ی عێراق.

هۆشیار مەعروف، چارەسەری ئەو قەیرانە ئابوورییەی رووبەڕووی جیهان، بە تاکە چارەسەر زانیو ئاماژەی بەوەشکرد کە هەندێک یاساو رێوشوێن لەلایەن سەرۆکی داهاتووی ئەمریکاوە دانراوە کە قەیرانەکە بەرەو چارەسەر دەبات و حکومەتەکان پارەیەکی یەکجار زۆریان داناوە بۆ رزگاربوون لەو قەیرانە ئابوورییە، بۆیە دەتوانین خۆشبین بین لەوبارەیەوە.

ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە ئەمڕۆ راپۆرتێک رادەگەیەنێت و لەو راپۆرتەدا پێشبینی دەکرێت کە خواست لەسەر بەکارهێنانی نەوت دابەزێت بە جۆرێک کە رۆژانە ٧٠٠ هەزار بەرمیل نەوت کەمتر بەکاردەهێنرێت، ئەوەش بە رۆڵی خۆی کاردەکاتە سەر نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهاندا، هەرچەندە رێکخراوی ئۆپیک رایگەیاند کە لەکاتێکدا ئاستی خواست لەسەر بەرهەمی نەوت کەمبووەوە، ئەوا پلانیان هەیەو بە کەمکردنەوەی بڕی بەرهەمهێنان رووبەڕووی نزمبوونەوەی نرخی نەوت دەبنەوە.

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەی رۆژی سێشەممەدا بودجەی گشتیی ساڵی ٢٠٠٩ی عێراقی بە بڕی ٧٩ تریلیۆن دینار پەسەندکرد، پاش مشتومڕێکی زۆریش بڕیاردرا بە مانەوەی رێژەی ١٧٪ وەک بەشە بودجەی ساڵانەی هەرێمی کوردستان کە دەکاتە ٨ تریلیۆن و ٨٦٥ ملیار دینار، ئەمە جگە لەوەی بڕی ٩ تریلیۆن دینار بۆ خەرجییەکانی حاکمییە تەرخانکراوەو هەرێمی کوردستان لەوەشدا ١٧٪ی بەردەکەوێت.


وەرگیراوە

## وەزارەتی پلاندانانی عێراق: دەستبەرداری هیچ کارمەندێکی حکومەت نابین

**ڕۆژنامە، ئاژانسەکان**

وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراق رایگەیاند، کە دەستبەرداری هیچ کارمەندێکی حکومەت نابن و تەواو ئاگاداری ئەو بەرپرسیارێتییەن کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی گرفتی بێکاریی دەکەوێتە سەرشانیان.

لە بەیاننامەیەکی وەزارەتی ناوبراودا هاتووە کە هیچ پلانێکیان نییە بۆ دەستبەرداربوونی ٧٥٪ی کارمەندانی حکومەت لە ماوەی دە ساڵی داهاتوودا، وەک هەندێک لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاویان کردووەتەوە، چونکە وەزارەت ئاگاداری ئەو مەترسییانەی بێکارییە کە هەڕەشە لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەکەن، لە بەیاننامەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە کە «وەزارەت بە بەرپرسیارێتییەوە کار بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە دەکات و لێدوانەکانی عەلی بابانی، وەزیری پلاندانان لەوبارەیەوە وەک خۆی بڵاونەکراوەتەوە».

بەیاننامەکە ئەوەشی روونکردووەتەوە کە وەزارەت بە ئەرکی خۆی دەزانێت هۆکارە راستەقینەکانی بێکاریی بۆ رای گشتی روون بکاتەوە، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دارمانی کەرتی بەرهەمهێنان و کەمیی وەبەرهێنان و لاوازیی پرۆسەی بەتایبەتکردنی کەرتی گشتی، ئەم گرفتانەش پێویستیان بە چارەسەری کاریگەر هەیە نەک چارەسەری رووکەش کە دەبێتە هۆی قوڵبوونەوەی زیاتری کێشەکان.

هەروەها تێیدا هاتووە «ئەگەر بتوانین کەرتەکانی بەرهەمهێنان لە رێگەی گۆڕینیان بۆ کەرتی تایبەت ئامادەبکەینەوەو بوار بە وەبەرهێنانی بیانی بدەین، ئەوکات دەتوانین دەیان هەزار هەلی کار دروستبکەین».



## بودجەی پلانی ستراتیژی کەرتی کشتوکاڵ تاووتوێکرا

**ڕۆژنامە، ئاژانسەکان**

بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوو پلاندانان و پیشەسازیی و نوێنەرانی پارێزگاکانی هەرێم، بودجەی پلانی ستراتیژی کەرتی کشتوکاڵییان تاووتوێ کرد.

پلانی ستراتیژی کشتوکاڵ نەخشەیەکی پێنج ساڵەیە بۆ وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی و سەرچاوەکانی ئاوو ئەو شوێنانەی کە پەیوەندیدارن بە بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ، بە پشتبەستن بە داتاو ئاماری دروست و پارەی تێچوو بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان بەپێی قۆناغ و ساڵەکان و بۆ گەیشتن بە خودبژێویی لە گەنم و جۆو سامانی ئاژەڵ و پەلەوەرو بەرهەمهێنانی سەوزەو میوەو زەیتوون و پێشخستنی دارستان و هاندانی بەرهەمهێنەرانی هەنگوین و ماسیی و ئامێری نوێ و بەرەوپێشبردنی رەوشی کەشناسی، هەروەها کردنەوەی خولی پەرەپێدانی توانای کادیرانی کەرتی کشتوکاڵ و پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی.

بۆیە لە راپۆرتەکەیاندا وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو راپۆرتی خۆیان خستەڕوو کە تایبەت بوو بە لێدانی بیرو ئامادەکردنی حەوزی ئاوو سوودوەرگرتن لە ئاوی باران بۆ جوتیاران، کەرتی پیشەسازیش لە راپۆرتەکەیدا پێشنیازی دامەزراندنی چەندین کارگەیان کرد بۆ بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و هاوکات زیندووکردنەوەی هەردوو بانکی کشتوکاڵ و پیشەسازیی.

## بەبێ گوێدانە روسیا، رێوشوێنەکانی دیاریکردنی نرخی نەوت دەگیرێتەبەر

**ڕۆژنامە، ئاژانسەکان**

فلادیمێر پۆتن، سەرۆکی روسیا رایگەیاند؛ وڵاتەکەی زنجیرەیەک رێوشوێن دەگرێتەبەر بەمەبەستی دانانی نرخەکانی نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا. پۆتن، ئەوەشی راگەیاند کە وڵاتەکەی گەورەترین هاوردەکارو وەبەرهێنی نەوتەو ناکرێت لە پرۆسەی دیاریکردنی سیاسەتە نەوتییەکاندا دوورەپەرێز بێت.

## پۆژش

**لە ژمارە ٣٤٤ی رۆژنامەداو لە راپۆرتێکدا کە لەسەر پرۆژەی گەشتیاریی ناوچەی سەرچنار لە لاپەڕە ٨دا بڵاوکراوەتەوە، لەبری ئەوەی ژمارەی نەخشە رەفزکراوەکانی کۆمپانیای بەلاغی لوبنانی بە (٥٥٠) نەخشە هەژمار بکرێت، بە (٥٥) نەخشە دیاریکراوە، داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەڕێزو کۆمپانیای ناوبراو دەکەین.**

This is trial version
www.adultpdf.com



















بۆ پەیداکردنی بازاڕی نوێ و برەوی زیاتر بۆ کاڵاکانتان ریکلامەکانتان لە ڕۆژنامە دا بڵاوبکەنەوە

لأجاد اسواق جديدة والترويج لمنتوجاتكم أعلنوا في ڕۆژنامە

Rozhnama helps you to make your goods famous

Mob: 009647501503333 009647701438154

Email: riklam@rozhnama.com info@rozhnama.com

This is trial version
www.adultpdf.com
















This is trial version
www.adultpdf.com

# ئاماری ٤ مانگی ڕووداوەکانی توندوتیژی دژ بە ژنان

ستارە عارف

## هەمیشە هەڵوەرینی تەمەنە بەهارییەکەی ژنان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنانی سەر بە وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتی ٤ مانگی خۆیان تایبەت بە بارودۆخی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ٥/١ تا ٢٠٠٨/٩/١ بڵاودەکەنەوەو لە ئامارەکەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەی سووتان‌و کوشتنی ژنان نەک کەمی نەکردووە، بەڵکو بەردەوامەو قۆناغ بەقۆناغ کێشەکان ئاڵۆزتر دەبن‌و دەرئەنجامی توندوتیژییان لێدەکەوێتەوە، چونکە بە بەرنامە ئۆرگانیزە ناکرێن، کە زیانمەندی یەکەم‌و سەرەکیش ژن‌و منداڵن، هەرچەندە بەپێی مانگ کەم‌و زیاد دەکات، حاڵەتەکان زۆرینەیان توندوتیژین بەشێوەی «هەڕەشەو ئەشکەنجەی جەستەیی‌و دەروونی‌و خراپ بەکارهێنانی مۆبایل‌و توندوتیژی سێکسی‌و کێشەی میرات‌و بەزۆر بەشوودان»و چەندین شێوەی تری توندوتیژی کۆمەڵایەتی بەرامبەر بە ژن، بەشێوەیەک لە پارێزگای هەولێر ژمارەی ڕووداوەکانی سووتان ٤١ حاڵەت‌و لە پارێزگای دهۆک ١٥ حاڵەت‌و لە قەزای سۆران ٧ حاڵەتە. لە مردنی ژناندا جۆری جیاواز لە سووتان واتە جگە لە پەنابردنە بەر سووتانی ژنان یان بکەرانی ئەم کردەوانە شێوەی کوشتنیش بەکاردەبەن لە ڕێگەی چەک یان ئامرازی ترەوە، بەڵام وەک لە ئامارەکاندا دەردەکەوێت سووتان زۆرتر پەنای بۆ دەبرێت، ئەمەش لەوانەیە بەهۆی زیاتر بەدەستەوەدان یان ئاسانترین ڕێگە بێت کە پەنای بۆ دەبرێت.

ژمارەی ڕووداوەکانی کوشتن لەناو ژناندا لە ماوەی ٥/١ تا ٢٠٠٨/٩/١ لە پارێزگای هەولێر ٢٠ حاڵەت‌و لە پارێزگای دهۆک ١٠ حاڵەت‌و لە قەزای سۆران ٤ حاڵەت بووە.

بەپێی زانیارییەکانی ڕاپۆرتەکە، زۆرترین ئەو ژنانەی کە سکاڵایان تۆمارکردووە لەدژی مێردەکانیان بووە، کە دەکاتە ٦٢٪، هەروەها ٣٤٪ی ژنانیش سکاڵایان لەدژی تاکەکانی تری خێزان تۆمارکردووەو ٤٪یش سکاڵایان لەدژی تاکەکانی دەرەوەی خێزان تۆمارکردووە.

## ژنان لەکاتی توندوتیژیدا پەنا بۆ کوێ دەبەن؟

خاڵێکی گرنگ‌و ئەرێیی کە لە ئامارەکەدا بەدیدەکرێت، پەنابردنی ژنانە بۆ چارەسەر بە ڕێگەی یاساو بنکەکانی پۆلیس‌و بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان، ئەم لایەنە زۆر نوێیە، ئەمە بەو واتایە نایەت کە یاساو دەزگاکانی پۆلیس لە وڵاتی ئێمەدا زۆر تازەو گۆڕانخوازن‌و توانای داڵدەدانی تەواوی ژنان‌و توێژەکانی کۆمەڵیان هەیە، بەڵام ئەمە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە خەڵک پێویستی بە یاساو دەزگاکانی دادپەروەری‌و مرۆییەو پەنای بۆ دەبەن، کە ئەرکی حکومەت‌و دەزگاکانیەتی بەپێی پێوەرە نوێیەکان چوارچێوەیەک بەخۆیان بدەن، تا جێگەی متمانەی زیاتری خەڵک بن.

## ئەنجام‌و کۆی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە بەکوێ گەیشتوون؟

بەڕێوەبەرێتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان بە دروشمی لە قۆناغی تۆمارکردنی سکاڵاکانەوە بۆ قۆناغی چارەسەرکردنی کێشەکان، دوای وردەکاری‌و زانیاریی تەواو لەسەر سکاڵاکان، کۆی ژمارەی سکاڵاکانی ئافرەتانی لە پارێزگای هەولێر بە قەزای سۆرانیشەوە بۆ کێشە چارەسەرکراوو هەڵواسراوەکان لە ١/١ تا (٢٠٠٨/٩/١)ەوە خستووەتەڕوو، کە ٧٥٨ سکاڵایەو ژمارەی سکاڵاکان لە دەرەوەی سەنتەری شاری هەولێر ٣١١ سکاڵاو لە سەنتەری شار ٤٤٧ سکاڵاو لە سنووری گەڕەکە میللییەکان ٢٥٦ سکاڵاو لە سنووری گەڕەکە نامیللییەکان ١٩١ سکاڵایە.

هەمان ڕاپۆرت ئاماژە بەوەدەکات کە زۆرترین سکاڵا لە چوار مانگی دووەمی ٢٠٠٨دا تۆمارکراوەو کەمترینیش لە چوار مانگی یەکەمی ٢٠٠٨دا بووە.

کەمترین سکاڵا لە مانگی ٤و زۆرترین سکاڵاش لە مانگی ٧دا تۆمارکراوە، چونکە ئامارەکان دەریدەخەن کە ئاستی توندوتیژی لە مانگی ٧دا لە هەولێر بەرزبووەتەوە، ئەمەش هۆکارە بۆ بەرزبوونەوەی سکاڵا تۆمارکردن، کە بێگومان فاکتەرێکی زیادبوونی توندوتیژیش بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری‌و پێزانینی ژنە بە مافەکانی.

## ڕێژەکان ئاستی بەرزبوونەوەی سکاڵای ژنان دەردەخەن

ئامارو زانیارییەکان ئاشکرای دەکەن کە زۆرترین ڕێژەی ئافرەت کە سکاڵایان تۆمارکردووە، لە سەنتەری شارەکانن کە دەکاتە ٥٩٪ی سکاڵا تۆمارکراوەکان، ٤١٪ی سکاڵاکانیش لە دەرەوەی سەنتەری شارەکان تۆمارکراون.

هەر بەپێی هەمان ڕاپۆرت دەرکەوتووە کە ٥٧٪ی ئەوانەی سکاڵایان تۆمارکردووە، لە گەڕەکە میللییەکانی شاری هەولێرن‌و ٤٣٪ی کە کەمترین ڕێژەیە، لە گەڕەکە نامیللییەکانی شاری هەولێرن.

## توندوتیژی باری ئابووری ناخوێنێتەوە

٧٠٪ی ئەو ئافرەتانەی سکاڵایان تۆمارکردووەو زۆرترینن، باری ئابوورییان باش‌و مامناوەندییە، ئەمە باشترین وەڵام‌و بەڵگەیە بۆ ئەو شرۆڤەکارانەی کە زۆرترین ئاستی توندوتیژی بۆ خراپیی باری ئابووریی خێزان دەگەڕێننەوەو وای نیشاندەدەن کە ئەگەر بواری ئابووری بۆ ژنان فەراهەم بێت، ئیتر بوارو کێشەکانی تر لای ژن حسابی بۆ ناکرێت، بێگومان ئەمە هەڵەیەکی زەقە، چونکە هەستکردن بە بۆشاییە ڕۆحی‌و مرۆییەکان لای ژنان زۆرترە، بەو واتایە نا کە خراپیی باری ئابووری هیچ کاریگەری لەسەر توندوتیژی نییەو کێشە دروستناکات، بەڵکو یەکەم‌و هۆکاری سەرەکیی توندوتیژی سەر ژنان نییە، لەو چوارچێوەیەدا تەنها ٣٠٪ی ئەو ژنانەی کە سکاڵایان تۆمارکردووە، باری ئابوورییان خراپە.

لەو ڕاپۆرتەدا دەرکەوتووە زۆرترین کێشە کە ئاستی توندوتیژی زیادکردووە، تێنەگەیشتن‌و نەبوونی بەرنامەی پێشینەی خێزانەکان‌و یەکتر نەخوێندنەوەو پشوو کورتی‌و کورتبینی تاکەکانی کۆمەڵە، ئەمانەش بناغەکەی کێشە ڕۆحی‌و مەعنەوییەکانی مرۆڤە لە قووڵایی تاکی کورددا، کە تێرئاو ناکرێن‌و تاسەمان لێیان نەشکاوە، بۆیە بە پشوو سوارییەکی تەنگەوە دێینەوە بەرامبەر گرفتەکان‌و ئارام‌و دووربین نین لە چارەسەرکردنیاندا، لەبەرئەوە زۆرترین گرفتیان لێدەکەوێتەوە.

## کۆی گشتیی دۆسیە چارەسەرکراوو چارەسەر نەکراوەکان

لە سنووری پارێزگای هەولێر بە قەزای سۆرانیشەوە لە ١/١ تا ٢٠٠٨/٩/١ کۆی گشتی ٧٥٨ دۆسیەیە، کۆی ئەو دۆسیێیانەی چارەسەرکراون‌و بەیەکجاری داخراون، لە ماوەی ٨ مانگی ٢٠٠٨دا، (٣٥٥) دۆسیەن‌و کۆی ئەو دۆسیێیانەی کە لە دادگادا یەکلایی نەبوونەتەوەو لەژێر لێکۆڵینەوەدان، ٤٠٣ دۆسیەن.

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژو مانگ بە مانگ ڕێژەی سکاڵاکانی ئافرەتان بەرزتر دەبێتەوە، دەڵێن ئەمەش گوزارشت لە ڕۆڵ بینینی بەڕێوەبەرایەتییەکان‌و هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دەکات، چونکە تا ڕێژەی سکاڵا زیادبکات، ڕێژەی کوشتن‌و سووتان کەمتر دەبێتەوە، هەروەها پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ١٤ ژمارەی تەلەفۆنی بەڕێوەبەرایەتییەکانیان لە کۆتایی مانگی ٨ی ئەمساڵ لە سەرجەم میدیاکانی کوردستاندا، ڕێژەی پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆی ژنان بە بەڕێوەبەرایەتییەکانیانەوە زیادیکردووە بە بەراورد لەگەڵ مانگەکانی ڕابردووی ٢٠٠٨دا.



گۆشەیەکە هەرجارەو ڕاوبۆچوونی یەکێک لە سەرۆک‌و ئەندامانی لیژنەکانی پەرلەمانی کوردستانی تێدا دەخرێتەڕوو، سەبارەت بە کێشەکانی کۆمەڵگەی کوردی‌و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان.

ئامادەکردنی: سەنگەر جەمال

# یاسای باری کەسێتی



**سەبریە غەفار**، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەککگرتووی ئیسلامی کوردستان، لەبارەی پرۆژەیاسای باری کەسێتی وتی: «هەر کەسەو بە دیدو بۆچوونی خۆی ڕێگەچارە بۆ کێشەی ئافرەتان دەدۆزێتەوە، بەڵام خاڵێک هەیە کە هەموومان کۆدەکاتەوە، ئەویش یاسای باری کەسێتییەو سەرچاوەی ئەم یاسایەش شەریعەتی ئیسلامە، دەبێت ئەو بڕگەو مادانەی لەو یاسایە جێیان دەکرێتەوە، نابێت لەو چوارچێوەیە بچێتە دەرەوە»، ڕوونیشیکردەوە کە گرفت ئەوە نییە جیاوازی بۆچوونی فیقهی هەبێت لەسەر بابەتێک، زانایەک ڕەئی لەسەر بێت‌و یەکێکیان نەیبێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلام نەچێتە دەرەوە.


بە بڕوای ئەو پەرلەمانتارە لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامییە، بۆیە دەبێت بنەما سەرەکییەکانی ئەو پرۆژەیەش لە شەریعەتی ئیسلامەوە وەربگیرێت، ناوبراو زیاتر دەڵێت: «نابێت لەبری ئەوەی کە زوڵم لە ژنان کراوە، بە ڕەدفیعل وەڵامی ئەو زوڵمە بدرێتەوە، نابێت لەسەر بنەمای زوڵمێکی دیکە مافەکانی ژنان دابین بکەین».

سەبارەت بە دابەشبوونی پەرلەمان بۆ دوو بەرەی جیاواز بەناو نوێخوازو کۆنخواز، ئەو پەرلەمانتارە ئیسلامییە دەڵێت: «ئەوە بۆچوونی هەندێک کەسە کە تا ئێستا لە دەستەواژەی ڕیفۆرم تێنەگەیشتوون، بەداخەوە ئەوانەی بانگەشەی ڕیفۆرم دەکەن، نەیانتوانیوە قبوڵی دەنگە جیاوازەکانی تەنیشت خۆیان بکەن، ئەگەر ناو لەوانە بنرێت ڕیفۆرمخواز، دەتوانم بڵێم خیانەتێکی گەورەیە لە ڕیفۆرم، چونکە مرۆڤ بەدەر لەوەی هەر بیرکردنەوەیەکی هەیە، بەڵام کۆمەڵێک بەهاو ئاکاری جوان هەیە ئەگەر لە دەستیدا، ناتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت لەنێو کۆمەڵگەدا».

لەبارەی فرەژنییەوە سەبریە غەفار دەڵێت: «ئێمە باوەڕمان وایە، مادام خوای گەورە مەجالێکی هێشتووەتەوەو ئەو مەجالەش سنووردارەو کردن‌و نەکردنی مرۆڤ لەسەری پاداشت ناکرێت‌و سزاش نادرێت»، ئاماژەی بەوەشکرد لە فرەژنیدا دەبێت کۆمەڵێک ماف هەبێت تێیدا پارێزراو بێت، پێچەوانەی ئەو فرەژنییەی ئەمڕۆ لەنێو کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەنجام دەدرێت، تەنها کێشەی پیاوان چارەسەر دەکرێت نەک مافەکانی ژنان پارێزراو بێت، وتیشی: «لە ئەنجامی مومارەسەی هەڵەی فرەژنی گەیشتووینەتە ئەوەی کە دەبێت بەشێوەیەکی قەتعی فرەژنی قەدەغە بکەین، کە ئەمەش چارەسەر نییە، ئێمە پێش ئەوەی گۆڕان لە یاساکاندا بکەین، دەبێت گۆڕان لە بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا بکەین، ئینجا بێین یاسا دەربکەین‌و چاودێریی جێبەجێبوونی بکەین».

بە بڕوای سەبریە غەفار، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان «پێش هەر گۆڕانکارییەکی یاسایی، گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی پێویستە لەنێو کۆمەڵگەدا، ئێمە هەموومان کەمتەرخەمین لە چارەسەری کێشەی ژن، ئەوەندەی خۆمان بە گۆڕانی حەرفی سەرقاڵ کردووە، ئەوەندە بەشێوەیەکی ستراتیژیی بیر لە چارەسەری کێشەی ئافرەتان نەکراوەتەوە، دەبینین سەدان ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی پارەیەکی زۆر لە حکومەت وەردەگرن بە بیانووی ئەوەی کار بۆ ئافرەتان دەکەن، بەڵام نەیانتوانیوە ڕۆڵ ببینن لە چارەسەری کێشەکانی ئافرەتان‌و هۆشیارکردنەوەیان».

## وێنەو خەڵک



بینایەک لە شەقامی سەرکارێزی شاری سلێمانی لەبری ستون، فنجانی کارەبا بە پەنجەرەی بیناکەوە دانراوە. فۆتۆ: ڕۆژنامە

This is trial version
www.adultpdf.com

کەلار نیوەی کۆیە بودجەی دەدرێتێ

# «رێکخراوەکانی کەلار بۆ لەوە ناپرسنەوە کە لەو هەموو بودجەیەی حکومەت چی بۆ شارەکەیان کراوە؟»



دیمەنێک لە شاری کەلار    فۆتۆ: ئاسۆ عەلی

**ئاری سابیر**

ناوەندی کاری هاوبەشی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو گروپی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لە کەلار، ئەو بودجەیەی کە لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ قەزاکەیان تەرخانکراوە، بە «کەم» دەزانن‌و بەنیازن یاداشتێک لەوبارەیەوە بۆ حکومەت بەرزبکەنەوە، هەروەک رەخنەی ئەوە دەگرن کە دووهێندەی بودجەکەی ئەوان بۆ قەزای کۆیە تەرخانکراوە کە ژمارەی دانیشتووەکانیان وەک یەکە.

بەپێی ئامارێک کە لە قایمقامیەتی کەلارەوە دەست لیژنەی هاوبەشی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو گروپی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی کەوتووە، ژمارەی دانیشتووانی قەزای کەلار ١٧٥ هەزار کەسە، بەڵام تەنها بودجەی هێندەی ٦٠ هەزار هاوڵاتییان بۆ سەرفکراوە کە ٨ ملیار دینارە، بەڵام قەزای کۆیە کە ٨١ هەزار دانیشتووی هەیە، بودجەی ١٦ ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە.

عەدنان قوربانی، سەرپەرشتیاری لیژنەی هاوبەشی ناوەندی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەلار، پێیوایە ئەو پارەیەی بۆ قەزاکەیان تەرخانکراوە، هێندەی نیوەی ئەو بودجەو برە پارەیەیە کە بۆ قەزای کۆیە سەرفکراوەو ئەوەش بە «زوڵمێکی گەورە» وەسفدەکات کە لەخەڵکی کەلار دەکرێت‌و وتیشی: «ئەگەر گوێمان لێنەگیرێت، وەک خەڵکی کەلار رێگەی دیکە دەگرینەبەر»، باسی لەوەشکرد کە لەسەر چەند کێشەیەکی وەک گەندەڵی‌و بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی قەزای کەلار «کە پارەیەکی زۆر کەمە، ناتوانرێت خزمەتی ئەو قەزایەی پێبکرێت»، داوای بینینی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە.

هەرچەندە لایەنە پەیوەندیدارەکان باس لەوەدەکەن کە دابەشکردنی بودجە لەسەر رێژەی دانیشتووان دەبێت بەو رێژەیە بێت کە فۆرمی خۆراکیان سەر بە ناوچەکەیە، ئەو بودجەیەش لەسەر ژمارەی ٧٠ هەزار دانیشتووی کەلار دانراوە کە فۆرمیان هەیە، نەک ئەو رێژەیەی تێیدا نیشتەجێن‌و بەشێکیان فۆرمی خۆراکەکانیان کەرکوک‌و خانەقینە، بەڵام نکۆڵی لەوەناکەن کە بودجەی کۆیە زیاترەو بە «مەسەلەیەکی سیاسی» لە قەڵەمی دەدەن.

بەشێک لە دانیشتووانی ناوچەی گەرمیان‌و قەزای کەلار، رەخنە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرن بەوەی جیاوازی دەکات لەنێوان گەرمیان‌و ناوچەکانی ترو پێشیانوایە خزمەتگوزاریی‌و پێداویستییەکانیان وەک پێویست بۆ دابیننەکراوە، لەکاتێکدا وێرانکاریی بەسەر ناوچەکەیاندا هاتووە لەسەر دەستی رژێمی بەعسداو هەزاران قوربانییان داوە.

شێخ جەلال، قایمقامی کەلار، جەخت لەوەدەکاتەوە کە بەپێی ئەو سەرژمێرییەی ئەنجامدراوە، دانیشتووانی کەلار ناگاتە ٨٠ هەزار کەس‌و وتی: «بەشێک لەو کەسانەی لێرە دادەنیشن، فۆرمی خۆراکیان کەرکوک‌و خانەقینەو بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانیان لەو دوو شارە سەرفدەکرێت، بەڵام ئێمە لەسەر بودجەی خۆمان پرۆژەی خزمەتگوزاریان بۆ ئەنجام دەدەین، ئەمەش فشارێکی زۆر لەسەر بودجەی کەلار دروست دەکات»، ئەوەشی خستەڕوو کە ئەو کێشەیەیان لای سەرۆک‌و جێگری سەرۆکی حکومەت باسکردووە تا بودجەی کەلار زیاد بکرێت‌و خۆشیان بە کێشەی دەزانن، «بەڵام پارێزگای سلێمانی بەپێی ئامار بودجەمان بۆ دیاری دەکات».

لای خۆیەوە کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، دژی ئەو کارو هەڵوێستەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەکانی مەدەنی کەلارە کە رەخنە دەگرن، بەوپێیەی دەبێتە هۆی ئەوەی شارۆچکەکانی دیکەش ناڕەزایی دەربڕن‌و وتی: «مەرج نییە ئەو سەرژمێرییەی ئەوان راست بێت، ئێمە بەپێی فۆرمی خۆراک ئەو بودجەیەمان دابەشکردووەو هیچ سەرژمێرییەکی دروست لەبەر دەستماندا نییە، بەڵام لە ماوەیەکی نزیکدا سەرژمێری دەکرێت‌و ئەو کارو هەڵانە راستدەکرێنەوە».

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی روونیکردەوە کە قەزای کەلار لە ٢٠٠ ملیار دیناری بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ٨ ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوەو وتیشی: «ئەو رێکخراوانە بۆچی ناچن لەوە بپرسنەوە کە لەو هەموو بودجەیەی حکومەت چیان بۆ کراوە، ئەو هەموو وەزارەتە هەیە، بۆ لەوان ناپرسنەوە».

لەبارەی زۆری ئەو بودجەیەی بۆ قەزای کۆیە سەرفکراوە کە دووهێندەی ئەوەی قەزای کەلارە، کاوە عەبدوڵڵا، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، وتی: «ئەو بودجەیەی بۆ کۆیە سەرفکراوە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نییەو ئەوە مەسەلەیەکی سیاسییە، جێگری سەرۆکی حکومەت ئەو بودجەیەی بۆ داناون».

# جەنابی موحافیز کوا وا دەبێت؟



**عەلی کەریمی**

ئەمە وێنەی پیکابێکە کە کرێکاری بەنگلادیشی دەگوازێتەوە، ئەوەی لێرەوە سەرنجی منی راکێشا، شێوازی بارکردن‌و گواستنەوەی ئەم کرێکارە رەش پێستانە بوو، واتە شێوازێک کە بە هەموو پێوەرێکی مەدەنی‌و شارستانیانە رەتکراوەیەو لەگەڵ یاساو رێسا کۆمەڵایەتی‌و مرۆیی‌و تەنانەت یاساکانی هاتوچۆی ئەم سەردەمە ناگونجێت.

ئەمانەی باری ئەم پیکابە کراون، مرۆڤن، بەڵام بەداخەوە وەک بزن‌و مەڕو بلۆک‌و... هتد مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، ئەمانە ئەو مرۆڤە فەقیرو هەژارانەن کە رێگەیەکی دوورو پڕ لە کەندو کۆسپیان بڕیوەو بۆ بژێویی ماڵ‌و منداڵیان میوانی ئێمەی کوردی میواندارو مرۆڤدۆستن!

لێرەوە دڵنیام ئێوەی کاربەدەستیش هەرهەمووتان رۆژانە ئەم دیمەنانەتان لەکاتی هاتوچۆی ناوشاردا بینیوەو بەدڵنیایشەوە بە سانایی تێپەڕیون‌و هیچ کاریگەرییەکیشی لەسەرتان دانەناوە.

رەنگە زۆربەی ئێمە وڵاتانی دەرەوەو ئەوروپامان بینیبێت‌و تەنانەت زۆربەمان رۆژێک بە هەژاریی پەنامان بۆ وڵاتانی تر بردووە، لێرەوە هەروەک بینیومانە بە باشترین شێوە وەریانگرتووین‌و یارمەتیان داوین‌و لە جوانترین تاکسی‌و پاسدا هاتوچۆیان پێ کردووین، کەچی زۆرجاران ناڕازی بووین‌و بەراسیست‌و زۆر شتی دیکەمان ناوانبار کردوون، لێرەدا پرسیارێک دێتەگۆڕێ، ئایا کەسێکی بیانی بە بینینی ئەم دیمەنانە کە خەڵکی هەژارو پەنابەری وڵاتانی تر لە کوردستان وەک مەڕوماڵات مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، لەناو مێشکیدا چ وێنەیەک لە ئێمەی کورد دروستدەکات؟!

جەنابی بەرپرس ئەوە چۆنە بیر لەوە ناکەیتەوە کە دەبێت ترانسپۆرتی مرۆڤەکان لەگەڵ ئاژەڵ‌و دارو بەرد جیاوازیی هەبێت؟ یا بڵێی تا ئێستا ئەم دیمەنانەت نەبینیبێت؟!

جەنابی موحافیز ئەو کۆمپانیانەی کە ئیشی پاکوخاوێنی شارەکەیان پێدەدەن، ئەوە چۆنە مولزەمتان نەکردوون بەوەی کە مافەکانی مرۆڤ دەبێت بپارێزن‌و تەنها بیر لە پارە کۆکردنەوە نەکەنەوەو لەجیاتی ئەوەی ٢٠- ٣٠ کرێکاری رەش پێستی هەژار بە پاسێکی کۆستەر رابگوێزن، نەیانکەنە ناو پیکابێکی سەر ئاوەڵەی راگوێزانی ئاژەڵ‌و چەوو لم. جەنابی موحافیز ئەوە چۆنە هەستان بە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ نەشکاوە؟!

زۆر سەیرە لەم وڵاتەی ئێمەدا بەبێ بیرکردنەوە یاسای جۆراوجۆری مەنعی جگەرەکێشان‌و بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبیل یاساغ دەکرێت کە ئەم یاسایانە بە پێشکەوتووترین یاساکانی ئەم سەردەمەی وڵاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا دەستنیشان دەکرێن، کەچی سەرەتاییترین یاسا لە باری هاتوچۆی هاوڵاتییان لەسەر جادەکانی یاساغ ناکرێت، ئەمە چەندی بە چەند؟!

This is trial version
www.adultpdf.com

# پارەکەم پیشان بدە

**تۆماس فریدمان**

خەریکی قسەکردن بووم لەگەڵ هاوڕێیەکی ئێرانیمدا، دەربارەی ئەوەی کە ئاخۆ دەبێت چەندە شتێکی ئاڵۆزو سەرسامکەر بێت بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ببینن ئەمریکییەکان دوای حەوت ساڵ لە ١١ی سێپتەمبەر، کەسێک بەناوی باراک حسێن ئۆباما، بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا هەڵدەبژێرن. بێگومان ئەمریکا تاکە نەتەوەیەکە کە بتوانێت- لە یەک کاتدا- شەڕی سەرۆکێک بکات بەناوی حسێن (سەدامی عێراق)و هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز بکات لە وڵاتێک کە مەزنترین شەهیدی ئایینیان ناوی حسێنەو پاشانیش سەرۆکێک بۆ خۆی هەڵبژێرێت کە ناوی ناوەندی حسێنە.

### ئایا ئەمە ئەگەر مەزنیی ئەم وڵاتە نەبێت چییە؟

شتی زۆر وتراوە دەربارەی ئەوەی کە خەڵکی لە هەموو دونیادا ئاهەنگ دەگێڕن بە بۆنەی سەرکەوتنی حسێنەوە- باراکی ئیلینۆی، کە ناوی یەکەمی لە عەرەبیدا واتە (پیرۆز). لە ڕاستیشدا ئەوە پیرۆزییە کە ئەو هەموو خەڵکە لەو هەموو شوێنە جیاوازەی دونیاوە وێنەی خۆیان لە ئۆبامادا ببیننەوە، جا ئەوە بەهۆی ڕەنگی پێستیەوە بێت، یان ئایینی باوکی، یاخود کەلەپوورە ئەفریقییەکەی، یان بەخێوکردنی تەنها لەلایەن دایکیەوەو هەژاری منداڵی بێت، هەر ئەمەیشە کە وایکردووە مانگی هەنگوینی ئۆباما لەگەڵ دونیادا درێژتر بێت، بەڵام من موبالەغە ناکەم، ئەو ساتەی کە ئۆباما ناچار دەبێت هێزی سەربازیی لە شوێنێکی ئەم دونیایەدا بەکاربهێنێت، دەتوانێت دڵنیا بێت لەوەی کە ئەم پشتگیرییە پاشەکشە دەکات. مەیلی ئۆباما بۆ مامەڵەکردنی دیبلۆماسی لەگەڵ دۆسیەی ئێرانیدا، وادەکات کە بە شەیتانکردن‌و شێواندنی وێنەکەی زۆر قورستر بێت لە هی جۆرج دەبلیو بۆش‌و دیک چینی.

کەریم سەجادپور، شارەزا لە بواری ئێرانی لە ئەنجومەنی کارنیجی، دەڵێت: «ئەگەر تۆ کەسێکی توندڕەوی دانیشتووی تاران بیت، سەرۆکێکی ئەمریکی کە دایەلۆگت لەگەڵ بکات، کێشەی زیاترت بۆ دروست دەکات، وەک لە سەرۆکێک کە ڕووبەڕووت بێتەوە، چۆن دەتوانی کە وا لە خەڵک بکەیت کە هاوار بکەن: مردن بۆ باراک حسێن ئۆباما؟ چونکە ئەمە زیاتر لە هاواری دەستدرێژیکار دەچێت نەک هاواری قوربانی، ئۆباما لەگەڵ ئەو وەسپ‌و وێنەیەدا نایەتەوە کە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکان دەیانەوێت بۆ سەرۆکێکی ئەمریکی دروستی بکەن‌و وەک کەسێکی ڕەگەزپەرست‌و خوێنمژو دژە مسوڵمان بیخەنەڕوو، ئەمە هەروەکو ئەوە وایە کە سیدنی پۆرشیەری ئەکتەری هۆلیوود ڕۆڵی چارلس مانسۆن ببینێت، هەرگیز ناگونجێت».

بەڵام لەکاتێکدا کە وادەردەکەوێت دونیا ئامادەیە مانگێکی هەنگوینی دوورو درێژ بۆ ئۆباما فەراهەم بکات، پرسیارێکی گرنگ دێتە ئاراوە کە ئاخۆ ئۆباما تا چەندێ دەتوانێت درێژە بەم مانگە هەنگوینییە بدات؟

من تەنها یەک قسەم هەیە بۆ هەموو ئەو ئەورووپی‌و کەنەدی‌و یابانی‌و ڕووسی‌و ئێرانی‌و چینی‌و هیندی‌و ئەفریقی‌و ئەمریکییە لاتینییانەی کە ئیمەیڵ بۆ هاوڕێ ئەمریکییەکانیان دەکەن‌و خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕن بۆ «گەڕانەوەی ئەمریکا»، پێیان دەڵێم: پارەم پێنیشاندەن، تەنها خۆشەویستی دەرمەبڕن، تەنها بزەو زەردەخەنە پێشکەش مەکەن، خۆشەویستییەکەتان بێبارەو هەروەک وتم، تا ئەوکاتە دەخایەنێت کە ئۆباما هێرشێکی سەربازیی دەکاتە سەر بنکەیەکی (القاعدە) لەناو پاکستاندا، نا، نا، نا پارەم پێنیشاندەن، پێم نیشان بدەن کە ئێوە ئامادەن ببنە پشتگیرو هاوبەشی ئۆباما، نەک تەنها بە سەر پشتگیریی ئۆباماوە بژین، چونکە ئەوکات زۆر ئەستەم دەبێت کە ئۆباما بتوانێت دونیایەکی سەقامگیرترو ئازاد تر دروست بکات، لەکاتێکدا کە سەرچاوەکان کەمترن.

نموونە: من لە هەموو ئەو ڕەخنانە تێدەگەم کە گیران لە داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، ئەو ئاژاوەو پشێوییەی کە بە دوای شەڕەکەدا هات، بەڵام ئێستا لە بەرژەوەندی هەموو کەسێکدایە لە دونیادا کە یارمەتی ئۆباما بدات، کە دژی شەڕ بووە، بۆئەوەی کۆتاییەکی بێ زیان بۆ کێشەکە دروست بکات، بەتایبەتی لە ئێستادا کە چانسی ئەوە هەیە عێراق ببێتە یەکەم دیموکراتی لەناو جەرگەی جیهانی عەرەبی‌و ئیسلامیدا، ئۆباما دژی دەستپێکردنی شەڕی عێراق بوو، بەڵام ئێستا لە دانانی کۆتاییدا بەرپرسیارە، کەوابێت ئیدی بۆچی هەموو هاوپەیمانەکان ئەوە نەخەنەڕوو کە پێیان دەکرێت لە پارەو پۆلیس‌و هێزی سەربازیی‌و پشتگیریی دیبلۆماسی، هەتا شیمانەو گریمانەکانی کۆتاییەکی باش بۆ عێراق زیاتر ببن؟ بە هەمانشێوە ئەمە بۆ ئەفغانستانیش ڕاستە.


خۆشەویستیتان بۆ ئۆباما تا ئەو کاتەیە کە هێرش دەکرێتە سەر ئەلقاعیدە

نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت کە ئەو نایەوێت ئێران بگات بە چەکی ئەتۆمی‌و نایشیەوێت ئەمریکا هێز بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی ڕێگە لەم ئامانجەی ئێران بگرێت. من ئەمەم لا پەسەندە، هەر لەبەر ئەمەیشە کە داوا دەکەم لە هەموو ئەو چینی‌و فەرەنسی‌و ڕووسی‌و هیندی‌و ئەڵمانییانەی کە بەدەم ئۆباماوە پێدەکەنن، کە بێنە دەرەوەو داوا لە حکومەتەکانیان بکەن کە پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ ئێراندا بەکار بهێنن، بۆ ئەوەی ئەوە لە ئێران بگەیەنن کە ئەگەر تاران بەردەوام بێت لەسەر کارکردن بۆ بە دەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، ئەوا تووشی سزای ئابووری ڕاستەقینە دەبێتەوە، هیچ شتێک هێندەی سەپاندنی سزای ئابووری لەلایەن چین‌و هیندو یەکێتی ئەورووپاوە ناتوانێت یارمەتی ئۆباما بدات بۆ دروستکردنی چارەسەرێکی دیبلۆماسی بۆ کێشەی ئەتۆمی ئێران.

سەرۆک بۆش زۆر بە ئاسانی دەکرا وێنەی شەیتانی بۆ دروست بکرێت، هەربۆیە هەموو کەس دەیتوانی بەسەر هێزی ئەمریکییەوە بژی، ئەمریکییەکانیش باجەکەیاندا، بەڵام ئۆباما ئەوەندە ئاسانی ناکات، هەربۆیە بە هەموو کەسانی ئەودیو دەریاکان دەڵێم: سوپاس بۆ چەپڵەکەتان بۆ سەرۆکە نوێکەمان، زۆر خۆشحاڵم کە هەمووتان وا هەست دەکەن «ئەمریکا گەڕاوەتەوە»، ئەگەر دەتانەوێت ئۆباما سەرکەوێت، تەنها پیشاندانی خۆشەویستی بەس نییە، پارەیشمان نیشاندەن، هێزی سەربازیمان نیشاندەن، پشتگیریی دیبلۆماسیمان پێنیشاندەن، شتێک زیاتر لە زەردەخەنەمان بدەنێ، چونکە ئازادی بەلاش نییەو هیچ بیانوویەک نییە بۆ ئەوەی ئەوە ئەنجام نەدەن کە لە توانای‌تاندایە.

**لە ئینگلیزییەوە: دانا نەوزەر عەلی**

# ڕۆژنامەنووسێک ئۆبامای کرد بە سەرۆک

**ئامادەکردنی: نامق ڕەسوڵ**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا بۆ یەکەمجار لە مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، پاڵێوراوێکی ڕەش پێستی بە ڕەگەز ئەفریقی بە (٤٤)ەمین سەرۆکی ئەو وڵاتە هەڵبژێردرا، دەیڤید ئەکسیلرۆد ئەو ڕۆژنامەنووسە بوو کە بە بەکارهێنانی تۆڕی ئینتەرنێت‌و دروشمی گۆڕان، باراک ئۆبامای پاڵێوراوی دیموکراتەکانی گەیاندە کۆشکی سپی، سەرکەوتنی ئۆباما لەو هەڵبژاردنەداو بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی زۆری دەنگی دەنگدەران لە سەرجەم ویلایەتەکاندا بەو ویلایەتانەشەوە کە هەمیشە لایەنگری کۆمارییەکان بوون، جیهانی سەرسام کردو چەندین پرسیاری لای لێکۆڵەرەوان‌و چاودێرانی سیاسی دروستکرد، زۆرێک لە لێکۆڵەرەوانی ستراتیژی سەرکەوتنی ئۆباما لەو هەڵبژاردنەدا دەگەڕێننەوە بۆ دەیڤید ئەکسیلرۆدی ڕۆژنامەنووس، کە هەڵمەتی پڕوپاگەندەکانی ئۆبامای بەڕێوە دەبرد، هەروەک چۆن کارڵ ڕۆڤی بەرپرسی هەڵمەتەکانی جۆرج بوشی سەرۆکی ئێستا لە هەردوو هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٠و ٢٠٠٤دا سەرکەوتنی بۆ بوش مسۆگەرکرد لە بەرامبەر جۆن کیری‌و ئالگۆری دیموکراتییەکاندا.


ئەکسیلرۆد، هەر لە منداڵییەوە شارەزایی لە هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان پەیداکردووە، لە تەمەنی سیانزە ساڵیدا بەشداریی هەڵمەتی پڕوپاگەندەکانی ڕۆبەرت کنیدی کردووە، ئەکسیلرۆد پێش ئەوەی دەست بە کاری پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان بکات، کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە لە تەمەنی بیست‌و حەوت ساڵیدا نووسەری ستوونێکی سیاسیی ڕۆژنامەی شیکاگۆ تریبیۆن بووەو ماوەی هەشت ساڵ لەو ڕۆژنامەیەدا کاروباری سیاسی ڕووماڵ کردووە، دوای کاری ڕۆژنامەنووسی، دەیڤید لە ساڵی ١٩٨٢دا ڕووی کردووەتە جیهانی هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن کە لە ئەمریکادا بایەخێکی گرنگی پێدەدرێت، یەکەم هەڵمەتی هەڵبژاردنیشی بۆ پۆل سیمۆن بەڕێوەبرد، ساڵی ١٩٨٥ ئەکسیلرۆد بە هاوکاریی هاوڕێیەکی دامەزراوەیەکی تایبەتی بۆ ڕاوێژکاری سیاسی بەناوی (ئەکسیلرۆدو هاوبەشەکانی) دامەزراند، توانی بە سەرکەوتوویی سەرپەرشتیی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی هارولد واشنتن بکات‌و یەکەم ڕەش پێستی کردە حاکمی ویلایەتی شیکاگۆ، بە سەرکەوتنی لەو هەڵمەتەدا، یارمەتیدەر بوو بۆ ئەوەی سیاسییە ڕەش پێستەکانی ئەمریکا ڕاوێژی پێبکەن‌و بیکەنە بەڕێوەبەری هەڵمەتەکانیان، بەوەش دواتر سەرپەرشتیی هەڵمەتی ژمارەیەکی زۆری پاڵێوراوانی ڕەش پێستەکانی کردووە بۆ بەدەستهێنانی پۆستی حاکمی ویلایەتەکانیان، نموونەش دەنیس ئارچەر لە دیترۆیت، مایکڵ ر. وایت لە کلیفلاند، ئەنتۆنی ویلیامز لە واشنتۆنی پایتەخت، لی بی براون لە هیوستن، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژیش ئەکسیلرۆد ڕاوێژکاری سیاسیی حاکمی شیکاگۆ بووەو ساڵی ٢٠٠٤یش بەشداریی هەڵمەتەکانی پڕوپاگەندەکانی جۆن ئەدواردزی کردووە، ساڵی ٢٠٠٦ ئەکسیلرۆد لە هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسدا سەرپەرشتیی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی دیموکراتەکانی کردو بەوەش دیموکراتییەکان توانییان ڕۆژینەی ئەنجومەنی نوێنەران بەدەست بهێننەوە کە لە ساڵی ١٩٩٤وە بەدەستیان نەهێنابوو، ساڵی ٢٠٠٦یش ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی دیکال پاتریکی سەرۆکی بەشی مافە مەدەنییەکانی وەزارەتی دادی ئەمریکا بوو، کە دواتر وەک یەکەم پاڵێوراوی دیموکراتی ڕەش پێست بۆ ماوەی ١٦ ساڵ بووە حاکمی ویلایەتی ماسلشوستیس.

دەیڤید ئەکسیلرۆد ئێستا یەکێکە لە بەناوبانگترین ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سیاسەتمەداران لە واشنتۆندا، ئەوە تا ئێستا نزیکەی ١٥٠ هەڵمەتی پڕوپاگەندەی لە تێکڕای ئاستی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا بە سەرکەوتوویی بەئەنجام گەیاندووە.

ساڵی ٢٠٠٤یش ئەکسیلرۆد هاوکاریی باراک ئۆبامای کرد کە ببێتە سیناتۆری ویلایەتی ئەلینۆی لە ئەنجومەنی پیراندا، بەهۆی ستراتیژی ئەوەوە ئۆباما توانی ٥٣٪ی دەنگەکانی ویلایەتەکە بەدەست بهێنێت‌و بەسەر شەش پاڵێوراوی پارتەکەیدا سەربکەوێت.

پەیوەندیی نێوان ئەکسیلرۆدو ئۆباما دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵ، ئەو ساڵی ١٩٩٢ بۆ یەکەمجار ئۆبامای دیوەو ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیداکردووە، ساڵی ٢٠٠٢ ئۆباما پێش ئەوەی وتارێک لە دژی جەنگی عێراق بخوێنێتەوە، ڕاوێژی پێکردووە.

لە سەرەتای دەستپێکردنی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە بەراییەکانی ئەمساڵدا، ئەکسیلرۆد بەشداریی هەڵمەتی هیچ پاڵێوراوێکی دیموکراتەکانی نەکرد، چونکە هەموویان مشتەری کۆنی خۆی بوون‌و هەروەها بەهۆی ئەو پەیوەندییە خێزانییەی لەگەڵ بنەماڵەی هیلاری کلینتۆندا هەیبوو، بەڵام لەدواییدا کە باراک ئۆباما بووە پاڵێوراوی سەرەکیی دیموکراتەکان، ئەکسیلرۆد پەیوەندی کرد بە هەڵمەتەکانی ئۆباماوەو یەکەمجار ریکلامێکی ڤیدیۆیی لە تۆڕی ئینتەرنێت بڵاوکردەوە، دواتر هەر خۆی بوو گۆڕانی کردە دروشمی سەرەکیی ئۆباماو بەوەش توانی ڕێژەیەکی زۆری دەنگدەرانی ئەمریکا بۆ ئۆباما کۆبکاتەوە لەگەڵ برێکی زۆر کۆمەکی دارایی بۆ هەڵمەتەکان، بەوەش لە ئەنجامی کۆتاییدا بۆ یەکەمجار ئۆبامای ڕەش پێست لە مێژووی ئەمریکادا بووە (٤٤)ەمین سەرۆکی ئەمریکاو سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر جۆن مەکەینی پاڵێوراوی کۆمارییەکاندا تۆمارکرد.




- ئەکسیلرۆد لە ویلایەتی نیویۆرک لەدایکبووەو باوکی پزیشکی دەروونی بووەو دایکیشی ڕۆژنامەنووس بووەو لە زانکۆی شیکاگۆ زانستە سیاسییەکانی خوێندووە
- ساڵی ١٩٧٩ ژنی هێناوە
- لە ڕۆژنامەکانی شیکاگۆ تریبیۆن‌و هایدپارک هیراڵد کاری ڕۆژنامەنووسی کردووە
- لە زانکۆکانی هارفاردو شیکاگۆو پەنسلڤانیا وانەی وتووەتەوە
- بەشداریی چەندین هەڵمەتی خێرخوازیی کردووەو کۆمەکی بۆ لێکۆڵینەوەکانی چارەسەرکردنی نەخۆشیی سەرع کۆکردووەتەوە

**سەرچاوە: سی ئێن ئێن، ڕۆیتەرز، بی بی سی**

# ...ی خۆی؟

سەرۆک.

لەبارەی دروستبوونی زەمینەیەک بۆ تاکی کورد تا بتوانێت دەنگ بداتە غەیرە کورد، عارف قوربانی، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاسۆ، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێستا لە کوردستان زەمینەیەکی لەوجۆرە نەڕەخساوە، هێشتا ئێمە نەمانتوانیوە بە تەواوەتی تورکمان بخوێنینەوە، بەڵام قۆناغێکی گرنگمان بڕیوەو ڕۆژێک دێت ئەو کلتوورەی ئۆباما لە کوردستان ببینین.



پێشەوا عومەر (٢٣ ساڵ)، قوتابی زانکۆ، وتی: «ئامادەم دەنگ بدەم بە هەرکەسێک ببێتە سەرۆکی هەرێم گەر مواسەفاتی ئۆبامای تێدابێت بێگەڕانەوە بۆ ئەوەی کوردە تورکمانە یان عەرەبە».

سەفین دزەیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە سەرۆکەکەی ئێستا سەرۆکی هەرێمە، لەبارەی قبوڵکردنی سەرۆکێک لە ڕەگەزێکی دیکە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: گەر کەش‌و هەوایەکی دیموکراتی هەبێت، هیچ شتێک مەحاڵ نییە.

تا ئێستا لە کوردستان پێدانی پۆستە سیادەییەکان بە غەیرە کورد، نەبووەتە جێگەی باس‌و خواستی سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان، بێجگە لەو پرۆژەی نەوشیروان موستەفا (پرۆژەی پێکەوەژیانی کوردو تورکمان)، کە تێیدا داوا دەکات یەکێک لە پۆستەکانی سەرۆکایەتی لە هەرێمی کوردستان بدرێتە تورکمانەکان.

کەنعان شاکر ئەو پرۆژەیەی بە هەنگاوێکی بوێرانە لە قەڵەمداو داوای کرد سەرکردایەتی هەرێم پشتگیریی لێبکەن.

This is trial version
www.adultpdf.com

# بیرمەندانی ئەمریکا لەبارەی ئۆباماوە دەدوێن

عەزیز ڕەئووف

سەرکەوتنی باراک ئۆباما لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا،نەک تەنها سەرنجی زۆرینەی خەڵکی جیهانی ڕاکێشا، بەڵکو بیرمەندانیشی هێنایە قسەو لێدوان لەبارەی ئەفسانەی ئەم پیاوە ڕەشەوە. ڕۆشنبیرە دیارەکانی ئەمریکا لە سیاسەتی بوش نیگەران بوون‌و بانگهێشتی ئەوەیان دەکرد کە ئەوە سیاسەتی خەڵکی ئەمریکا نییە، بەڵکو هی نوخبەیەکی بەرژەوەندیپارێزە لە کۆشکی سپی، بۆیە ڕۆشنبیرو بیرمەندە ئەمریکییەکان لەسەر ئەم هەڵبژاردنەو سەرکەوتنی ئۆباما قسەیان هەیە.

**نۆم چۆمسکی**


بەگوێرەی نۆم چۆمسکی، بیرمەندی گەورەی ئەمریکا، پشتیوانیی ئەمریکا بۆ ئۆباما دیاردەیەکی جەماوەرییە، بە جۆرێک کاردانەوەی نامۆبوونی نەوەیەکی ئەمریکیمان سەبارەت بە دامەزراوەکانی ئەو وڵاتە هەست پێدەکرد، سەرکەوتنی ئۆباما ئەو ڕاستییەی پێوتین کە خەڵک ئەگەر بیەوێت شتێک بکات، ئەوا دەیکات.

چۆمسکی بە جیاواز لە سەرکردەکانی وەک ڕۆناڵد ڕیگن‌و جۆن کەنەدی، پێیوایە ئەوەی ئۆبامای سەرخست، بەر لە هەرشت میدیا بوو، بە جۆرێک میدیا ئەم پیاوەی زیاد لەخۆی گەورەتر کرد «هەرچەندە خۆی گەورەیە»، ڕاگەیاندن ئۆبامای وا گەورەکرد کە هەموان ئەم پیاوە ڕەش پێستە کاوبۆیەیان خۆشبوێت، ئۆباماش وەک جۆن کەنەدی بوو بە پاڵەوانی سەر شاشەو تەلەفزیۆن‌و کارەکتەرێکی بۆ دروستکردین، کە میدیا کردی بە پاڵەوانێک‌و بەوشێوەیەش پەیوەندییەکی فراوانی بۆخۆی دروستکرد.

چۆمسکی زیاتر دەڵێت: «هەڵبژاردنی ئۆباما بە سەرۆکی ئەمریکا، پێیوتین کە ٨٠٪ی خەڵکی ئەمریکا هەستیان بەو حەقیقەتە کرد کە وڵات لەلایەن نوخبەیەکی بازرگانی بەرژەوەندیپارێزەوە بەڕێوەدەچێت، ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئۆباما پێماندەڵێت من ئەمە دەگۆڕم، لەکاتێکدا ئۆباما هیچ ئاماژەیەکمان پێنادات کە چۆن دەیگۆڕێت».

**فرانسیس فۆکۆیاما**

یەکێکی تر لەو نووسەرانە فرانسیس فۆکۆیامایە، ئەو خاوەنی کتێبی کۆتایی مێژووە. فۆکۆیاما دەڵێت: «من لانیکەم خۆشحاڵ بووم بەوەی کە کۆمارییەکان لەم هەڵبژاردنەدا شکستیان هێنا، سیاسەتی کۆمارییەکان سیاسەتێکی تەواو هەڵە بوو، من ناڵێم ئۆباما باشترینە، بەڵام دەرچوونی ئۆباما چەندە بە توانایی‌و کارامەیی ئەم پیاوە ڕەش پێستە ئاگادارمان دەکاتەوە، بارتەقای ئەوەش پێمان دەڵێت کۆمارییەکان‌و سیاسەتەکانیان لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا چەندە نەخوازراوە لای خەڵکی ئەمریکا، ئۆباما لەم هەڵبژاردنەدا لەسەر بەڵێنەکانی سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئۆباماو دروشمەکانی تەواو جیاوازبوون لە کۆمارییەکان، بۆیە هیچ نەبێت ئۆباما بە جۆرێکی تر لە سیاسەت ئاشنامان دەکات، ئەگەر لەبەر هیچ نا، لەبەر دروشمە گەورەکانی‌و زیاد لەو بەڵێنانەی کە بە گەلی ئەمریکاو جیهانی داوە».


چۆمسکی


فۆکۆیاما


فەرید زەکەریا

فۆکۆیاما زیاتر وتی: «ئەوەی ئەمریکای ناشرینکرد لای گەلانی جیهان، سیاسەتی دەرەوەی بوو، ئەوە سیاسەتی دەرەوەیە ئاراستەکانی لە کۆشکی سپییەوە دادەڕێژراو ئەمریکای کردە دەوڵەتێکی شەڕانگێزو قێزەون لە جیهاندا، ئەوەی ئۆباما دەبێت کاری لەسەر بکات، گۆڕینی ئاراستەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە لە پرۆژەگەلی شەڕانگێزی‌و میلیتارییەوە بۆ شوێنێک بۆ لێبوردن‌و ئاشتی‌و لێبوردەیی بۆ سەرجەم گەلانی جیهان بەتایبەت بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست».

**فەرید زەکەریا**

یەکێکی تر لەو نووسەرانە فەرید زەکەریایە، ئەو خاوەنی کتێبی ئایندەی ئازادی‌و سەرنووسەری گۆڤاری (Newsweek)ە، زەکەریا لەبارەی ئۆباماوە دەڵێت: «دەرئەنجام پاش ململانێیەکی زۆر ئۆباما سەرکەوت، ئەو پاڵپشتی زۆرینەی جەماوەری ئەمریکای بەدەستهێناو فەزایەکی خولقاند بۆ خولقاندنی جۆرێکی تر لە حکومەتی ئایدۆلۆژی لە خۆرئاوادا، بێشک زۆرینەی ئەمریکییەکان وەک کۆنزێرڤاتیڤ خۆیان نیشان دەدەن لەوەی کە لیبراڵ بن، بەڵام لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا کە سیاسەتی ئەمریکا بەهەڵەدا چووبوو، کاردانەوەیەکی تەواو دیاری لەسەر ئاستی ئەمریکادا دەرکەوت کە خەڵک وەک لیبراڵ‌و یاخی خۆی پیشان بدات، بەتایبەت لەنێو دیموکراتەکاندا»، ئەمەش وەک توکیۆڤێل دەیوت: «هەر نەوەیەک لە ئەمریکادا خەڵکێکی نوێیە».

ئەو زیاتر وتی: «ئێستا قەیرانەکان خۆیان لەبەردەم ئۆبامادا دەبیننەوە، دەبێت ئۆباما باش لەگەڵ قەیرانەکانی ئەمریکادا مامەڵە بکات، ئەوەی سەرۆک بوش بانگەشەی بۆ دەکرد، ئەوەبوو کە ئەمریکا لەبەردەم مەترسیی تیرۆردایە، ئەوەی ئۆباماش بانگەشەی بۆ دەکات، ئەوەیە کە ئەمریکا لەبەردەم مەترسیی گەندەڵی‌و قەرزی گەورەدایە، کە ئەگەر ئەم سیاسەتە بەردەوام بێت، ئەوا ئەمریکا دەکاتە وڵاتێکی هەژار لە جیهاندا».

فەرید زەکەریا بەردەوام دەبێت‌و دەڵێت: «هەڵبژاردنەکانی ئەمریکاو سەرکەوتنەکانی ئۆباما بەر لە هەرشت ململانێیە لەنێوان کۆنزێرڤاتیزم‌و مۆدێرنیزمدا، بەرەی کۆمارییەکان لە کۆنزێرڤاتیزمەکان‌و بەرەی ئۆباماش مۆدێرنەکان، ئەمە تەواو لە وتارەکانی ئۆبامادا ڕەنگی دەدایەوە، هیچ کۆتەیشنێکی ئۆباما شک نابەین کە بانگەشە نەبووبێت بۆ گۆڕان‌و نوێبوونەوە»، لە کۆتایی هەر قسەیەکیشیدا دەیوت: «بەڵێ دەتوانین (yes we can)، ئەمەش بەئاگامان دەهێنێتەوە لەوەی کە ئۆباما دەیەوێت سیاسەتی نەریتپارێزی بەرەو مۆدێلێکی تر پەلکێش بکات».

## جۆرج بوش کورسییەکەی بۆ ڕەش پێستێک جێهێشت

# ئایا کورد ئامادەیە تورکمانێک بکاتە سەرۆک

هێمن لهۆنی

هەڵبژاردنی ئۆباما، شۆڕشێکی نوێ بوو لە مێژووی ئەمریکادا. کەمینەی ڕەش پێستەکان لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا لە ئەمریکا، تووشی چەندەها سووکایەتیپێکردن هاتوون‌و بە قۆناغێکی زۆر دژواردا تێپەڕیون، بەشێوەیەک کە چەندەها ساڵ لەمەوبەر لە هەندێک لە شوێنە گشتییەکاندا نووسرابوو «بۆ ڕەش‌و سەگ نییە بێتە ژوورەوە»، بەڵام ئەمڕۆ هەر ئەو خەڵکە یەکێک لەو ڕەش پێستانەی ئەمریکا دەکەنە سەرۆکی وڵاتەکەیان‌و زۆرترین دەنگیشی لەناو ویلایەتە ڕەگەزپەرستەکان بەدەست دەهێنێت.


باراک ئۆبامای سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا بووەتە دیاردەیەک لە جیهان‌و هەریەکە دەیەوێت ئەو دیاردەیە بۆ وڵاتەکەی خۆی بگوازێتەوە وەک نموونەیەکی مێژوویی لە وانەی دیموکراسی‌و پێکەوەژیان‌و یەکتری قبوڵکردن.

ئەرتگول ئۆزکوک، سەرنووسەری ڕۆژنامەی حوریەتی تورکی، کە بە کەسێکی ڕەگەزپەرست ناسراوە، لە دوو وتاریدا لە ڕۆژانی (٦-٧/ ١١)دا باس لەوەدەکات کە ئایا باشترین تاقیکردنەوە بۆ دیموکراسی تورکیا بریتی نییە لەوەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئێمەش بتوانین کوردێک بکەینە سەرۆک، هەروەک ئەمریکا ڕەش پێستێکی کرد، ئەو دەنووسێت: «ئایا هاوڵاتییەکی تورک دەنگ دەدات بە سەرۆک کۆمارێک کە بە ئاشکرا بڵێت من کوردم؟ ئەمە تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی دیموکراسییە»، پرسیارێکیش بۆ دیموکراسی ئێمە لە داهاتوودا ئەوەیە کە خەڵکی هەرێمی کوردستان ڕۆژێک دێت دەنگ بداتە تورکمانێک‌و بیکاتە سەرۆکی هەرێمەکەمان؟.

کەنعان شاکر، سەرۆکی بزوتنەوەی تورکمانانی بێلایەن، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە پێش ئەوەی خەوی ئەوە ببینین کە ببینە سەرۆکی هەرێم، داوای ئەوە دەکەین کە مافەکانمان زیادبکرێت هەرچۆن کورد وەک نەتەوەی دووەم لە عێراق مافی بەدەستهێناوە، ئێمەش وەک نەتەوەی دووەم لە کوردستان مافی خۆمان هەبێت، ٢٠ ساڵ لەمەوبەر لە ڕووی ڕەگەزپەرستییەوە، ئەمریکا زۆر لە دوای کۆمەڵگەی کوردییەوە بوو، بەڵام ئەوان بە سەدەها ساڵ، پێش زۆربەی وڵاتانی جیهان کەوتن‌و پێشی ئەوروپایان دایەوە، بەڵام لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو لە کوردستان، هێشتا پێکەوەژیانی سیاسی لە جێگەی پرسیاردایە، کەنعان شاکر دەڵێت: «ئێمە ئێستا داوای قوڵکردنەوەی پێکەوەژیان دەکەین، نەوەک خەو بە پۆستی سەرۆکی هەرێمەوە ببینین، بەڵام شتێکی ئێجگار جوانە تورکمانیش پۆستێکی گەورەی لە کوردستاندا هەبێت».

چاودێرانی سیاسی بڕوایان وایە کۆمەڵگەی کوردی هێشتا نەیتوانیوە لەنێوان ڕۆڵەکانی خۆیدا تۆوی یەکترقبوڵکردن بروێنێت. بەرپرسێکی گەورەی حکومی لە کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەوەندەی کوردو کورد کێشەی هەیە لە شارێکی وەک کەرکوکدا، ئەوەندە تورکمان‌و کورد نییەتی.

پشتیوان سادق، بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر، پێیوایە ئەو مەسەلەیە دەکەوێتە سەر پرۆسەی دیموکراسی‌و هەڵبژاردن، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان ئینتیمای‌و نیشتمانپەروەری گرنگە بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت ببێتە


لە دواساتەکانی سەرۆکایەتیدا بوش بە گەرمی پێشوازی لە بارزانی کرد

This is trial version
www.adultpdf.com

# ...ۆباما



کارەکانی، ڕاستە ئەو کوری پارتی دیموکراتەو پارتەکەشی بێشک ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە ئەمریکاداو چەندینجار ئەو پۆستەی بۆخۆی داگیرکردووە، بەڵام بە هەڵبژاردنی پیاوێک کە پشت بە مژدەکانی دەبەخشێت نەک کردەوەکانی ڕابردووی، تەواو ئەمریکا دەباتە قۆناغێکی نوێوە، قۆناغێک کە ئەو وڵاتە هەمیشە خۆی لەبەردەم دروشمگەلێکی نوێدا ببینێتەوەو شەڕی ئەوەش بکات کە دەبێت ئەو دروشمانە ببن بە واقیع.

## کوردو ئۆباما

ئەو هەڵبژاردنەی کە لە ئەمریکادا ڕوویدا، بۆ چرکەیەکیش لە هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵگەی ئێمە نەدەچوو، ڕاستە بە درێژایی مێژووی هەڵبژاردن لەو وڵاتەدا ڕکابەری تەنها لەنێوان دیموکراتەکان‌و کۆمارییەکاندایە، بەڵام ئەوان پارتگەلێکن بە جیاواز لە پرۆسەی هەڵبژاردن لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر بە ئاسایی دۆڕان قبوڵ دەکەن‌و لە یەکەم چرکەساتی ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا کارەکتەری دۆڕاو پیرۆزبایی لە بەرامبەرەکەی دەکات‌و ئامادەیە هاوکاریشی بکات، وەک ئەوەی لە جۆن بایدنمان بینی کە بە خەڵکی ڕاگەیاند تاوانی ئێوە نییەو ئەوە هەڵەکانی منە کە سەرنەکەوتم، بە جیاواز لە پارتە کوردییەکانی لای خۆمان کە نیگەرانییەکانی خەڵک بە جۆرێک لە بێوەفایی خەڵک بۆ حیزب لەقەڵەم دەدەن. ئەوە ئەمریکایە سەرکردەکانی ئیعتیراف بە هەڵەکانی خۆیان دەکەن‌و ئەوەش کۆمەڵگەی کوردییە کە سەرکردەکانی وەک کارەکتەری پیرۆز بە دەیان نەوە لەدوای خۆیان جێدەهێڵن‌و هەر خۆیان بە هەڵگری حەقیقەتەکان دەزانن. ئەوە ئۆبامایە وەک گەنجێک کە تا

ئەم چرکەساتە هیچی نەکردووەو دەیەوێت ببێتە سەرۆکی ئەمریکا، ئەوەش سەرکردە کوردەکانی لەمەڕ خۆمانە کە بە تەقەش کورسی بۆ نەوەی دوای خۆیان جێناهێڵن‌و پێمان دەڵێن ئێمە لەپێناوی ئەم ئەزموونەدا ماندووبووین‌و شەڕی پارتیزانیمان کردووەو ئێوەش منداڵی دوای ڕاپەڕین.

ئێستا لەبەر دۆڕاندنی متمانەی جەماوەرو قبوڵنەکردنی جیاوازییەکانی یەکترو ڕازینەبوون بە دۆڕان، هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستان ئامادەنین ڕکەبەری یەکتر بکەن‌و ڕێککەوتنێکی ستراتیژیان مۆرکردووەو تەواو پرۆسەی هەڵبژاردنی ئازادیان لەم دەڤەرە کوشتووە، ئەوان ئێستا تەواو لەیەکدەچن‌و بە جیاواز لە ئۆباماو مەکەین، هەرگیز ئامادەنین جیاوازییەکانیان بەیان بکەن، ئەمەش لەبەر ڕاگرتنی ئەو دۆخە نالەبارەو دابەشکردنی سەروەت‌و سامانی ئەو میللەتە لەنێوان خۆیاندا.

پەیوەندییەکانی کورد لەگەڵ ئیدارەی سەرۆک بوشدا، پەیوەندییەک بوو لە پێشوازیکردن‌و تەوقەی بەردەم کامێراکان تێپەڕی نەکردووە، ئەم پەیوەندییە تاک لایەنەیەو تا ئەم چرکەساتەش هیچ ئاماژەیەک نییە پێمان بڵێت لەبەرئەوەی کورد هاوسۆزی ئەمریکایە، بە چاوێکی جیاواز لە ناوچەکانی تری عێراق تەماشای هەرێمی کوردستان دەکات.

جۆرج بوش سەرۆک بێت یان ئۆباما، جیمی کارتەر بێت یان جۆن کەنەدی، هیچ لە جیاوازییەکان ناگۆڕێت کە کورد لە پەیوەندیی بە دەوڵەتە زلهێزەکانەوە پەیوەندییەکی لاوازەو بەرپرسانی کورد لە خەباتی دبلۆماسیدا شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە.

aziz rauf2003@yahoo.com

ئێستا چاوەڕێی ئەوەن ئۆباما دروشمەکانی جێبەجێ بکات.

ئۆباما وەک ڕەش پێستێک ئەوەی پشتی پێبەست لە سەرکەوتنی بۆ سەرۆکی ئەمریکا، دروشمەکانی بوو نەک

---

تەمەنیان لە خوارووی ٣٠ ساڵ بووەو ٢٠ لە سەدەی دەنگدەرانیش بەشێوەی یاسایی پێش دەستپێکردنی هەڵبژاردنەکان دەنگی خۆیان لە سندوقەکانی هەڵبژاردن هاویشتووە.

لێرەوە هۆکاری جۆراوجۆر کاریگەریان لەسەر ڕێژەی بەشداریکردن داناوە، یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکان بۆ هەوڵەکانی دوو حیزبی دیموکرات‌و کۆماریخواز دەگەڕێتەوە، کە توانیان لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە نوێترین شێوازەکانی پڕوپاگەندەو خەرجێکی زۆر، سەرنجی بیروڕای گشتی بۆ هەڵبژاردن ڕابکێشن.

ئەو بڕە دۆلارەی بۆ پڕوپاگەندەی سەرجەم کاندیداتۆرەکانی هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٧- ٢٠٠٨ ڕاگەیەنرا، دوو بەرابەری ئەو بڕە بوو کە بۆ هەمان مەبەست لە ساڵی ٢٠٠٤دا تەرخان کرابوو، لە هەمانکاتیشدا سێ بەرابەری ئەو بڕە بوو کە بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٠ تەرخان کرابوو.

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ هەبوونی کاندیداتۆرێکی ڕەش پێست بۆ پۆستی سەرۆک کۆماریو بوونی ژنێکیش بۆ جێگری سەرۆک کۆمار، ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەی حەزی بەشداریکردن لای ئەو کەسانە دروستبکات کە سەردەمانێک بوو لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا تۆرابوون.

بەپێی ئامارە بڵاوبووەکان لە هەر ١٠ کەس کە دەنگیان بە حیزبی کۆماریخواز داوە، ٤ کەسیان بەهۆی (سارا پالین)وە بەشدارییان کردووە، بە هەمانشێوەو ڕێک هەمان ڕێژەش ئیدیعا دەکەن بەهۆی سارا پالینەوە دەنگیان بە ئۆباما داوە.

یەکێکی دیکە لەو پاڵنەرانەی بوو بەهۆی ئەوەی ڕێژەیەکی زیاتر لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٨دا بەشداریی بکەن، پەیوەندیی بە قەیرانی ئابووریی ئەمریکاو کاریگەریی ئەو قەیرانە لەسەر ئابووری جیهانی هەیە. ئەگەرچی هەندێک لە ڕاڤیاران پێیانوایە ئەو قەیرانە ئابوورییە بە قازانجی حیزبی دیموکرات تەواوبوو، بەڵام ئەو قەیرانە ئابوورییەو کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵک بوو بەهۆی ئەوەی سەرنجی ئەو خەڵکانەی سەردەمانێک بوو لە هەڵبژاردن بەشداریان نەکردبوو، بەرەوبارودۆخی سیاسییی وڵاتەکەیان ڕابکێشێت. هەربۆیەش هەندێک لە ڕاڤیارەکان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە تەنانەت ئەگەر بە جێگەی ئۆباماو مەکەین کەسانێکی دیکە کاندید بووبان، خەڵک هەر بەوشێوەیە لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدارییان دەکرد.

جیا لەوە کە باراک ئۆباما یەکەم سەرۆک کۆماری ڕەش پێستە لە مێژووی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئەمریکادا، ئەو چانسەی هەبوو بەو هۆیانەوە کە باسکران یەکێک لە دەگمەن سەرۆک کۆمارەکانی ئەمریکا بێت کە بە پشتیوانیی خەڵکێکی بەرچاو پێ بنێتە ناو کۆشکی سپییەوە.

گرنگترین کاریگەری ئەو پشتوانییە ئەوەیە کە مەشروعیەتی نێونەتەوەیی ئەمریکا بەرزدەکاتەوە، زۆربەی چاودێرانی سیاسی لەسەر ئەو باوەڕەن کە دوای هاتنە سەرکاری بوش، مەشروعیەتی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهانی دابەزیو ئێستاش ئەو دەرفەتە بۆ ئۆباما ڕەخساوە چ لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمریکاو چ لەدەرەوەدا وێنەیەکی دیکە لە ئەمریکا نیشان بداتو بەنیسبەت هەندێک وڵاتی وەک ئێرانیشەوە سیاسەتێکی دیکە بگرێتەبەر.

لێرەوە ئۆباما پێش ئەوەی هەوڵبدات دورشمی «گۆڕان» بهێنێتەدی، دەبێت سەرەتا قەیرانە سەرەکییەکانی وەک قەیرانی ئابووریو هەروەها کێشەی سوپای ئەمریکا لە وڵاتانی وەک عێراق‌و ئەفغانستان چارەسەر بکات، ئەو قەیرانانەی کە بەهۆی پشتیوانی خەڵکی ئەمریکاو دەرەوەی ئەمریکا دەکرێت لێیان دەربازبێت.

**و: مەحمود شێرزاد**
**سەرچاوە: دیپلۆماسی ئێرانی**

# ئەمریکایەکی تر

**عەتائوڵڵا موهاجەرانی***

ئایا بە هەڵبژاردنی ئۆباما بەرەوڕووی ئەمریکایەکی تر دەبینەوە؟

«گۆڕان» کە کۆڵەکەی سەرەکیی ڕیکلامەکانی ئۆباما بوو، قوڵاییو پانتاییەکەی تا چ ڕادەیەکە؟

وڵاتانی ئیسلامی بەتایبەت ئەفغانستان، عێراق، فەلەستین‌و ئێران لەگەڵ چ ستراتیژێکی نوێ بەرەوڕوو دەبنەوە؟

گومان لەوەدا نییە کە ئەم گۆڕانە لە ناوخۆی ئەمریکادا هاتووەتە ئارا، ئەو خۆشحاڵیو شادمانییەی کە لەناو نەوەی نوێی ئەمریکادا شەپۆلی دەدا، هەروەها دڵخۆشیو شانازیی ئەمریکی- ئەفریقی نیشانەکانی ئەوەن، ئەوکاتەی ئۆباما وتەی سەرکەوتنی لە شیکاگۆ پێشکەش دەکرد، جیسی جەکسۆن لە خۆشیان وەک منداڵێک دەگریا، فرمێسک لە چاوی سپی پێستەکانیشدا پەنگی دەخوارد، دیاربوو لەناو دڵی بەکوڵی کۆمەڵگەی چل پارچەی ئەمریکادا ڕووداوێکی گەورە ڕوویداوە، ٦٤٪ی خەڵک بەشداریی هەڵبژاردنەکانیان کرد، لە ساڵی ١٩٠٨ەوە تا ئێستا ڕێژەی وا بەدەست نەهاتووە، یەکەمجارو دوای هەڵبژاردنی کارتەر لە ساڵی ١٩٧٦دا، حیزبی دیموکرات زیاتر لە ٥٠٪ی دەنگی بەدەستهێنا، دەنگەکانی ئۆباما بێوێنە بوو، بۆیە پرسیاری جۆراوجۆر سەرهەڵدەدەن، هەڵبژاردنی ئۆباما لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە شیاوی لێکدانەوەیە، ئۆباما زیاتر لە هەر کەسێکی دیکە سیمبۆلی ئەمریکایە، سیمبۆلی جیهانیبوونی وڵاتێک کە نەتەوەکانی هەموو دنیا لەوێ ماڵێکو ڕێکخراوێکی خۆیان هەیە، بۆ نموونە ملیۆنان ئێرانیو دەیان ملیۆن موسوڵمان بەشێکن لە کۆمەڵگەی ئەمریکی، قسەکەی پاوێلی وەزیری پێشووی دەرەوەی بوش بهێننەوە بیر خۆتان، ئەو پشتگیریی ئۆبامای کردو لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە باوکی ئۆباما موسوڵمان بووە، وتی: «ئەوە چ کێشەیەکی تێدایە، ئەگەر ئۆباماش موسوڵمان بوایە، ئایا کێشە دەبوو؟ موسوڵمانێک ناتوانێت ببێتە سەرۆک کۆماری ئەمریکا؟».

بیر لەم قسەیە بکەنەوە! ئەم قسەیە هەمان جەوهەری ئایدیاڵی کۆمەڵگەی ئەمریکایە کە لەم دەیەی دواییدا لەلایەن بوش‌و موحافزکارانی نوێوە تێکدراوە، کارە شازەکەی ئۆباما لە خاوێنکردنەوەی گەورەکانی ئاژیاس دەچوو، گەورەکان تا بنمیچ لە پەین پەساوتبوون، هیرکولیان ڕاسپارد لە ڕۆژێکدا خاوێنیان بکاتەوە، هیرکول ڕەوتی ڕووبارە گەورەکانی (ئەلفە)و (پنەی) گۆڕیو شەپۆلی بەهێزی ڕووبارەکان هەموو پەین‌و پاتاڵی شۆردەوەو لەگەڵ خۆی بردی (یەکێک لە چیرۆکەکانی ئەلیادەو ئۆدیسای هۆمەر- یۆنانی کۆن).

لەخۆوە نییە کە تۆماس فریدمان بەشێوەیەکی هۆشیارانە وتارەکەی لەسەر سەرکەوتنی ئۆباما بەمجۆرە دەستپێکرد «دوای سەعات ١٠ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٤ی نۆڤەمبەر، جەنگە ناوخۆییەکانی ئەمریکا کۆتاییان پێهات»! ئەمەش لە ڕیزی ئەو ڕستانەدایە کە دنیایەک چەمک تێیدا شەپۆل دەدەن، فریدمان ئەو چاوە پڕ فرمێسکانەی جیسی جەکسۆنی کردووەتە وێنەیەکی مێژوویی، سەرکەوتنی ئۆباما سەرکەوتنی لینکۆڵن‌و لۆتر کینگیش بوو.

ئەم وتەیەمان زۆر بیستووە کە بۆ خەبات لەدژی تاریکی مۆمێک داگیرسێنین، ئەمە ئەو مۆمەیە کە لە ئەمریکا داگیرسا، تاریکایی دەیەیەک لەخۆباییبوون‌و دەماربەرزیی نیۆکانەکان ڕەوییەوە... بەڵام بە دووری دەزانم ئەم سەرکەوتنە درەوشاوەیەی دیموکراتەکان‌و ئۆباماو ئەمریکی-ئەفریقییەکان، نیشانەی ئومێدیش بێت بۆ خەڵکانی تر، جیاوازیی ئۆباماو بوش لەوەدایە کە ئۆباما بۆ ئامانجەکانی ئەمریکا، بەدواداچوونی وردترو بەرنامە بۆ دارێژراوتر دەکات، لە ڕاستیدا ئەو جێبەجێکاری کارە ناتەواوو بیرلێنەکراوەکانی بوشە، بۆ نموونە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەبوایە کارەکانی ئەفغانستان بە ئەنجام بگەشتایە ئینجا دەست بۆ عێراق ببرایە!

لە مەسەلەی فەلەستینیشدا ئۆباما ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە بەیتولموقەدەس یان وەک ئیسرائیلییەکان دەڵێن ئۆرشەلیم، پایەتەختی ئەبەدیو جیانەکراوەی ئیسرائیلە، بەبێ هۆ نەبوو کە مارتین ئیندیک، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ئیسرائیل کە یەکێکە لە ڕاڤەکارانی حیزبی دیموکرات، هەر لە گەرمەی هەڵبژاردنەکاندا ڕۆژی ٤ی نۆڤەمبەر وتی: «ئیسرائیلییەکان نابێت نیگەران بن، چونکە ئۆباما لە بوش بەوان نزیکترە».

دەمەوێت بڵێم لە پێکهاتەی حکومەتی ئەمریکادا یەک دیکۆراسیۆن، بنیات یان فۆنداسیۆن بوونی هەیە، هاتنی ئۆباما گۆڕانێکی بەرچاوە لە ڕواڵەتی حکومەت نەک لە بنیاتەکانیدا.

جیهاد خازن لە گۆشە باناوبانگەکەی لە ڕۆژنامەی (ئەلحەیات)دا ڕۆژی سێشەممە ٤ی نۆڤەمبەر نووسی «ئەگەر مەکەین ببێتە سەرۆک کۆمار، ئێمە بەردەوام لەگەڵ موسیبەتەکانی سەردەمی بوشدا بەرەوڕوو دەبینەوە، ئەگەر ئۆباماش ببێتە سەرۆک کۆمار، ئەوە کێشەکانمان زیاتر دەبن، ئۆباما لە هەر سپییەک سپیترە! زۆر هۆشیارەو هەرگیز هەڵەکانی بوشی کوڕ کە هیچ کاتێک گەورە نابێت، دووبارە ناکاتەوە»!

لە کۆتاییدا سەبارەت بە پەیامەکەی سەرۆک کۆماری ئێران بۆ ئۆباما، دەبێت بڵێم کە هیوادارم بۆ ئەو مەبەستە لەپێشدا ڕاوێژێک بە ئەمریکییەکان کرابێت، کە ئەم پەیامی پیرۆزباییەش وەک پەیامەکانی دیکە بێوەڵام نەمێنێتەوە.

**و: شەهرام عەبدوڵڵا**

**سەرچاوە: دیپلۆماسی ئێرانی**
*** عەتائوڵڵا موهاجەرانی، وەزیری ڕۆشنبیریی ئێران لە سەردەمی سەرۆک کۆماری خاتەمی، ئێستا بەڕێوەبەری سەنتەری گفتوگۆی شارستانییەتەکانە لە ئێران.**



هەموو دووشەممەیەک گوێ لە ئۆباما دەگرن

This is trial version
www.adultpdf.com

# ئـــــەفســـــانـــــەی ئـــ

**عەزیز رەئووف**

## دەموچاوە رەشەکە

دوای ٤٣ سەرۆکی ئەمریکا، ئەوە یەکەمینجارە پیاوێکی رەش پێستی بە ئەسڵ ئەفریقی ببێتە سەرۆکی ئەمریکاو هەوڵی جدیی بدات بۆ کاڵکردنەوەی جیاکاریی رەگەزی لەو وڵاتەدا کە بە گەورەترین وڵاتی جیهانو سەنتەری گەورەترین دەسەڵاتی تاک جەمسەری دادەنرێت لە جیهاندا. هەڵبژاردنی رەش پێستێک بۆ ئەو وڵاتە، سەرباری ئەو قەیرانی متمانەیەی کە رووبەڕووی کۆمارییەکان بووەتەوە، سەرکەوتنێکی گەورەشە بۆ گەلی ئەمریکا کە دژ بە جیاکاریی رەگەزینو هەوڵەکانی خۆیان بۆ کاڵکردنەوەی جیاکاریی رەگەزی بەردەوامەو سوورن لەسەر ئەوەی کە ئەمریکا ئەمریکای هەمووانە بەبێ جیاوازیی رەگەزیو ئایینیو نەتەوەییو کاریگەری تەواویشی هەیە لەسەر سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی ئەو وڵاتە. لەنێوان سپیو رەشدا چەندە جیاکارییەکی شکڵی هەیە، بارتەقای ئەوەش جیاکارییەکی رەگەزیش هەیە، ئەمریکا مێژوویەکی دوورو درێژی لەگەڵ کێشەی راسیزمو جیاکاریی رەگەزیدا هەیە، رەش پێستەکان هەمیشە وەک هاوڵاتیی پلەدوو تەماشا دەکران، تەنانەت لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا گەیشتبووە ئاستێک کە سپی پێستەکان رێگەیان نەدەدا رەش پێستەکان بێنە شوێنە گشتییەکانەوە، ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتینی لێوانلێوە لە باسکردنی ئەم دیاردەیە، بە جۆرێک لە سەدەی رابردوودا لەپاڵ کێشەکانی تردا بە یەکێک لە دیاردە هەرە ناشرینەکان لەنێو نەتەوە جیاوازەکانی ئەمریکادا دەهاتە هەژماردن.

## ئەمریکاو خوێنی تازە

ئەمریکا بە جیاواز لە زۆرێک لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تەنهاو تەنها پشت بە رابردووی هێزو پارتەکانی نابەستێت، بەڵکو دروشمو مژدەکانی ئایندەش دەکاتە پێوەر، هەڵبژاردنی باراک ئۆباماو شکستی جۆن مەکەین رێک بەرهەمی ئەو دۆخەیە کە ئەمریکییەکان چیدی نایانەوێت بە گیانبازییەکانی رابردوو و گوتارەکانی شەڕو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان دەستو پەنجە نەرم بکەن، بەڵکو ئەوان دەیانەوێت کۆشکی سپی وەک گەورەترین سەنتەری دەسەڵات لە ئەمریکادا بە خوێنی تازە پڕبکەنەوە، جا ئەو خوێنە تازەیە خوێنێکی رەشیش بێت کێشە نییە، چونکە ئەمریکا ئەمریکای هەمووانەو رەش پێستەکانیش خەونیان هەیە.

دوای جۆن کەنەدی، ئەمە یەکەمین پیاوی گەنجە ببێتە سەرۆکی ئەمریکا، بە هەڵبژاردنی ئۆباما گەلی ئەمریکا ناڕاستەوخۆ پێماندەڵێن ئەمریکا گەنجەو دەبێت گەنجێکیش حوکمی بکات، ئەمریکا لە تازەبوونەوەدایەو دەبێت گەنجێکیش ئەم پرۆسەی گۆڕانە بگرێتە ئەستۆی خۆی کە رەنگە لە ئۆباما شایستەتر لە ئێستای ئەمریکادا شک نەبەین. ئۆبامای گەنج لە بەرامبەر جۆن مەکینی پیردا توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، ئەمە تەنها لە رووی بایۆلۆجییەوە نەبوو، بەڵکو وتارو مژدەکانی ئۆباما زۆر گەنجانەترو سەردەمیانەتر بوو لە وتارو گفتەکانی مەکەین، مەکەین هەمیشە وەک ریش سپییەک قسەی دەکردو ئامۆژگاریی گەلی ئەمریکای دەکرد، بەپێچەوانەوە ئۆباما بانگەشەی گۆڕانو ئومێدی دەکردو دەیوت من گوێتان لێدەگرم، واتە دوورو نزیک ئۆباما بەلای ئامۆژگاریدا نەدەچوو، بەڵکو هەمیشە هەوڵیدەدا تۆپەکە بخاتە پێی خەڵکو بەوان بڵێت من هەڵبژێردراوی ئێوە دەبمو خەونەکانی ئێوەش بەدیدەهێنم.

## پیاوی دروشمە گەورەکان

ئەوەی ئەمریکای لە جۆن مەکەین جودادەکردەوە، دروشمە گەورەکانی بوو لە هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، بە جۆرێک ئەو دروشمانەی کە ئۆباما هەڵگریبوو، دروشمگەلێکی فەلسەفیو شیعرئامێز بوون، کە جیهانێکی تەواو خەیاڵی لای ئەمریکیو تەنانەت هاوڵاتییە غەیرە ئەمریکییەکانیش دروستکردبوو، کەم سەرۆکی ئەمریکا هەبووە پێش پرۆسەی هەڵبژاردن بە خەڵکی ئەو وڵاتە بڵێت «حەقیقەت لای ئێوەیە»، کەم سەرکردەی ئەمریکی هەبووە کە لە پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا بە یەک وشەش باس لە رابردوو نەکاتو تەنها پشت بە خەونە رەنگاورەنگەکان ببەستێت لە ئایندەداو بە ئاشکراش لەبەردەم جەماوەرەکەیدا بە روونیو ئاشکرایی بڵێت «بەڵێ ئێمە دەتوانین خەونـــــەکانمان بهێنینـــــــە دی (yes we can)»، ئەو دروشمانەی کە ئەمریکا هەڵگریبوو لە دروشمگەلی گۆڕانو ئومێدو دینایەکی باشتر کە لە رابردوو نەچێت، دروشمگەلێکی هەروا ساکار نین، بەڵکو تەواو ئۆباما دەبەنە بەردەم لێپرسراوییەکی گەورەوە. خەڵکی ئەمریکاو گەلانی جیهان بە گشتی



ئۆباما لە شۆفێری منداڵەکەیەوە بۆ شۆفێری رووداوە گەورەکانی جیهان

### رۆژێک دوای سەرکەوتنی باراک ئۆباما

- نرخی بۆرسەکان لە نیویۆرک، لەندەن، پاریس، جنێف، بەرزبوونەوەی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیو هەندێکیان تا ٤٠٪ی بەرزبوونەوەی نرخیان پێوە دیاربوو.
- بۆرسە ئاسیاییەکان لە هۆنگ کۆنگ، سیئۆل، پەکین، تۆکیۆو سەنگافورەش، بە رێژەیەکی بەرچاو بەربووونەوە
- نرخی بەرهەمە نەوتییەکانی تەکساس بەرز بوویەوە بۆ ٧٤ دۆلار نرخی نەوتی ئۆپێک کە گەیشتبووە ٥٤ دۆلار، بەرزبووەوە بۆ سەروو ٦٠ دۆلار، بەڵام ئێستا نرخەکەی دابەزیووەتەوە بۆ٥٣ دۆلار.

# بۆ هەڵبژاردنی ئەمریکا بوو بە مێژوویی؟



**ن: حەسەن بەنانج**

بەرزیی رێژەی بەشداریی دەنـــگـــدەران لـــە رووداوە چارەنووسسازەکانی وەک هەڵبژاردن، هەمیشە یەکێک لە کەڵکەڵە گرنگەکانی دەسەڵاتدارانی سیاسی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مەشروعیەتی سیستمی سیاسی بووە، جیا لەوەی چ کەس یا کەسانێک دەتوانن ئەرێی دەنگدەران بەدەست بهێنن، ئەوەی کە بوار بۆ بەردەوامیو مانەوەی سیستمێکی سیاسی خۆش دەکات، پەیوەندی بەو گرنگییەوە هەیە کە ئەندامانی کۆمەڵگایەک بەو سیستمەی دەدەن، هەربۆیەش هەمیشە حکومەت هەوڵدەدات بە شێوازی جۆراوجۆر رێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان بەرزبکاتەوە.

ئەو ئامارانەی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی ئامارو هەروەها کۆمیتەی نەتەوەیی هەڵبژاردن- ئەمریکا لە پەیوەندی لەگەڵ رادەی بەشداریی دەنگدەران لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٨دا بڵاویان کردووەتەوە، ئاماژە بە بەشداریی ١٣١ میلۆنی دەکەن، واتە ٦٤٪ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە لە هەڵبژاردندا بەشداریان کردووە، ئەوە بە مانای ئەوەیە کە لە ١٠٠ ساڵی رابردوداو لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئەمریکادا شتی وا روویندەداوە.

لە ساڵی ١٩٠٨دا ٦٥٪ بەشدارییان کردبوو، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٦٠دا کە جان ئیف کەنەدیو ریچارد نیکسون کاندیداتۆری دوو حیزبی سەرەکی بوون، ٦٣٪ی دەنگدەران بەشدارییان لە دەنگداندا کرد، بەڵام لە ٢٠٠٨دا ٦٤٪ دەنگیانداو ئاستێکی نوێیان تۆمارکرد.

هەمیشە بەرێوەبەرانی کەمپینەکانی هەڵبژاردن لە ئەمریکا هەوڵدەدەن سەرنجی ئەو بەشە لە دەنگدەران بۆ لای کاندیداتۆری خۆیان رابکێش کە نایانەوێت لە دەنگداندا بەشداریی بکەنو بەنیسبەت رووداوە سیاسییەکانیش هیچ هەڵوێستێک لە خۆیان نیشان نادەن، هەڵبژاردنی ٤ی نۆڤەمبەر توانی لەو بوارە سەرکەوتن بۆخۆی بەدەست بهێنێت.

بەپێی ئەو ئامارانەی ئێستا لەبەردەستن، ١ کەس لە ١٠ کەسی دەنگدەر ئیدیعای کردووە کە ئەوە یەکەمجارە لە هەڵبژاردندا بەشداریی کردووە، هەروەها لە ١٠ کەسی بەشداربوو ٦ کەسیان

This is trial version
www.adultpdf.com

# ئاگاداری

**کۆمپانیای ئازادی تیلیکۆم**

**بەڵێندەرایەتیو بازرگانی گشتی**

کۆمپانیای ئازادی تیلیکۆم هەڵدەستێت بە فرۆشتنی کەرەسەی کوناف‌و مولحەقاتی کە تایبەتە بە بیناسازی بەشێوەی زیادکردنێکی ئاشکرا لە بەرواری ٢٠٠٨/١١/٢٢ ڕۆژی شەممە کاتژمێر (١٠ی سەر لە بەیانی) لە گۆڕەپانی کۆمپانیا کە دەکەوێتە سەر شەقامی سەرەکی قەرەداغ/تانجەرۆ، ئەو کەسەی ئارەزووی بەشداریکردنی هەیە با لە بەرواری سەرەوە ئامادە بێت‌و بڕی (٢٠ ,٠٠٠ $) بیست هەزار دۆلاری ئەمریکی) وەک بارمتە بهێنێت کە دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی پاش زیادکردنەکە.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە کۆمپانیای ناوبراو، بەم ناونیشانەی خوارەوە:

**کۆمپانیای ئازادی تیلیکۆم/ شەقامی سەرەکی قەرەداغ/**
**تانجەرۆ/بەرامبەر بەنزینخانەی هەڵەبجە.**
**تەلەفۆن: ٠٧٧٠١٥٢١٢٤٤ –٠٧٧٠١٣٩٠١٨٠.**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٢٦٤ —R٣**

پرۆژە: لێدانی بیری قوڵو دروستکردنی تۆڕی ئاو بۆ گەڕەکی بەردەسوور لە کەلار (دووبارە)

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/١٦ دەست پێدەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/١٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٩ کاتژمێر ¬–٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٢,٠٠٠,٠٠٠) دوانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی/ بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون

**بانگەوازی ئاشکرا ٣٢٥ —R١**

پرۆژە: چاککردنی ڕێگای (بەردەکەڕ- سۆڵەی شێخ قادر) (دووبارە)

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/١٦ دەست پێدەکات تا ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/١٩ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٩ کاتژمێر ¬–٩ی سەرلەبەیانی تا (١٠)ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* ڕۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/٢٩ کاتژمێر١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان(١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێت‌و سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تامینات بەپێی یاساو ڕێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاریکراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٥,٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ ڕۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥,٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا ئەحمەد مەجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

ڕۆژنامە
راستگۆیی، بێلایەنی، وردبینی



زۆرترین و نوێترین زانیاریی دروست لە ئێمە وەربگرە

---

وزارة العدل — نموزج (٢٨) تسجيل
مديرة تسجيل عقارى العامة — العدد ١٧٥
دائرة تسجيل العقارى فى طق طق — بتائريخ ٢٠٠٨/١١/١٢

اعلان

طلب تسجيل عقار مجددا

بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتاريخ ٢٠٠٨/١١/١٢ لتسجيل تمام العقار تسلسل (٩٣) مقاتع (١) طق طق محلة رزگاری

باسم عبدالله صديق صالح مجددا باعتباره

حائزا له بصفة المالك للمدة القانونية. ولفرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا للتسجيل وفق احكام قانون التسجيل العقارى رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ قررنا اعلان هذا الطلب. فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذا العقار تقديم ما لديه من بينات الى هذا الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنشرة هذا الأعلان كذ لك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالي لانتهاء مدة هذا الأعلان وذلك لاثبات حقوقه موقعيا في الكشف الذي يجرى فى اليوم المذكور لهذا العرض

ياسين ابراهيم صابر
مدير دائرة تسجيل العقارى في طق طق

---

هەرێمی کوردستان /عێراق — ژمارە /٦٢٠/ب/٢٠٠٨
ئەنجومەنی دادوەری — بەروار/٢٠٠٨/١١/٩
دادگای بەرایی هەڵەبجە

**بابەت /ئاگانامە**

داواکار/غریب محمود احمد لە بری کوڕە ناکامەکەی رمضان
داوالێکراو/ڕاستگری تۆماری شارستانی خورماڵ وێڕای کارەکەی
داواکار غریب محمود احمد لەبری کوڕە ناکامەکەی رمضان داوایەکی بەو ژمارەی سەرەوە تۆمار کردوە لەدژی ڕاستگری تۆماری شارستانی/ خورماڵ وێڕای کارەکەی بۆ (گۆڕینی ناوی کوڕەکەی ) لە (رمضان)ەوە (خەڵات)وە بەپێی مادەی (٢١) لە یاسای باری شارستانی دادگا بڕیاریدا بە بڵاوکردنەوەی داواکەی لە ڕۆژنامەیەکی ناوخۆدا جا هەر کەسێک مافی ڕێگرتنی هەیە با پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا لە پاش بڵاوکردنەوەی لەم ڕۆژنامەیەدا، بەپێچەوانەوە دادگا داواکە دەبینێت بە گوێرەی یاسا.

**دادوەر**
**قادر محمد نوری**

---

دادگای بەرایی شارباژێڕ
ژمارە: ٢٨٧/ب/٢٠٠٨
بەروار: ٢٠٠٨/١١/١٢

**ئاگاداری**

داواکار/ ئاوارە کریم صالح
داوالێکراو/ ڕازگری باری شارستانی شارباژێڕ سەرەڕای کارەکەی
داواکار (ئاوارە کریم صالح) داوای بەرایی ژمارەی سەرەوەی تۆمار کردووە بە مەبەستی گۆڕینی ناوی (خۆم) لە (ئاوارە) بۆ (ئەلەند) پشت بەست بە بەندی (٢١) لە یاسای باری شارستانی، دادگا بڕیاریدا بە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریيە لە یەکێک لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا، هەر کەس‌و لایەنێک ڕێگری هەیە لەم داوایە پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە یان بریکارێکی یاسایی بنێرێت بەپێچەوانەوە ئەم داوایە بەپێی یاسا دەبینرێت.

**دادوەر**
**سردار علی عزیز**

This is trial version
www.adultpdf.com

# بازدانی دەستووری

**دلێر عەبدولخالق**



بەپێی هەواڵێکی رادیۆ نەوا: وەزارەتــی خوێندنی باڵای حکومەتی عێراقی بڕیاریداوە بە «قەدەغەکردنی خوێندن‌و نووسین بە زمانی کوردی لە زانکۆکانی عێراق بە زانکۆی کـەرکـوکـیـشـەوە»، لـەتـەک ئـەوەشـدا لە کۆنترۆڵی ئەو ناوەندانەی خوێندندا بەڵێننامە بە خوێندکارەکان پڕدەکرێتەوە کە داخـوازی نەکەن بە زمانی کوردی بخوێنن!؟

بەرلەوەی بێمە ناو ناواخنی نووسینەکە، دەپرسم:

*تۆ بڵێی وەزارەتی ناوبراو دوور یان نزیک ئاگاداری ئەوە هەبێت ئێستا دەستوورێک لە عێراقدا هەیەو لە مادەی ٤ی ئەو دەستوورەدا هەردوو زمانی (عەرەبی‌و کوردی) بە زمانی فەرمیی عێراق ناسێنراون‌و لە بڕگەی یەکەمی هەمان مادەشدا هاتووە «مافی سەرجەم عێراقییەکان پارێزراوە لە فێرکردنی رۆڵەکانیان بە زمانی دایکیان، وەک تورکمانی‌و سریانی لە دەزگاکانی فێرکردنی دەولەتدا بەپێی یاسا پەروەردەییەکان»؟

*ئەوانەی لەپشت دەرکردنی ئەو بڕیارەوەن، دەزانن دەستوور گەورەترین گرێبەستی کۆمەڵایەتی‌و یاسایی نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەر کۆمەڵگەیەکەو بنەماو ماف‌و ئەرکەکانی تێدا دەچەسپێنرێت، تێیدا شێوازی سیستمی سیاسیی وڵاتەکەو بنەما گشتییەکانی تاک‌و کۆمەڵ‌و ماف‌و ئەرکەکانی تاک‌و رێکخراوو دەزگاکان‌و سنووری دەسەڵاتەکانیشیان دیاری دەکات؟

* یان دەرکردنی ئەو بڕیارە پەیوەندی هەیە بە کاربەدەستە کوردەکانی حکومەتی عێراقی‌و پەلەمانتارە کوردەکانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی، کە هەمیشە خۆیان دەبوێرن لە دەربڕین‌و ئاخاوتن‌و لێدوان بە زمانی کوردی‌و کەمتر لا لە دووەمین زمانی فەرمیی وڵاتەکەیان دەکەنەوە؟

ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانەیان لایە، دیسانەوە پێویستە بپرسین:

*ئەو سوکایەتیکردنە بە زمانی فەرمیی وڵاتەکەیان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە، کێ ئەو مافەی پێداون کە بڕیارێکی لەوشێوە دەرکەن‌و زمانی پێکهاتەیەکی گرنگی عێراقی قەدەغە بکەن؟

* ئایا دامـەزراوەیـەکـی ئیداریی وەهـا گرنگی پەروەردەیی‌و خوێندنی عێراقی، مافی ئەوەی هەیە بێحورمەتی بەرامبەر بە بڕگەو مادەکانی دەستووری هەمیشەیی وڵاتەکەی بکات، کە لە کورتترین دەربڕیندا دەستوور گوزارشتە لە ئیرادەی دانیشتووانی هەر وڵاتێک؟

* قەدەغەکردنی خوێندن‌و نووسین‌و ئاخاوتن بە زمانی دایک، پڕاوپڕ نییە لە قبوڵنەکردنی مافی ئەوانی ترو رێزنەگرتن لە مافی مرۆڤ‌و کۆڵینی پایەکانی ژیانی دیموکراسی‌و وێناکردنی عەقڵیەتێک کە هەمیشە دەیەوێت هەژموونی خۆی بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێت؟

ئەگەرچی پەرسڤی ئەو پرسیارانە سانان، بەڵام پێویستە ئەوەش بوترێت زەمانەتی جێبەجێکردنی ئەو بڕگە دەستوورییانە تا چەند لە بواری کرداردا «دەتوانرێت» یان «دەکرێت» جێبەجێبکرێت، بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد کە گەورەترین دەستکەوتەکانی ئەم قۆناغەی ژیانی سیاسیمان خۆی لە چەسپاندنی چەند مافێکی دەستووری ناو ئەو (دەسـتـوورە)دا دەبینێتەوە، کەم دانیشتن‌و گردبوونەوەو بۆنەو دیداری رۆژنامەوانی هەیە، کە سەرکردەکانمان بە چڕیی گرنگیی دەستکەوتە دەستوورییەکانمان بۆ روون نەکەنەوە، لە بەرامبەریشدا جگە لەو بڕیارەی وەزارەتی ناوبراوی عێراقی‌و چەندین بڕیاری تری لەوشێوەو بەشێک لە لێداوانەکانی سەرکردە سیاسییەکانی عێراق لەسەر پرسە هەنووکەییەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق، گوزارشتی بێ چەندو چوونی «بازدانە بەسەر بڕگەو مادە دەستوورییەکان».

تۆ بڵێی: ئەگەر کار بەوشێوەی ئێستا بڕوات، «بڕگە دەستوورییەکان» هەر رێوشوێنی یاسایی سەر کاغەزبن، نابن، یان سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان‌و شەقامی کوردی گومانی نییە لەو دەستکەوتە دەستووریانەی سێ ساڵە ئۆمێدمان لەسەر هەڵچنیوە!؟

# شەڕی چەک یاخود شەڕی چێک

**د. محەمەد ئەحمەد عەزیز**

٢-٢

ئــەوەی ئەمڕۆ لە بەغدا هەیە، رێککەوتننامەو هاوپەیمانیەکانی نێوان کوردو غەیرە کورد، دوو قۆڵی یا سێ قۆڵی‌و چوار قۆڵی دەبێت بە چاوێک‌و بیرێکی سەردەمیانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، کێشەکە ئەمە نییە:

«یەکێتی‌و پارتی رێککەوتنەکانیان لــەگــەڵ لایــەنــە عــێــراقــیــیــەکــان هەڵناوەشێننەوە»، یاخود «تا ئێستا کورد هاوپیمانێتی شیعەی لە سوننە پێ باشترە یا خراپترە».

بــەلای بــەنــدەوە گرفتەکە لەمە سەختترە ئایا کام شیعە؟ ئەوە حیزبی دعـوە ٣ باڵ بوو ئێستا بـووە بە ٤ باڵ، یا دەعوەی (ئیبراهیم جەعفەری) یاخود حیزبی دەعوەی (نوری مالیکی) یاخود شیعەی (ئیئتیلاف) کەوا دوێنێ بەرەیەکی فراوان بوون، بەڵام ئەمڕۆ حیزبی (فەزیلە)و (رەوتـی سـەدر)ی لێ جیابووەتەوە، ئەی باشە کامە سوننە عەشایەری ئەنبار، یاخود حیزبی ئیسلامی، یا کۆمەڵە (عولەمای موسلمین)، ئەمە ئـەوە دەگەیەنێت هاوکاریی لەگەڵ کوتلەو حیزبە عێراقییەکان ببچڕێت دووربکەوینەوە، بەڵکو دەبێت بیهێڵینەوەو بیپارێزین‌و پــەرەی پــێ بــدەیــن، بــەڵام بە خوێندنەوەیەک‌و بۆچوونێکی تازەو سەردەمیانە زۆر بەداخەوە ئێمەی کــورد هەنووکە لــە چــوارچــێــوەی تەسکی حیزبایەتیدا بیردەکەینەوەو نـەچـووینـەتـە گـۆڕەپـانـی کـاری راستەقینەی سیاسییەوە، کە ئەمەش قۆناغی پێش یاسایە، وەڵامی سوننەی هەمەجۆر، شیعەی فرەمەزهەبی حیزبی، لیبراڵ‌و دیموکراتیەت، شیوعی‌و چەپ‌و ئیسلامی توندڕەو.

پێویستە لەسەر کورد بە وریایی‌و بە چڕی ستراتیژێکی تازەو نوێ دابڕێژێت تا بتوانرێت وەڵامدەرەوەی پرسیارو بەرەنگارییەکان بێت کە لەمەودوا زۆربـەی جار دژوارو فرەلایەنن، سەرچاوەکان کەمن‌و پێداویستییەکان زۆرن، تەوافوق‌و هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنێک دەبێت دژ بە لایەنێکی تر.

مەرجە توانای پێویست لەئارادا بێت بۆ گواستنەوەی پەیوەندییەکان، لە سنوورێکی باوەڕپێکراوەوە رێککەوتنی ستراتیژی‌و توانای تەکتیک هەبێت کە بتوانرێت بەپێی پێویست هەڵسوکەوت بکات لەگەڵ رووداوەکانی ئەمڕۆ.

پێویستە ئەم توانا تەکتیکییە لە ناخ‌و دەروونی نوێنەرو دەسەڵاتدارانی کورددا لە بەغدا ئامادەبێت، توانای دەستپێشخەریيان هەبێت، تێگەیشتنی لە یاسا پەیوەندیدارەکانەوە هەبێت، دەبـێـت دەسەڵاتێکی نـانـاوەنـدی (لامـەرکـەزی) فرەلایـەن هەبێت تا فشارەکان بە تەنها نەخەنە سەر سەرکردایەتیی کورد لە کوردستاندا، خۆیان کـارە راستە پێویستەکان جێبەجێ بکەن.

ستراتیژی تازەی کورد پێوستە بریتی بێت لە دەستێوەردانی سیاسەتی حیزب لە پرۆسەی حوکم‌و ئیدارەو دادگاو پەروەردە، ئەمڕۆکە دەسەڵاتی کــوردی دەبێت قۆڵی هەڵماڵێت‌و وازبهێنێت لە هزری حیزبایەتی تەسک‌و تەنگ هەڵگری، پێوستی بەوەیە ئەوەی لەبیرچێتەوە عەقڵیەتی ستالین‌و بەعس پەیڕەوبکات، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک پسوڵەی حیزبی نەبێت‌و کبسولی حیزبی قوت نەدابێت، نابێت مووچەخۆر بێت‌و هەر نابێت جێگەی بکرێتەوە لە کولێژی پۆلیس یاخود سەربازیی، ئەم بیرە تەسکە چییە دەڵێت «پارتی ٦٢ ساڵە خەباتی هەیەو خەباتەکەشی بۆ خۆی کردووەو ئەوەی ئەندام نەبێت خزمەتی ناکات». ئەم بۆچوونە لەم دوو خاڵە بەدەر نییە:

١- سنووری کورد موڵکی حیزبە، خـێـرو بـەرەکـەتـەکـەشـی هــەر بۆ ئەندامانی بوو, حیزب سنوورەکەی حیزبایەتی بوو نەک نەتەوایەتی، ئەو هەموو شەهیدو کەسە بێلایەنانەی کە زۆربەیان ئەنفال بوون، سەدان هاوڵاتییانی بێلایەن لە سیاسەت‌و پـێـشـمـەرگـایـەتـی‌و دەربـــــەدەری بەشداربوون، هیچی ناخوات.

٢- هەروەک هزری حیزبی بەعس بڵاوی دەکـردەوە (المواطن الجيد هو البعثي الجيد)، بە مانا هاوڵاتی چاک بەعسی چاکن، جا چاک ئەوەیە حیزبی (پارتی، یەکێتی، ئیسلامی) بێت ئەگینا هاوڵاتییەکی چاک نابێت.

حکومەت‌و دەسەڵات‌و دامودەزگاو ئاووهەوا هەمووی سەر بە حیزبەو زەوی‌و ئاسمانیان بەشکردووە، چونکە دەتوانین بە راگەیاندنێکی گـرژی حیزبایەتی وێنەی شێواو شیوێنەواری حکومەت‌و پەرلەمان لە میدیاو دەزگاکانی ناوخۆی عێراق‌و دەرەوەی جیهاندا خۆمان بنوێنین.

هەر ئەم حزبایەتییە کاڵەو وشکە وایکردووە لە میللەت‌و خەڵک کەوا جگە لە دامودەزگا، کوردایەتیی خودی خـۆی بکات وەلــێ رەنـجـاوە، هەر ئەمەشە بەداخەوە هەر فرمانێکی ئەم حکومەتە خۆماڵییە بە باشی جێبەجێ نابێت یاخود دوای زەمەنێک کاڵ دەبێتەوە، یاخود چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریی لەکات‌و ساتی خۆیدا جێبەجێ کرابێت، بۆیە دەبینین دیوارێک بە ئەندازەی دیوارەکەی چین درێژو بەرز دروستبووە لەنێوان دەسەڵاتی کوردو خەڵکی کورد.

ئەگەرچی سیستمی حیزبی تەسک یەکەمین میکانزمی هەوارگەن لە پارەو میدیاو دەســەڵات‌و توانا، هەروەها ئەو دەوڵەتانەی کە لە دیکتاتۆریەت‌و ئۆتۆکراسیەوە دەگـوازرێـنـەوە بۆ دیموکراسی‌و لە مەرکەزییەوە بۆ لامــەرکــەزی‌و لــە ناکۆکییەوە بۆ چاکبوون، زۆربـــەی جـار توانای تەکنیکیان بەگوێرەی پێویست نییەو خـــاوەن پـابـەنـدی‌و سەقامگیریی بـوون‌و خواستی یاساییان نییە بۆ رووبـەڕووبـوونـەوەو لێپێچینەوەو دادگاییکردن.

ئەگەرچی سیستمی کوردستان لەم خاڵانەوە نزیکن، بەڵام پێویستە لە ستراتیژی تـازەیـانـدا پابەندی گواستنەوە بن، چونکە ئیتر رووی دەممان لەیەکتر ناکەین‌و لە ئاوێنە هەر سەیری خۆمان ناکەین، ئەمڕۆکە نە ئێمە هەموو شتێکین‌و ئەوان هیچن‌و نە ئەوانیش هەموو شتێکن‌و ئێمە هیچین.

بەسە (حــیــزب) هــەر خــۆی بە جوان‌و قۆزو زیرەک‌و ئازاو چاپک، زانا لە یاساو لە سیاسەت‌و ئابووری‌و سەناعەت‌و تیجارەت بزانێت, ئیتر ئەو ئاوێنەیەی هەمیشە تەنها تەماشا خۆی پێدەکات، با بیشکێنێت‌و وردی بکات، هەتا راچەڵکێت‌و بزانێت خەڵکی تر چۆن سەیری دەکەن، نرخ‌و پایەی چەندە لای غەیری کورد.

ژیانی دیموکراسی پێویستی هەیە بە تێگەیشتن لە شێوەی قبوڵکردنی (ئەوی تر)و رێز لە سەرەوەی یاسا بـگرێت‌و پێویستە ئـەم پرۆسەیە متمانەی جەماوەر بورژێنێتەوەو هەستکردن بە رۆڵەکانی گەل کە رێزو حورمەت لە هەموو ئەندامانی کۆمەڵ بگرێت‌و جیاوازیی نەبێت لەنێوان حیزبی‌و ناحیزبی بە بیانووی ئەندامبوونی یان ئەندام نەبوونی لە حیزبدا، لە راستیدا بەشداریی کەسانێک کە خاوەن تواناو زانستن، پێویستە لە دامودەزگاکانی حکومەتدا سوودیان لێ وەربگیرێت، یاخود پلاندانانی گونجاو هەبێت بۆ دیاریکردنی تواناکانیان‌و هاوسەنگییەکی

> **دیوارێک به ئەندازەی دیوارەکەی چین درێژو بەرز دروستبووە لەنێوان دەسەڵاتی کوردو خەڵکی کورد**

باشیش لەنێوانیاندا هەبێت بۆ دابەشکردنی رۆڵ‌و بەرپرسیارێتی لەنێوان کەسانی حیزبی‌و ناحیزبیدا، رەنگە پسپۆڕی بێلایەنیش پێویست بێت، بۆ نموونە ئەگەر پسپۆڕێکی لێهاتوو هەبێت بێلایەن‌و سوودبەخش بێت، ئیتر بۆ لەپێناو خزمەتی گەل‌و جەماوەردا سوودیان لێ وەرنەگیرێت، بـەلای بەندەوە پێویستە کـورد بۆ سەرکەوتن‌و پێشبردنی سیاسەتەکەی لە بـەغـدادا، پێویستی بە کەسانی زاناو لێهاتوو هەیە تا بتوانن بێنە ناو گۆڕەپانی ململانێی سیاسی‌و یاسایی، ئیتر کـارەکـان بـە بیرکردنەوەی بەرتەسکی حیزبایەتییەوە بەرەوپێش ناچن.

هەرچی سمێڵی سوورە هەمزە ئاغا نییە، کە دەبێت لە ستراتیژیەتی تازەی گەلی کورددا هەبێت کە پێویستە حیزبە کوردییەکان لەم تەوقە رزگاریان بێت کە هەر ئەوەی حەبی زەردو سەوز بخوات، ئیتر هەر ئەو ئەوە, ئەوەی تر ئەو نییە، بەپێچەوانەوە پێویستە ئەمڕۆ سەرکردایەتیی کورد باڵ‌و دڵی بەرەو گشت رۆڵەکانی کـورد بکاتەوە لە چەمک‌و رێکخستنی یاساو دەسەڵاتی دادپەروەریی یاخود دەوڵەتی یاسایی روون‌و رێـز لە شارەزایانی کورد بگرێت، باشتروایەو بەجێیە زۆرتر جەخت لەسەر ئەم لایەنە بکرێتەوەو پێویستە جەخت لەسەر بەدەستهێنانی پشتیوان‌و بەها دیموکراسییەکان بـکـرێـتـەوە، دەبـێـت هـەتـا زووە دەسەڵات‌و حیزبی کورد لەو گرانەتایە پڕ لە خراپەو کەم حیکمەتەو پەتای حیزبایەتیی تەسک‌و کاڵ‌و بێبەهایە رزگاریان بێت‌و بـەرەو راستگۆیی رێگە بگرێتەبەر.

ئـەمـەش بـێ حکومەتییەکەی حکومدارانی کوردە:

یەکەم:

– حـیـزب مـێـردەزمـە بەسەر حکومەتدا.

– حیزب‌و حکومەت مێردەزمەن بەسەر پەرلەمانەوە.

– دەزگای کۆمەڵایەتی مێردەزمەیە بەسەر دەزگای دادوەریدا.

دووەم:

– بــەلای کەمەوە سێ دەزگـای سەرەکی ئـەم حکومەتەی خۆمان ئیفلیج‌و ناساغە: (دادو دادوەری، زانست‌و زانکۆ، میدیاو راگەیاندنی حکومەت). هەڵبەتە گواستنەوەی هەر کۆمەڵگەیەک لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووتر، ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت، بــەڵام پێویستە هەنگاوی راستەقینەو کردەیی بنرێت بۆ زاڵبوون بەسەر گشت کۆسپەکاندا، ئەمەش بەپێی پرۆسەیەک پلانی بۆ دابڕێژرێت یاخود بەپێی نەخشەی رێگە هەڵسوکەوت بکرێت.

ئیتر هەموو ئومێدو ئاوات‌و خۆزگەم پێشئەوەی ماڵئاوایی لەم ژیانە بکەم‌و بـەرەو ئەو دونیایەی تر بـڕۆم، ئەم هەواڵەی خوارەوەم لەم کوردستانە ئـازادەم ببیستایە یا ببینایایە، ئیتر هیچم لەم دونیایە نەدەویست:

((بەهۆی گەندەڵی‌و خەمساردییەوە هەردوو وەزیری کارەباو بازرگانی لادەبـرێـن)، ئـەمـەش لـە وتەکەی سـەرۆکـی دەسـتـەی نـەزاهـە لە پەرلەمانی عێراق (سەباح ساعیدی) لـە کۆنگرەیەکی رۆژنـامـەوانـیـدا رایگەیاند: لیژنەی نەزاهە لە ئەنجامی پشکنین‌و هەڵسەنگاندنی رەوشی وەزارەتەکاندا بۆی دەرکەوتووە کە هەردوو وەزارەتی بازرگانی‌و کارەبا لە چونێتی خەرجکردنی بودجەکانیان‌و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پێویستدا، گەندەڵی‌و خەمساردیی زۆریان نواندووەو بە رێژەی کەمتر لە ١٠٪ ئـەو پـرۆژەو بەرنامانەی پێشکەشیان کـردبـوو، جێبەجێ کـردووە. ئەوەشی راگەیاند نزیکی (٢٠) سەعات کارەبایان نییەو رەوشی بازرگانی‌و دابینکردنی بەشە خۆراکی مانگانە لەوپەڕی خراپیدایە، هەروەها رایگەیاند: دەسەڵاتی نەزاهە بە فەرمی داوایەک ئاراستەی لیستی ئیئتیلافی شیعەکان دەکات بۆ ئەوەی هەردوو وەزیـــر، وەزیـــری کـــارەبـــا (کەریم وەحید)و وەزیـری بازرگانی (فەلاح سودانی)، بگۆڕێت‌و دوو کاندیدی دیکە بۆ شوێنگرتنەوەیان بخاتەڕوو)).

خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**

سەرنووسەر:
**عەدنان عوسمان**
adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
b.nusin@rozhnama.com

دەستــەی نووســەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣
**هیوا جەماڵ** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤

ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info@rozhnama.com–riklam@rozhnama.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی کشتیی پەروەردەی سلێمانی

**نووسینگەی هەولێر:**
شەقامی شەست مەتری– تەنیشت وەزارەتی پیشەسازی ٠٦٦٢٥٦٩٩٨٥

This is trial version
www.adultpdf.com

# دەبێت دەسەڵاتی کوردیش پیاوە ڕەشەکانی خۆی قبوڵ بکات

فەیسەڵ محەمەد



کەڵک وەرگرتن لە فەرهەنگو سیاسەتو کولتووری ئەوانی تر، بەشێکە لە خۆبونیادنانەوەو خۆدەوڵەمەندکردنو سوودوەرگرتن لە بیروڕاو جیهانبینی گەلان، ئەو ڕووداوو گۆڕانە گەورەیەی چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا لە ئەمریکا ڕوویداو بوو بە باسو خواسی میدیاکانی جیهان، نابێت هەروا سادەو ساکار بێ خوێندنەوەو شرۆڤەکاریی قووڵ بەسەر دەسەڵاتی کوردیو سیاسەتمەدارو سەرانی کورددا تێبپەڕێت.

سیاسەتو فەرهەنگو ئەدەبیاتی گەلان سیخناخە بە ئەزموونو ڕووداو گۆڕانکارییو کەوتنو هەستانەوەو شۆڕشو بەرخۆدان، هەربۆیە سیاسییەکانی کورد دەتوانن سوود لە ڕەوتی کارکردنو ئاراستە فیکرییو بەرنامە حیزبییەکانی کۆمەڵگەکانی تر ببینن، هەڵبژاردنو قبوڵکردنی پیاوێکی ڕەش لە کۆشکێکی سپیدا، گۆڕانێکی گەورەیە لە مێژووی ئەو کۆمەڵگەیەدا کە هەیکەلی دەسەڵاتو سیستمی بەڕێوەبردن بەر لە (٣٠) ساڵ لەو وڵاتەدا، جگە لە- سپی، ڕەنگێکی تری قبوڵ نەدەکرد، بەڵام هەنووکە ئەمریکییەکان کۆدێتا بەسەر بیرە کۆنەخوازو چەقبەستووەکانیاندا دەکەنو کرانەوەیەکی سیاسی گەورە ئەنجام دەدەن، لانگستۆن هیوز، شاعیرو ڕۆماننووسو درامانووسی ڕەش پێستی بەناوبانگی ئەمریکی- لە پەنجاکاندا لە شیعرێکیدا دەڵێت: من قولەڕەشم.. ڕەش وەک ڕەشی شەو، ڕەش وەک قووڵاییەکانی ئەفریقیا.. من بووم بە کۆیلە قەیسەر پێی وتم بەر دەرگەی ماڵەکەیان پاک بکەمەوە.. پێڵاوەکانی واشنتۆنم بۆیە کرد...، هەروەها دەڵێت: با ئەمریکا جارێکی تر ببێتەوە بە ئەمریکا، با خەونەکانی بێتەدی، با ئەمریکا پێشەنگی کاروان بێت، بە دوای نیشتمانێکدا بگەڕێ کە خۆت تیایدا سەربەست بیت، (ئەمریکا هەرگیز ئەمریکا نەبووە بۆ من)، با ئەمریکا ببێت بە خەونێک بۆ ئەوانەی خەو دەبینن....هتد.

دواجار خەونی ئەم شاعیرە ڕەش پێستە مرۆڤدۆستەو ملیۆنان هاوڵاتی تری ئەمریکی هاتەدیو وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورە لەو وڵاتەدا ڕوویداو ئێمەش دەبێت تێبگەین، ئەم ئەزموونە سیاسییە مەزنە پێمان دەڵێت: چیدی مرۆڤی سەردەمو کۆمەڵگە کراوەکان نایانەوێت جیاوازییەکان لەسەر بنەمای ڕەنگی جیاوازو دەنگی جیاوازو ڕەگەزو ئایینو ئاینزاو ئێتیکی جیاوازو نەتەوەی جیاواز پێوانە بکرێت، وەلێ لەم هەرێمە بەرتەسکو داخراوەی خۆماندا، پیاوە ڕەشەکانو مرۆڤە ڕەشەکان، وەک پێویست گوێیان لێنەگیراوەو هەمیشەش لە پەراوێزی ژیاندا بوون، لەم وتارەدا مەبەست لە (پیاوی ڕەش) یان (مرۆڤی ڕەش) ئەو مرۆڤانەن کە خاوەنی دەنگو ڕەنگو ڕەگەزو مۆراڵی جیاوازن، واتە پیاوی ڕەش لای دەسەڵات، هاوڵاتیو کۆمەڵگەیە.. پیاوی ڕەش لای ئیسلامییەکان، چەپو لیبراڵیو سیکۆلارو ناسیۆنالیستەکانو لای چەپو سیکۆلارەکانیش ئیسلامییەکانو لای پیاو ژنو لای ژنیش پیاوەکانو لای پارتە دەسەڵاتدارەکانیش، ئۆپۆزسیۆنو پارتە بچوکو نەیارەکانو ڕۆژنامە نووسە ڕەخنەگرو ڕۆشنبیرەکانی دەرەوەی حیزبو نووسەرە سەربەخۆو بێلایەنەکانن، لێرەوە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی واشنتۆن پێمان دەڵێت: دەبێت قووڵتر لە مەغزاو مانای جیاوازییەکان بگەینو ڕوونتر لێی بڕوانینو سنوورو مانای جیاوازی فراوان بکەین، نەک بەرتەسکی بکەینەوە تا ئاستی قبوڵنەکردنی جیاوازی، بەو مانایە دەکرێت جیاوازییەکانمان لەسەر بنەمای- جیاوازی ئینسان بێت بۆ ئینسان، نەک- جیاوازی ئینسان بێت بۆ شەیتان، واتە گەر وەک شەیتانێک لە جیاوازی بەرامبەر بڕوانین ئەوا جگە لە سەنگەرلێگرتنو ڕەفزکردنو پەراوێزخستنی شتێکی دی ناکەوێتە نێو مانای جیاوازییەکانەوە.

بۆیە دەسەڵاتی کوردی بە ڕێزگرتنو گوێگرتنو ڕێگەدان بەوانی ترو قبوڵکردنی دەنگو ڕەنگە جیاوازەکان، دنیایەکی جوانترو کۆمەڵگەیەکی کراوە تر دەخولقێنێت، چیدی دەسەڵاتی تاکڕەویو دنیا بینی یەکڕەهەندانەو یەک لایەنانە خزمەت بە دۆزی کوردو گەلەکەی ناکات، بۆ بەدیهێنانی گۆڕانو بۆ گەیشتن بە ئازادی پێویستمان بە کرانەوەیە بە ڕووی دنیاو کەڵکوەرگرتنە لە فەرهەنگو کولتووری گەلان... کولتوورێکی سیاسی کە لەسەر بنەمای مرۆڤسالاری دروست بووبێت، دوور لە هەر پاشگرێکی ڕەشو سپیو حیزبیو ناحیزبیو کۆنو تازەو ئایینیو نەتەوەییو مەزهەبی، بەتایبەتی ئێمە لە ڕۆژگارێکداین کە با هۆزی بە دیموکراتیزەکردنی ڕژێمەکان تەنگی بە دەسەڵاتی خێڵەکیو دیکتاتۆریو پاوانخوازی هەڵچنیوە.

Faysalmedia@yahoo.com


HOSHYAR CO.
General Contracting & Fuel Production Ltd.
شركة هو شيار

**کۆمپانیای هۆشیار ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی هەموو پرۆژەیەک لە بوارەکانی:**
**(پرد، ڕێگاوبان، باڵەخانە)**

**کڕین و فرۆشتن و گواستنەوەی سوتەمەنی**

**بەکرێدانی شۆفڵ و بلدۆزەرو حادلە و گەلابەو ......)**




www.hoshyarcompany.com
Sulaimaniyah: Malik Mahmud Str. Next Bennayee Gas Station
Tel: +964 (0) 53 318 3450 +964 (0) 770 152 1275 +964 (0) 770 154 8918

## لە یادی دروستبوونی شاری سلێمانیدا
## ناوەندی تەلاری خێزانی فێستیڤاڵێک سازدەکات

دووەم فێستیڤاڵیساڵیادی دروستبوونی شاری سلێمانی
١٧٨٤ - ٢٠٠٨

**هونەری فۆتۆ تەمەنی دروستبوونی شاری سلێمانی دەگێڕێتەوە.**

**لە چوارچێوەی ساڵیادی دروستبوونی شاری سلێمانیدا ناوەندی تەلاری سلێمانی بۆ ساڵی دووەمو لە ڕۆژی ١٤/١١دا لە یادی دروستبوونی شاری سلێمانیدا، پێشانگەیەکی فۆتۆگرافی بۆ فۆتۆگرافەرانی شاری سلێمانی دەکاتەوە، کە تایبەتە بە ژیان لە شاری سلێمانیدا لە بوارەکانی (پـۆرتـرێـت، بیناسازی، ژیانی ڕۆژانـــە، سروشت) تۆماریانکردووە لە ئێستاو ڕابردوودا، بۆ باشترین فۆتۆ خەڵاتی یەکەمو دووەمو سێیەم دابینکراوە. پێشانگەکە ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/١٤ لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی سەعات (٣) دەکرێتەوەو هاتن بۆ هەمووانە.**

**لە یـادی ســـالڕۆژی دروستبوونی شاری سلێمانیدا**
**ناوەندی تەلاری سلێمانی لە چوارچێوەی دووەمین فێستیڤاڵی دروستبوونی شاری سلێمانیدا بە هاوکاریی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان ماراسۆنێک بۆ کچانو کوڕان سازدەکات، کە تێیدا خەڵاتی تایبەت بۆ پێشبڕکێکە تەرخانکراوە، کە ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/١٤ سازدەکرێت، خەڵاتەکان بەمشێوەیەی لای خوارەوەیە بۆ کچانو کوڕان بەبێ جیاوازی**

**خەڵاتی یەکەم: یەک ملیۆن دینار**
**خەڵاتی دووەم: ٥٠٠ هەزار دینار**
**خەڵاتی سێیەم: ٣٥٠ هەزار دینار**
**خولاتی چوارەم: ٢٠٠ هەزار دینار**
**خەڵاتی پێنجەم: ١٥٠ هەزار دینار**

**تێبینی: هەرکەسێک دەیەوێت بەشداریی ئەو ماراسۆنە بکات لە کچانو کوڕان، ڕۆژی ٢٠٠٨/١١/١٤ سەعات ٩:٣٠ی سەرلەبەیانی لـەبـەردەم لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان ئامادەبێت.**

**بەشداریکردن لەم ماراسۆنەدا خۆشەویستییە بۆ شاری سلێمانیو وەفادارییە بۆ شارەکەت.**

**لیژنەی سەرپەرشتی فێستیڤاڵ**








This is trial version
www.adultpdf.com